رووداو
RÛDAW
ژمارە (429) دووشەممە 2016/10/24 - 2ی گەلاڕێزانی 2716 (750) دینار

## لە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە

# 70 کوردی ئێزدی رزگارکراون

**رووداو- دهۆک**

لەپاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە تاوەکو ئێستا 70 کوردی ئێزدی لە دەستی داعش رزگارکراون.

حوسێن کورو، بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی ژنانی ئێزدی بە (رووداو)ی راگەیاند "تەنیا لە 10 رۆژی رابردوودا و پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی مووسڵ نزیکەی 70 ژن و منداڵی ئێزدی رزگارکراون".

حوسێن چۆنیەتی رزگارکردنی ئەو کەسانەی ئاشکرا نەکرد، تەنیا گوتی "زانیاریمان هەیە داعش ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی رفاندوونی، پێش ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، بردوونی بۆ رەققە، بەڵام هێشتا ژمارەیەکیان لە مووسڵ ماون".

سەبارەت بە پلانی رزگارکردنی ئەوانەی لە چنگی داعشیشدا ماون، گوتی "پلانمان هەیە، بەڵام ئاشکرای ناکەین، پلانێکی باشمان داناوە بۆ چۆنیەتی گەڕان بەدوای بێ سەروشوێنان دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ".

حوسێن کورو لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەی تاوەکو ئێستا لەدەستی داعشدا ماون، گوتی "هێشتا زیاتر لە 3600 کوردی ئێزدی لەژێر دەستی داعشدا ماون و پەیوەندیمان لەگەڵ بەشێکیان هەیە".

4 »

## پارێزگارە بەوەکالەتەکەی سلێمانی دەچێتەوە ماڵەوە

2

وەزیری کشتوکاڵ بۆ (رووداو):

## ئێران پیلان و پلانی دژی کشتوکاڵی کوردستان هەیە

5

زاڵمای خەلیلزاد



## ئایا تورکیا و عێراق تووشی جەنگ دەبن؟

16

## (رووداو) تەواوی وردەکارییەکەی ئاشکرا دەکات

# داعش چۆن دزەی کردە نێو شاری کەرکووک؟

**بەرپرسێکی ئاسایش:**
هێشتا 37 چەکداری داعش لە نێو کەرکووکدا ماون

**بەرپرسێکی پۆلیس:**
چەکدارەکان تورکمانی عێراق و کوردی رۆژهەڵاتیان لەگەڵدابوو




3 »

# ئامادەکردنی "منداڵانی خەلافەت" بۆ مەرگ









10 »

ئابووری 8

### وەزارەتی کشتوکاڵ قەرز بۆ مانگا دەکات




ژنان 14

### باوکێک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکەی

کوردستانی 6

### ریباخۆرانی تورکیا کارسازانی کورد دەڕووتێننەوە




تاراوگە 11

### فینلاند چیدی نانی خۆڕایی نادات بە پەنابەر



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (429) - دووشەممە 2016/10/24



## حکومەت سن دەکڕێت

**ڕووداو- هەڵەبجە**

چەند هاووڵاتییەکی هەڵەبجە دەچنە چیاکان و سن کۆدەکەنەوە و هەر کیلۆیەکی بە 15 هەزار دینار بە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ دەفرۆشنەوە. ئەوان بۆ کۆکردنەوەی سنەکان ڕێگەیەکی سەخت دەبڕن، تاوەکو دەگەنە بەرزترین لوتکەی زنجیرە چیای شنروێ. لوقمان عەبدولعەزیز، دەرچووی پەیمانگا بە (ڕووداو)ی گوت "شارەزای ناوچەکەین و دەزانین کوێ سنی هەیە و کوێ نییەتی، لە پایزدا دێنە شوێنە بەرزەکان و لە بەهاریشدا دەچنەوە بۆ پێدەشتەکان بۆ خواردنی گەنم، جۆ و دانەوێڵە". حکومەتی هەرێمی کوردستان، 100 ملیۆن دیناری تەرخانکردووە بۆ کڕینی سن لە هاووڵاتیان.

# عێراق بازاڕی ڕەشی خواردنەوەی کحولی و ماددەی هۆشبەر گەرم دەکات

**نوێنەر فاتیح**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارانی کریستیان کە پێدەچێت خۆری پێکهاتەکەیان لە عێراق بەرەو ئاوابوون بێت، دژی ئەو یاسایە وەستاونەتەوە کە خواردنەوە و بازرگانیکردن بە خواردنەوە کحولییەکان قەدەغە دەکات. ئەوان دەڵێن پەنا بۆ دادگای دەستووری دەبەن، لە وڵاتێکدا کە بەهەنگاوی خێرا بەرەو مۆدێلی ئێرانی هەنگاو دەنێت.

ڕۆژی 2016/10/22 پەرلەمانی عێراق دەنگی بە پرۆژە یاسای داهاتی شارەوانییەکان دا، بەڵام بڕگەیەکی ئەم یاسایە بووە جێی مشتومڕ، ئەویش قەدەغەکردنی خواردنەوە و دروستکردن و بازرگانیکردنە بە خواردنەوە کحولییەکان. بەشێک لە پەرلەمانتاران دژی ئەو بڕگەیەی یاساکە بوون، بەڵام زۆرینەی پەرلەمان کە ئەحزابی مەزهەبی باڵیان بەسەردا کێشاوە، دەنگی بۆ دا، بۆیە لە ئێستا بەدواوە لەعێراق، دروستکردن و هاوردەکردن و فرۆشتنی خواردنەوەی کحولی بەپێی یاسا قەدەغەیە و سزای سەرپێچیکار لە 10 ملیۆن دینارەوە بۆ 25 ملیۆن دینارە.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق ئامادەکراوە. ئەوان پێیانوابوو کە یاسای ژمارە 130ی ساڵی 1963 کۆنە و لەگەڵ واقیعی ئێستا ناگونجێت و پێویستە یاسایەکی نوێ دەربچێ.

مەبەست لەم یاسایە زیادکردنی داهاتە بۆ شارەوانییەکان، سەرەتا بڕگەی قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولییەکانی تێدا نەبوو، بەڵام دواتر بۆی زیاد کرا. بەمەش زۆر کەس بە گومانن و پێیانوایە عێراق بەرە بەرە سیمای وڵاتانی وەکو ئێران و سعودیە دەگرێ کە زۆر شتی لەو بابەتەی تێدا قەدەغەکراوە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "یاسا کۆنەکە مەرقەس و باڕ و فرۆشتنی مەشرووبی تێدایە، بەڵام لیژنەی ئەوقاف گوتیان دەبێت ئەو شتانە قەدەغە بکرێ، بۆیە ئەو بڕگەیەی قەدەغەکردنی مەشرووبی بۆ زیاد کرا".

هەر لەوبارەوە ئەمین بەکر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت لایەنە شیعە ئیسلامییەکان پشتگیرییان لەو بڕگەیە کرد لە یاساکەدا و گوتیان دەبێ فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکان قەدەغە بکرێ.



مەسیحییەکان لە بڕیارەکەی پەڕلەمان عێراق نیگەرانن و پەنا بۆ دادگای فیدراڵی دەبەن

### کورد دەنگی بۆ یاساکە دا؟

یاساکە زۆرینەی سادەی بەدەستهێنا لە پەرلەماندا، ئەندامانی کوردیش بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، بەشێکیان دەنگیان بۆ یاساکە دا و بەشێکیشیان دژی بوون.

ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت وەک لایەنە ئیسلامییەکان لەگەڵ یاساکەدا بوون و دەنگیان بۆ داوە، لەناو فراکسیۆنەکانی دیکەش بۆچوونی جیاواز هەبوو.

لە یەکەم کاردانەوەدا، یونادم یوسف کەننە، ئەندامی کریستیانی پەرلەمانی عێراق، لەبەیاننامەیەکدا دژایەتی خۆی بۆ ئەو یاسایە دەربڕی و ڕایگەیاند: "یاساکە دژی دەستوورە". ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو پرسە بۆ دادگای فیدراڵی بەرز دەکاتەوە.

یونادم یوسف دەڵێت "ئەم بڕیارە وێنەیەکی نەرێنی دەبەخشێت بە عێراقێک کە دەبێت دیموکراسی بێت، ئەمە پێشێلکردنی ئازادییەکانی کۆمەڵگایە".

مەهدی حافز، کەسایەتی شیوعیی عێراقی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لەبارەی ئەو بڕیارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بڕیارە هەڵەیە و لەگەڵ بەرژەوەندییەکان نایەتەوە، چونکە عێراق خاوەنی پێکهاتەیەکی هەمەجۆرە و ناکرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ 1400 ساڵ لەمەوبەر".

### یاساکە دژی دەستوورە؟

لەبارەی دەستووریبوونی یاساکە، ئەمین بەکر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، لەڕووی یاساییەوە ناتوانرێت بگوترێت کە ئەو یاسایە دژی دەستووری عێراقە "چونکە دەستووری عێراق دەڵێت نابێت یاساکان لەدژی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بن".

ئەحمەدی حاجی ڕەشیدیش هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "یاساکە دژی دەستوور نییە، ناکرێت شتێک لەدەستووردا هاتبێت و نەکرێت". ئەو دەڵێت بە ڕەچاوکردنی بنەمای دیموکراسیش کە جەخت لە بڕیاری زۆرینە دەکاتەوە "زۆرینە لە پەرلەمان دژی یاساکە نەبوون".

بەڵام مەهدی حافز بۆچوونی جیاوازە و دەڵێت "ئەم یاسایە هەوڵ دەدات وێنایەکی ئایینیی دیاریکراو بە وڵات بدات، ئەمەش هەڵەیە، چونکە عێراق کۆمەڵگایەکی فرە ئایین و فرە نەتەوەیە".

نیگەرانییەکانی مەهدی حافز لەم یاسایە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو دەڵێت: "مەترسیی ئەوە دروست دەکات لە بازاڕی ڕەشدا مامەڵەی زیاتر بە خواردنەوە کحولییەکان بکرێت. ڕەنگە ڕێگەش خۆش بکات بۆ ئەوەی ماددەی هۆشبەر لەناو کۆمەڵگادا بڵاو ببێتەوە".

بەڵام ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت "بەمەنعی عارەق ماددەی هۆشبەر زیاد ناکات، چونکە ئێستا ماددەی هۆشبەر خۆی هەیە، ئەگەر حکومەت بیەوێت دەتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت".

کێشە هەرە گەورەکە لەم یاسایەدا ئەوەیە کە لەدەستووری عێراقیدا چەندین ماددەی لاستیکی هەن و هەر هێزێک هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ، دەتوانێ بۆ لای خۆی رابکێشێ. لەم یاسایەدا هەموو ئەو ماددە و بڕگانەی دەستوور پشتگوێ خراون کە باس لە ئازادییەکانی تاکەکەس دەکەن.


---

## پێنجشەممەی ڕابردوو کەلوپەلەکانی پێچاوەتەوە

# پارێزگارە بەوەکالەتەکەی سلێمانی دەچێتەوە ماڵەوە

**ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی (گۆڕان):**

### یاداشتێکمان داوەتە یەکێتی و داوای چارەسەری کێشەی پارێزگارمان لێکردوون



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەردار قادر، پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت، لە ڕۆژی 2016/10/20ەوە دەوامی نەکردووە. ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی هۆکارەکەی بۆ فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆ دەگەڕێننەوە. بزووتنەوەی گۆڕانیش بۆ چارەسەری پرسی پارێزگاری سلێمانی یاداشتێکی داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی و داوای چارەسەری ئەو کێشەیەی لێکردوون.

کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 17030 کە لە بەرواری 2016/10/20 واژۆی کردووە، پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی شوورا، فەرمانێکی دەرکرد و ڕایگەیاند: "پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی 2009 ، لەبەر ڕۆشنایی نووسراوی ئەنجوومەنی شوورای هەرێمی ژمارە 206/21 نهێنی لە 2016/10/16، دوو بڕیارمان دا.

یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی/ نووسینگەی تایبەت ژمارە 179 لە 2016/8/24 لە بەرواری دەرچوونی ئەم فەرمانە، لەبەرئەوەی پێچەوانەی یاسایە وەک لە دەقی دەربڕینی ڕای ئەنجوومەنی شووراد هاتووە.

دووەم: هەڵوەشاندنەوەی گشت فەرمان و نووسراوەکان کە بە ناوی پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت دەرچووە لە دوای بەرواری 2016/8/24.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارێزگای سلێمانی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ڕۆژی 2016/10/20ەوە سەردار قادر دەوامی نەکردووە و تەنانەت کەلوپەلەکانیشی پێچاوەتەوە، هۆکارەکەشی بۆ فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆ دەگەڕێتەوە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "د.ئاسۆ فەرەیدوونیش لە ڕۆژی 2016/10/1ەوە مۆڵەتەکەی تەواو بووە، ئەگەر ئەو نەگەڕێتەوە کەواتە ئێستا پارێزگای سلێمانی بێ پارێزگارە".

(ڕووداو) بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە سەردار قادرەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات.

بەڵام بارزان شێخ محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەردار قادر تەنیا دوێنێ 2016/10/23 دەوامی نەکردووە، هۆکارەکەشی بۆ فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆ دەگەڕێتەوە".

ئاڵوگۆڕی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە ڕۆژی 2016/8/25 لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کرا، دەبوو هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە پشکی گۆڕان پۆستی پارێزگار وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە مەرسوومی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

بارزان شێخ محەممەد گوتی "ئێمە لەم کاتەدا بارزانی بە سەرۆکی پارتی دەزانین، نەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئامادە نین دۆسیەکەی د.هەڤاڵ ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم بکەین. بەڵکو ڕۆژی 2016/10/23 بەمەبەستی چارەسەری ڕیشەیی ئەو گرفتە، یاداشتێکمان داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی".

سەبارەت بە چارەسەری ئەو دۆسیەیە لەلای یەکێتی، بارزان گوتی "ئێمە بەڕێککەوتنی سیاسی ئەو ئاڵوگۆڕەمان کردووە، یەکێتیش زانیویانە لەم حاڵەتەدا دۆسیەکەی د.هەڤاڵ نانێرینە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لەهەمانکاتدا یەکێتیش لایەنێکی گرنگی حکومەتە، داوامان لێکردوون چارەسەرێک بدۆزنەوە". بارزان شێخ محەممەد ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە ئێستا پارێزگای سلێمانی بێ پارێزگارە.

---

# بی ئێمە ڕەشەکە بۆ کەرکووکییەکان بووە فریادڕەس



**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو – کەرکووک**

ئەگەر "بی ئێمە ڕەشەکە" لە هەندێک شوێن و لە ڕابردوودا بووبێتە دێوەزمە بۆ خەڵک، ئەوا لەم ڕۆژانەدا لە کەرکووک بوو بە فریادڕەسی گیانی چەندین کەس کە بە گوللەی چەکدارانی داعش لە هێرشەکەی شەوی هەینیدا برینداربوون.

BMWـە ڕەشە گوللەنەبڕەکەی شارۆچکەی دووز، لەدوای هێرشەکەی داعش بۆ سەر کەرکووک و دوبز، بووە دەنگوباسی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. خەڵکی شۆفێرەکەیان بە "شێرەکەی کەرکووک و دوبز" ناودەبرد، چونکە ئەو ڕۆژەی داعش هاتە نێو کەرکووک، بەگوتەی خەڵکی ناوچەکە قارەمانییەکی زۆر گەورەی تۆمار کرد.

ئاکۆ عەبدولڕەحمان، ناسراو بە ئاکۆ دووزی کە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکەیە، باسی ئەو ڕۆژە بۆ (ڕووداو) دەکات کە چۆن خۆی و هاوڕێیەکی دیکەی توانیویانە ئەو کەسانە ڕزگار بکەن کە لە شەڕەکەی ڕۆژی هەینی 2016/10/21ی کەرکووک بریندار دەبوون.

ئاکۆ ئێستا خەریکە ناسناوی پێشووی لەبیر دەکرێ و لەنێو خەڵک بە ئاکۆی بی ئێمە ڕەشەکە ناو دەردەکات. ئەو دەڵێت "من ئەو ڕۆژە کە هەواڵی هاتنەناوەوەی چەکدارانی داعشم بۆ نێو شاری کەرکووک بیست، لە بەرەکانی شەڕ لە دەوام بووم، هاوڕێیەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و باسی ئەوەی کرد کە برینداڕێکی زۆر هەیە، کەسیش نییە بریندارەکان ڕزگار بکات".

دوای بیستنی ئەو هەواڵە، ئاکۆ یەکسەر دەگەڕێتەوە کەرکووک "لەنێو گەرمەی شەڕەکەدا بووم، برینداڕێکی زۆرم گواستەوە، هەرچەندە ئەوکات زۆر شڵەژا بووم، بەڵام ئەوەی لەبیرم بێت نزیکەی 80 بریندارم لە مەیدانی شەڕەکە دوورخستەوە و بردمن بۆ نەخۆشخانە".

ئاکۆ کە پێشمەرگەی لیوای 116یە، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "گوللەکانی داعش بە قەناس و کلاشینکۆف، بەرەو ئاراستەی من دەهاتن و هەندێکجار مەرگم بەچاوی خۆم دەدیت، بەڵام خەمخۆریم بۆ هێزی پێشمەرگە و ئەو شەڕەی بەرۆکی کەرکووکی گرتبوو، وای لێکردم لە نزیکی چەکدارەکانی داعشەوە بریندارەکان بخەمە نێو ئۆتۆمبێلەکە و بیانگوازمەوە بۆ نزیکترین نەخۆشخانە".

یەکێک لە هاوڕێکانی ئاکۆ باسی ئازایەتی ئەوی کرد و گوتی "ئاکۆ کەسێکی بەجەرگە و نازانم چۆن ئەو کارەی دەکرد، ئەستەم بوو هیچ کەسێک بتوانێت ئەوە بکات، کاتێک بریندارەکانی دەگواستەوە، گوللەی چەکدارانی داعش لە ئۆتۆمبێلەکەیان دەدا و هەڵدەبەزینەوە".

ئاکۆ زیاتر باسی ئەو ڕۆژەی کرد و گوتی "شوێنی 40 بۆ 50 گوللەی چەکدارانی داعش بە ئۆتۆمبێلەکەمەوەن، زۆر لە گوللەکانیش بەر جامی پێشەوە و دواوە و دەرگاکان کەوتوون".

چەکدارەکانی داعش هێرشەکانیان لە هەشت شوێنی جیاوازی کەرکووکدا ئەنجامدا و پێنج داوودەزگای ئەمنییان کردە ئامانج. لە ئەنجامی پێکدادانەکانیش، بەگوتەی عەمید خەتاب عومەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک "48 چەکداری داعش کوژران و چەند چەکدارێکی دیکەش بەدیل گیران".

تەنیا ڕۆژی هەینی 2016/10/21 لە شاری کەرکووکەوە 51 بریندار گەیێندرانە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی، یەکێک لە بریندارەکانیش بەهۆی سەختیی برینەکەی گیانی سپارد. ئاکۆ دەڵێت "ئەو ڕۆژە بەشێک لە بریندارەکان حاڵیان زۆر شڕ بوو، دەمگواستنەوە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە کەرکووک، پاشان بەشێک لە بریندارەکان بۆ هەولێر و سلێمانی گواسترانەوە".

ئاکۆ باسی یەکێک لە چەکدارەکانی داعش دەکات کاتێک بینیویەتی بریندارەکانی گواستووەتەوە و دەڵێت "ئەو داعشە لە دوورەوە دەستی بۆ ڕادەوەشاندم، دواتر کە نزیکی یەکێک لە بریندارەکان بوومەوە تەقەی لێکردم، بەڵام لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلەکەم گوللەنەبڕ بوو، بریندارەکەم دەرباز کرد و دوورکەوتینەوە".

ئاکۆ سوپاسی هاوڕێکەی بەناوی (عەباس) دەکات کە زۆر بوێرانە ئەو ڕۆژە لەگەڵی بووە و لەکاتی گواستنەوەی بریندارەکاندا هاوکاریی کردووە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە کەرکووک و دوزخورماتوو باس باسی ئاکۆ بوو، یەکێک لە هاووڵاتیانی کەرکووک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی "ئاکۆ دوزی نەبەردە و لە شەڕی کەرکووک بە ئۆتۆمۆبێلەکەی چەندین گەنجی بریندارى کەرکووکی گواستەوە بۆ نەخۆشخانە و چەندین فیشەکیش بەر ئۆتۆمبیلەکەی کەوتوون، بەڕاستی کەرکووک نموونەی زۆر جوان و گەورەتری پیشاندایین، بەڵام دەبێت ڕێز لە ئاکۆ بگیرێت، چونکە بەڕاستی خاوەن هەڵوێستە".

**خاوەنی (BMW)ـەکە:**

### زیاتر لە 50 گوللەی داعش بەر ئۆتۆمبێلەکەم کەوتووە

### نزیکەی 80 بریندارم گەیاندە نەخۆشخانە

## حیزبی شیوعی کۆنگرە دەبەستێت

**ڕووداو- هەولێر**

هەندرێن ئەحمەد، گوتەبێژی کۆنگرەی شەشــەمی حیزبی شــیوعی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/10/27 لە ئوتێل کانیون لە شاری هەولێر کۆنگرە دەبەستن و کۆنگرەکەش سێ ڕۆژش دەخایەنێت. هەندرێن گوتی "بە ئەندام و میوانەکان نزیکەی 200 کەس دەبن، میوانەکان هەر سێ ڕۆژ ئامادە دەبن و کەسانی نیشتمانی و تێکۆشەری دێرینن، بەڵام مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان نییە". سەبارەت بە خۆکاندیدکردنەوەی کەمال شاکر، سکرتێری ئێستای حیزبی شیوعی. هەندرێن گوتی "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەتوانێ خۆی بپاڵێوێتەوە، بەڵام ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کەسێکی دیکە هەڵبژێردرێ".

### بە GPS ڕێگاکانیان دۆزیبووەوە

# چەکدارەکانی داعش بۆ گەیشتنە ناو کەرکووک 170 کیلۆمەتریان بڕی

**سیروان عەباس و هیوا حسامەدین**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرســێکی ئەمنیی شــاری کەرکووک زانیاریی تازە لەبارەی ئەو چەکدارانەی شەوی هەینیی ڕابردوو دزەیان کردە نێو کەرکووک، ئاشکرا دەکات و دەڵێت ماوەی 170 کیلۆمەتریان بڕیوە تاوەکو گەیشتوونەتە نێــو کەرکــووک، ڕێگاکانیشــیان بە جــی پی ئێس دۆزیوەتەوە. هەروەها دەڵێت پلانیان وا بوو تاوەکو کاژێر نۆی سەرلەبەیانی ئەو شوێنانە کۆنترۆڵ بکەن کە دەستنیشانیان کردبوو.

کاژێــر 3:30 خولەکــی بەرەبەیانــی هەینــی 2016/10/21 ، لــە قــەزای دوبــز و لە نێو شــاری کەرکووک و چەند گوندێکی ئەو سنوورە، چەکدارانی داعــش هێرشــیان کــردە ســەر چەنــد شــوێنێک. بەرپرســێکی ئەمنیی پارێزگاکەش ئاشکرای دەکات کە ئەو چەکدارانە بە پلانێکی تۆکمە هێرشــەکەیان ئەنجامــداوە و دەیــان کەســیش لەنێــو شــاری کەرکووکەوە هاوکارییان کردوون.

### 170 کیلۆمەتریان بڕیوە

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانــی کەرکــووک بــە (ڕووداو)ی گوت، ئەو چەکدارانە کە بەشــێوەی مەفــرەزە دابەش ببوون، زیاتــر لە 170 کیلۆمەتریان بــە ئۆتۆمبێل و بە پێ بڕیــوە تاوەکو خۆیــان گەیاندووەتــە کەرکووک. بۆ دزەکردنە نێو ســنووری پێشمەرگەش، سوودیان لە ڕێڕەوی ژێرزەمینیی پرۆژەی ئاو وەرگرتووە.

عەمید ســەرحەد لەبارەی ژمارەی ئەو چەکدارانە گوتــی "ژمارەیــان نزیکەی 100 کەس بــووە. دوای ئامــادەکاری و ئەنجامدانی مەشــق، لە مووســڵەوە بەرەو کەرکووک هاتوون".

### بە جی پی ئێس ڕێگایان دۆزیوەتەوە

عەمید ســەرحەد قــادر، زانیاریی زۆرتر ئاشــکرا دەکات و دەڵێــت "ئــەو چەکدارانــە لە مووســڵەوە چوونەتە شەرگات، دواتر بە سوودوەرگرتن لە ئامێری GPS ڕێگاکانیان دۆزیوەتەوە. لەســەر نەخشــەش سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگەیان بە "زەویی کوفر" دیاری کردووە.

بە گوتەی عەمید ســەرحەد، ئــەو چەکدارانە بە گوندەکانی عەبارات، ساڵح یوسف، جەفائیف، وادی حەیات، مەلیک حەســەن، ڕەجع ســەدر و ڕەحماندا ڕۆیشتوون، لەوێشەوە بەرەو ناحیەی عەباسی سەر بە قەزای حەویجە چوون، بە گوندی ڕوبێزەدا چوونەتە ناحیەی ڕیاز، دواتر بە گوندەکانی حەسەن خەڵەف، ســەبعە نیســان و عەزیزییەدا بە سوود وەرگرتن لە ڕێڕەوی ژێرزەمینیی پرۆژەی ئاوی گوندەکە، چوونەتە نزیک گوندی بەشیر، سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگە.

ســەرحەد قــادر هەندێــک لــە بەڵگەنامــەی ئــەو چەکدارانــەی دەســت کەوتــووە و دەڵێــت "بەگوێــرەی ئەو زانیاریانەی لــە ئایپاد و مۆبایلی چەکدارە کوژراوەکانەوە دەســتمان کەوتوون، ئەو چەکدارانــە لــە 18 تاوەکــو 20ی ئــەم مانگە لە حەویجــە ماونەتەوە، دواتر بــوون بە دوو گرووپ، لە فرۆکەخانەی کۆنی ڕەشاد یەکیان گرتووەتەوە، بەشێکیان بەرەو قەزای دوبز چوون بۆ ئەوەی بچنە قەرەتەپە و لەوێشەوە بچنە گوندەکانی قوشقایە و قوتان. بەشەکەی دیکەشیان کە زۆرینەیان بوون، بە هاوکاریی شانە نووستووەکانیان لە کەرکووک، لە گوندی توێلعەوە چوونەتە گەڕەکی دۆمیز لەنێو شار".

### چۆن دەرباز بوون؟

ئێســتا پرسیاری ئەوە دەکرێ کە ئەو چەکدارانە چۆن سەنگەرەکانی حەشدی شەعبی و پێشمەرگەیان بڕیوە وگەیشتوونەتە نێو شاری کەرکووک؟ سیناریۆی جیــاواز لە ئارادایە و ئەمە کراوەتە دەرفەتێکیش بۆ یەکدی تۆمەتبارکردن و لەمەشــدا هەوڵێک هەیە بۆ شــاردنەوە و داپۆشــینی ئــەو کەمتەرخەمییەی کە ڕوویــداوە، بەتایبەتیش کــە ئەمە جاری یەکەم نییە و نزیکــەی مانگێک لەمەوبــەر، مەفرەزەکانی داعش گەیشــتنە قوڵایی خاکی کوردستان لەنزیک ناحیەی سەنگاو. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەی لایەنە ئەمنییەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە ئەو چەکدارانە لە ڕێگای نێوان بەشیر و داقووقەوە درباز بوون.

هەڵــۆ نەجــات، بەڕێوەبــەری ئاسایشــی پارتی لــە کەرکووک بــە (ڕووداو)ی گوت "ئــەو چەکدارانە بۆشاییەکی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبییان لە نێوان گوندەکانی بەشــیر و عوزێرییە بە دەرفەت زانیوە بــۆ دزەکردن، ئەو مەســافەیە نزیکەی چوار کیلۆمەتر دەبێت".

هەڵۆ نەجات دەڵێ ئەوان دەمێکە هەســتیان بەو بۆشــاییە کردووە، پێشــتریش هۆشدارییان داوە لە مەترســیی ئەو بۆشاییە، بەڵام تاوەکو ڕووداوەکەی ڕۆژی هەینی ڕووینەدا، ئەو بۆشاییە پڕنەکرایەوە.

ئــەو چەکدارانــە ســەرەتا هاتبوونــە گەڕەکــی دۆمیــز لە باشــووری کەرکووک، شــایەتحاڵێک بە (ڕووداو)ی گــوت "ژمارەیــەک چەکــداری داعــش بەرەبەیان هاتنە نێــو مزگەوتێکی گەڕەکی دۆمیز، قوفڵــی دەرگای مزگەوتەکەیان شــکاند، پێدەچوو لەوێ پلانی هێرشــکردنیان دانابــێ، لەگەڵ بانگی بەیانیدا بڵاوبوونەوە و دەســتیان بە جێبەجێکردنی پلانەکەیان کرد".

### پلانیان چی بووە؟

داعش هەر زوو چووە نێو گەڕەکەکانی 55 و عروبە و دۆمیــز و ڕێگای کۆرنیــش و ئاڵایان بەرزکردەوە و بانگەوازیان دەکرد، بەشــێکی دیکەشــیان هێرشیان کردە سەر بنکەی ئاسایشی دۆمیزی پارتی، تەلاری پارێــزگا و بەڕێوەبەرایەتی کۆنــی پۆلیس و هوتێل جیهاد و سنۆبەر.

عەمید ســەرحەد قادر، پلانی ئــەو چەکدارانەی داعــش ئاشــکرا دەکات و دەڵێــت "ئــەو چەکدارانە ئەحداســیاتی نێو کەرکووک و سنوورەکەیان لابووە، بەگوێــرەی ئەو بەڵگەنامەیەی دەســتمان کەوتووە، کەتیبەیەکیــان بــە نــاوی عومەری کــوڕی خەتاب، تایبــەت بووە بە دەستنیشــانکردنی مــەوداکان بۆ تۆپبارانکــردن. پلانەکانیان چەنــد قۆناغێک بووە، سەرەتا تاوەکو کاژێر نۆی بەرەبەیان کۆنترۆڵکردنی گەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکووک و دواتریش چەند باڵەخانەیەکی ئەمنی و حکومی".

بەڕێوەبەری پۆلیســی قــەزا و ناحیەکان دەڵێت "ئەو گرووپانەی چەکدارەکان بەسەریدا دابەشکرابوون نزیکەی 5 گرووپ بوون. هەریەکەیان 15-20 چەکدار بووە، ئەرکی هەر گرووپێک دیاریکراو بووە، لەنێویاندا گرووپێکیــش تایبــەت کرابوو بە شــکاندنی قوفڵی زیندانەکان و ڕزگارکردنی بەندکراوەکانیان".

### ناسنامەی چەکدارەکان

ســەبارەت بــە ناســنامەی چەکــدارەکان، لیــوا هەڵــۆ نەجــات دەڵێت "ســەرجەمیان پــرچ و ڕیش درێژبوون و هیچ ناســنامەیەکیان پێ نەبووە". بەڵام عەمیــد ســەرحەد قادر دەڵێــت "بەگوێــرەی چەند بەڵگەنامەیەکــی نێــو مۆبایلی چەکــدارەکان، لەنێو چەکدارەکانــدا کەســانی تورکمانی عێــراق، کوردی ڕۆژهەڵات، چیچانــی و ئازەربایجانی هەبوون، دەیان کەسیش بە تۆمەتی هاوکاریکردنیان دەستگیرکراون".

بەگوێــرەی دواییــن ئامارەکان کــە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانــەوە دراوەتــە (ڕووداو)، لــەو شــەڕەدا جگــە لە کوژرانــی زیاتر لــە 70 چەکــداری داعش و دەســتگیرکردنی دەیــان کەســیان لــە شــانە نووســتووەکان، زیاتر لە 40 پێشــمەرگە، پۆلیس، ئاسایش و پێشــمەرگەی خۆبەخش شەهید بوون و 100ی دیکەش بریندارن.

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک دەڵێت "کەرکوکییــەکان بەبــێ گوێدانــە ڕەنــگ و حیزب ڕووبەڕووی داعش وەستانەوە، بەڵام ئەو کارمەندانەی کە عەرەبن و لەنێو هێزە ئەمنییەکانی کەرکووکدان، کەمترین ئامادەییان هەبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا".

### سەرپەرشتیاری پلانەکە دەستگیرکراوە

بەپێــی ڕاگەیەنراوێکــی ئەنجوومەنی ئاسایشــی هەرێمی کوردستان کە ئێوارەی ڕۆژی 2016/10/23 بڵاوکراوەتەوە، لە شــەڕەکەی کەرکووکدا، ژمارەیەک لــەو چەکدارانــەی دزەیان کردووەتــە نێو کەرکووک دەستگیرکراون.

ئەوانیــش: ئەکرەم تەها عیــدان ئەحمەد دلێمی (ئەبو مستەفا)، ئەمیری ئەمنیی کەرتی کەرکووکی داعش. عەبدولڕەحمان فازڵ عەبدولڕەحمان ئەلعزی (ئەبــو محەممــەد)، بەرپرســی ئیــداری و مالیــی داعــش لەنــاو کەرکــووک. عەبدولعەزیــز مەحمــود عیــدان ئەلدلێمی (عەززاوی). عەبدولڕەحیم ئەحمەد عەبدوڵڵا یاســین (ئەبو عەلــی)، هاوکاریی ئیداریی تیرۆریستان بەر لە هاتنیان بۆ ناو شار. لەیس فەلاح نیعمــە ئەحمەد جبووری (ئەبو غەســان) ئەندام لە کەتیبەی ئینغماســی. عەبدولڕەحمــان فازڵ عەباس محەممەد ئەلعوبێدی (ئەبو یەحیا) خۆکوژەکانی بۆ دبس گواستووەتەوە. عەلی حوسێن حەمەد ئیبراهیم جبووری (ئەبو محەممەد) گواســتنەوە و داڵدەدانی تیرۆریستان. موهەنەد ئیبراهیم عەلی دلێمی (ئەبوو لەیس) تیرۆرستەکانی بە قەلاب گواستووەتەوە نزیک کەرکووک.

لــە ڕاگەیەنراوەکــەی ئەنجوومەنــی ئاسایشــدا هاتووە "بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە سەرپەرشــت و پلاندانەری ئەم کردەوە تیرۆریستیە کەســێکە بە ناوی (مازن نەزهان ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەلعوبێدی ئەلریاشی) کە ناسراوە بە (ئەبو ئیسلام ئەلئەنساری)، ناوبراو بە برینداری لە گەڕەکی یەکی حوزەیــران لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەســتگیرکراوە و دراوەتە دەست لایەنە ئەمنییەکانی کەرکووک".

### "هێشتا لە نێو کەرکووک ماون"

هەموو هێزە ئەمنییەکان کۆکن لەســەر ئەوەی نزیکــەی 100 چەکداری داعــش دزەیان کردووەتە نێو شــاری کەرکــووک، بــەڵام بــەو چەکدارانەی کوژراون و ئەوانەشــی دەســتگیرکراون، ژمارەیان ناگاتە 100 کەس.

عەمیــد چەتــۆ فــازڵ، بەڕێوەبــەری بەشــی لێکۆڵینــەوەی ئاسایشــی پارتی لــە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گــوت، هێشــتا نزیکــەی 37 چەکداری دیکــەی داعش لە کەرکووکدا مــاون و هێزەکانمان بەدوایاندا دەگەڕێن".

عەمیــد چەتۆ کە هێزەکەیان 11 شــەهید و 23 برینداری هەیە، باس لە ئامانجی هێرشەکەی داعش بۆ سەر کەرکووک دەکات و دەڵێت "داعش دەیویست کەرکووک بکاتە بەدیلی مووسڵ و کۆنترۆڵی بکات، ئێمــە لــە ڕێگای ئــەو نووســراوانەی لــە گیرفانی چەکدارەکانــدا بووە، گەیشــتینە ئــەو زانیاریانەی بەرنامەی جدییان بۆ کەرکووک هەبووە". گوتیشی "پلانەکەی داعشــیش هێندە بەهێز بوو، چەکداری گەیشتبووە ناوچەی شۆراو".

لیوا هەڵکەوت عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئاسایشی یەکێتــی لــە کەرکــووک قســەی بەرپرســەکەی ئاسایشــی پارتی پشتڕاســت دەکاتــەوە و دەڵێت "ئەو چەکدارانەی هێرشــیان کردە سەر کەرکووک، هەموویان نەکوژراون، هێشــتا چەند کەسێکیان لە نێــو کەرکووک خۆیان حەشــارداوە، بــە هاوکاریی هەندێــک خێزانی عەرەب ناوە ناوە لە شــوێنێکەوە سەردەردەهێنن".



### چەکدارەکان تورکمانی عێراق و کوردی ڕۆژهەڵات و چیچانی و ئەفغانییان تێدا بووە

### پلانیان هەبوو تاوەکو کاژێر 9:00ی بەیانی شوێنەکان کۆنترۆڵ بکەن

### بەرپرسێکی ئاسایش: هێشتا 37 چەکداری داعش لە کەرکووک ماون

### بەرپرسێکی حەشدی شەعبی: کاتی کشانەوەمان لە کەرکووک دیار نییە

### حەشدی شەعبی لە کەرکووک

ئەو ڕۆژە چەندیــن هێزی جۆراوجۆر بۆ وەدەرنانی چەکدارانی داعش ڕژانە نێو شــاری کەرکووکەوە، بەڵام ئەوەی ترسی لەلای کەرکووکییەکان دروست کردووە، هاتنی هێزی حەشدی شەعبیە بۆ نێو شارەکە.

عەمید چەتۆ فازڵ، بەڕێوەبەری بەشــی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی پارتی گوتی: «ئێمە پێویستمان بە حەشــدی شــەعبی نەبوو، بەڵام هەندێک بەرپرس ڕێگەیان بۆ حەشدی شــەعبی کردەوە، پێمانوایە ڕێککەوتنێکی سیاسی کراوە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە و باجی ئەو کارەش گەورەتر دەبێت».

عیســام حوسێنی، فەرماندەی فەوجی بەشیری سەر بە حەشدی شەعبی بە (ڕووداو)ی گــوت «ڕێککەوتنەکــە تەنیا بۆ ئەوە بوو بــە لایەنە ئەمنییەکان بڵێیــن ئەو هێزەی لە باشــووری کەرکووکەوە دێتە نێو شــارەکە ئێمەین و خەڵکی غەریب نین». ســەبارەت بەکاتی گەڕانەوەشــیان، گوتی «ڕێککەوتنەکە بۆ کاتــی مانەوە نەکراوە. کاتی هاتنمان دیار بوو، بەڵام کاتی گەڕانەوەمان دیار نییە».

## بەشێک لەو چەکدارە داعشانەی بەشداریان لە پەلامارەکەی سەر شاری کەرکووکدا کردبوو



چەکدارانی داعش لەسەر GPS خاکی کوردستانیان بە (آرض کفر) دەستنیشانکردووە











## ئەنجوومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە تاووتوێی ڕەشنووسی ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕۆژی سێشەممە 2016/10/25 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و تاوتوێی "قەیرانی دارایی، داهات و خەرجی حکومەت و ڕەوشی شەڕی داعش دەکرێت" ڕووداو زانیویەتی لە کارنامەی کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بە خستنەڕووی ڕاپۆرتێک لە لایەن ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان کراوە لەبارەی دوایین گۆڕانکاری لە داهات و خەرجی حکومەت و پرۆسەکانی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گاز. هەر لە کۆبوونەوەکەدا ڕەشنووسی ستراتیژییەتی پێنج ساڵی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان تاوتوێ دەکرێ.

## بەرپرسانی ئاسایش ڕەتیدەکەنەوە

### پەرلەمانتارێکی عێراق:

# "سێ تاوانباری داعش لە هەولێر و دهۆک نیشتەجێن"



عەبدولڕەحیم شەممەری، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی نیشتمانی

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "تۆمەتبارانی کومەڵکوژیی گوندی کۆچۆ لە هەرێمی کوردستان بە ئازادانە دەژین". بەڵام بەرپرسانی ئاسایش لە هەردوو پارێزگاکە، ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە.

عەبدولڕەحیم شەممەری، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی نیشتمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەیەک تاوانباری کۆمەڵکوژیی گوندی کۆچۆ لە هەولێر و دهۆک بە ئازادانە دەژین و لەلایەن ئاسایشەوە ئیقامەیان بۆ کراوە، بەڵام کەسێکی وەکو من کە هێزی سەربازیمان لە مووسڵ هەیە و شەڕی داعش دەکەم، ناتوانم بە ئازادی بێمە هەولێر".

عەبدولڕەحیم شەممەری، ناسنامەی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە باسیان دەکات و گوتی "کەسێک بە ناوی (س.ت) کە هاوکاریی داعشی کرد بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و ڕۆڵی هەبووە لە بە کەنیزەکردنی کچ و ژنانی کوردی ئێزدی لەلایەن داعشەوە، بەوپەڕی ئازادییەوە لە دهۆک دانیشتووە".

شەممەری باس لە دوو کەسی دیکەش دەکات کە بە گوتەی ئەو دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ بووە. ئەو دەڵێت "کەسێکی دیکە بە ناوی (ع.س) کە دەستی لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبوو، پێشتر لە بەعاج دەژیا. ئێستا ئەویش لە هەولێرە. هەروەها کەسێکی دیکە بەناوی (غ.ع) بە ئاشکرا دەڵێ ئێمە داعشین و داعش لە ئێمەیە، ئەویش هەر لە هەولێر دەژی".

شەممەری کە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤە لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ "گەلی کورد و پێشمەرگەی پاڵەوان خوێن و شەهید دەبەخشن کەچی ئەو داعشانە بە ئازادانە لە هەولێر دەژین، ڕێزم بۆ ئاسایش هەیە، ئەوان گوێڕایەڵی فەرمانی سەرووی خۆیانن، بەڵام سەرکردایەتیی کورد ڕێگای بەوانە داوە لە هەولێر بژین، لەکاتێکدا زۆربەی ئێزدییەکانی نیشتەجێی کەمپەکان و کەسایەتیی ئێزدی ئەو تاوانبارانە باش دەناسن".

### ئاسایشی هەولێر: ئەو کەسە لە تورکیایە نەک لە هەولێر

د.تارق نووری، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەر کەسێک دوور و نزیک، پەیوەندی لەگەڵ داعش و هەر گرووپێکی تیرۆرستی هەبێت دەستگیری دەکەین و چاوپۆشی لە هیچ کەسێک ناکرێت".

سەبارەت بە نیشتەجێبوونی (ع.س) لە هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر گوتی "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەو کەسە لە هەولێر نییە، بەڵکو لە تورکیایە، بەڵام ئێمە لەسەر بنەمای زانیاری و سکاڵا خەڵک دەستگیر دەکەین".

### لە پەرلەمانی عێراق باسکراوە

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری عێراقی لە فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بابەتە لە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق باس کراوە، بەڵام پێویستە پرسیار لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراقی بکرێت، چونکە چەندین ناو هاتووە کە گوایە چەند تۆمەتبارێک هاوکاریی داعشیان کردووە، لە کوشتنی کوردانی ئێزدی و ئێستاش لە هەرێمی کوردستان دەژین".

ئەشواق جاف گوتی "لە کۆبوونەوەی لیژنەی مافی مرۆڤ زانیاری جۆراوجۆر لەسەر چارەنووس و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانە باسی لێوە کرا، بەڵام لە کۆنگرەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دوای داعش، بڕیار دراوە لیژنەیەک لە سەرجەم پێکهاتەکانی مووسڵ بۆ دادگایی تۆمەتبارانی داعش پێکبهێنرێ کە سەرۆکی لیژنەکە کوردێکی ئێزدی بێت یان کەسێکی مەسیحی. ئەو لیژنەیە هەموو ئەو تۆمەتبارانە دەداتە دادگا کە داعش بوون، یان هاوکاریی داعشیان کردووە".

### ئاسایش دهۆک: هەموو تیرۆرستێک لە لای ئێمە داواکراوە

سەبارەت بەو کەسەی شەممەری باسی دەکات کە گوایە دەستی لە کۆمەڵکوژیی گوندی کۆچۆدا هەبووە و ئێستا لە دهۆک دادەنیشێ، بژار کورەمارکی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەموو تیرۆریستێک لە لای ئێمە داواکراوە، سیاسەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕوونە، هەر تیرۆرستێک لە هەر شوێنێکی جیهان دەستمان بیگاتێ دەستگیری دەکەین و ڕادەستی دادگا و عەدالەتی دەکەین".

بژار کورەمارکی زانیارییەکانی ئەو پەرلەمانتارەی ڕەتکردەوە و گوتی "کەسێک تیرۆریست بێت و هاوکاریی داعشی کردبێت، بەشداری کارەساتی شنگالی کردبێت، بە تایبەتی تاوانی بەرامبەر خوشک و برایانی کوردی ئێزدی ئەنجامدابێت، چۆن قبوڵ دەکەین لە دهۆک دابنیشێ و بە ئازادانە بسووڕێتەوە؟".

### "کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە"

هەر لەوبارەوە خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زۆر جار پەیوەندیمان پێوە دەکرێ و باسی ئەو تۆمەتبارانە دەکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە. بەبێ بوونی بەڵگەش ناتوانرێت کەس دەستگیر بکرێت، جگە لەوەش داعش بە کۆمەڵ تاوانی بەرامبەر ئێزدییەکان کردووە و قوربانییەکانیش هەر بە کۆمەڵ بوون، بۆیە ئەستەمە تۆ بڵێی فلان کەس کوڕی منی کوشتووە، یان فلان کەس کچی منی بردووە".

سەبارەت بەو ناوانەی کە گوایە تۆمەتبارن بە کۆمەڵکوژیی کوردی ئێزدی و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، خەیری بۆزانی گوتی "زۆر ناومان لەلایە و بەس ئەو سێ کەسە نین، هەر وەکو پێشتر گوتم هیچ ئێزدی و پارێزەر و ڕێکخراوێک زانیاری وردی لەسەر ئەو کەسانە نەداوە و سکاڵاشی تۆمار نەکردووە، تاوەکو دەزگا ئەمنییەکان دەستگیریان بکەن".

> **بەرپرسی ئاسایشی هەولێر:**
> **ئەوەی ئەو پەرلەمانتارە باسی دەکات لە تورکیایە، نەک هەولێر**

> **ئەشواق جاف: لە پەرلەمانی عێراق باسی ئەو کەسانە کراوە**

> **سەرۆکی ئەو لیژنەیەی تۆمەتبارانی داعش دەداتە دادگا ئێزدی یان مەسیحی دەبێ**

### داعش %80ی دانیشتووانی کۆچۆی کوشتووە

ڕۆژی 3/8/2014 داعش هێرشی کردە سەر شنگال، بەو هۆیەشەوە نزیکەی 400 هەزار کوردی ئێزدی ئاوارەبوون، زیاتر لە 5 هەزار کچ و ژنی کوردی ئێزدی کەوتنە دەستی داعش. یەکێک لەو گوندانە کە داعش زۆرترین تاوانی تێدا ئەنجامدا گوندی کۆچۆ بوو کە دەکەوێتە باشووری شنگال. داعش پاش کۆکردنەوەی دانیشتووانەکەی لەنێو قوتابخانەی گوندەکە، نزیکەی %80ی کوشتن. بەپێی زانیارییەکان داعش تەنیا لەو گوندەدا 1738 کوردی کوشتووە کە زۆرینەیان نێرینە بوون. ڕۆژی 12/11/2015 پێشمەرگە شنگالی کۆنترۆڵ کردەوە، بەڵام ئەو گوندە تاوەکو ئێستا کۆنترۆڵ نەکراوەتەوە.



# لە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە 70 کوردی ئێزدی ڕزگارکراون

> **بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ئێزدییەکان:**
> **لە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە ژمارەیەک کوردی ئێزدی گواستراونەتەوە بۆ ڕەققە**

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

پێناچێت هیچ کەسێک هێندەی کوردی ئێزدی، چاودێریی پێشڤەچوونەکانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بکات، چونکە ئەوان تاوەکو ئێستا بە سەتان کەسیان لەژێر دەستی داعشدا ماون و ئومێدیان بە ڕزگارکردنیان هەیە، لەپاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵیشەوە تاوەکو ئێستا 70 کوردی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگارکراون.

بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ژنانی کوردی ئێزدی دەڵێت ئامادەکارییان کردووە بۆ گەڕان بەدوای چارەنووسی ئەوانەی لە کاتی هێرشەکەی سەر شنگالدا کەوتبوونە دەستی داعش.

خودێدا خەیری، هاووڵاتییەکی دانیشتووی قەزای شنگالە، لە هێرشەکەی داعشدا بۆ سەر قەزاکەیان لە 2014/8/3 نزیکەی 70 کەسی بنەماڵەکەی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 40 کەسیان ڕزگارکراون، بەڵام هێشتا دایک و سێ برا و سێ برازنی لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە خزمەکانی ڕزگار نەکراون.

خەیری باسی دوایین زانیاری لەبارەی چارەنووسی کەسوکارەکەی دەکات و دەڵێت "تاوەکو هەشت مانگ لەمەوبەریش ئاگامان لێیان بوو، لە تەلەعفەر بوون، بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەکدی دەکرد، بەڵام دواتر گواسترانەوە مووسڵ و لەو کاتەوە هیچ زانیارییەکمان لەبارەیانەوە نییە".

لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەستپێکردووە، خەیری زۆربەی کاتی خۆی بۆ تەماشاکردنی هەواڵەکانی شەڕ تەرخان کردووە "شەو و ڕۆژ چاوم لەسەر تیڤیەکانە بۆ ئەوەی بزانم کەی مووسڵ ڕزگار دەبێت، دەمەوێ چارەنووسی کەسوکارم بزانم". خودێدا بەجۆرێک لە نائومێدییەوە دەڵێت "زەحمەتە لە ژیاندا مابن".

هەندێک لە ئێزدییەکان بێ هیوان لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ. لەیلا کە ژنێکی کوردی ئێزدییە، بە ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانی ڕاگەیاندووە چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ زانیبووی کوڕەکەی لە قوتابخانەیەک لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی داعش دەستبەسەرە، قوتابخانەکەش تەنیا سەت میل لە کەمپەکەی لەیلا لە دهۆک دوورە. ئەمە هیوایەکی بۆ لەیلا گەڕاندبووەوە کە هێشتاش ئەگەری ئازادکردنی کوڕەکەی ماوە. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئۆپەراسیۆنەکە خاو بووەوە و نە فەرماندە سەربازییەکان و نە سیاسییەکانیش هیچ ئاماژەیەکیان بە بەندکراوە کوردە ئێزدییەکان نەدا.

لە دوای ئەمەوە لەیلا هیچ هەواڵێکی کوڕەکەی نازانێ، ترسی ئەوەشی لێ نیشتووە کە کوڕەکەی دەشێ لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژرابێ، یانیش بۆ سووریا گوازرابێتەوە.

لە هێرشی داعشدا بۆ سەر قەزای شنگال و دەوروبەری، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە 5000 کوردی ئێزدی کە زۆربەیان ژن و منداڵن، بە بارمتە گیران، تاوەکو ئێستا نزیکەی 2500 کەسیان ڕزگارکراون. ئێزدییەکان هەموو ئومێدێکیان لەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ هەڵچنیوە بۆ ئەوەی چارەنووسی ڕفێندراوەکان بزانن.

حوسێن کورو، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ژنانی کوردی ئێزدی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا لە 10 ڕۆژی ڕابردوودا و پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ نزیکەی 70 ژن و منداڵی ئێزدی ڕزگارکراون".

حوسێن چۆنیەتی ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی ئاشکرا نەکرد، تەنیا گوتی "زانیاریمان هەیە داعش ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی ڕفاندوونی، پێش ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، بردوونی بۆ ڕەققە، بەڵام هێشتا ژمارەیەکیان لە مووسڵ ماون".

سەبارەت بە پلانی ڕزگارکردنی ئەوانەی لە چنگی داعشدا ماون، حوسێن گوتی "پلانمان هەیە، بەڵام ئاشکرای ناکەین، پلانێکی باشمان داناوە بۆ چۆنیەتی گەڕان بەدوای بێ سەروشوێنان دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ".

حوسێن کورو لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەی تاوەکو ئێستا لەدەستی داعشدا ماون، گوتی "هێشتا زیاتر لە 3600 کوردی ئێزدی لەژێر دەستی داعشدا ماون و پەیوەندیمان لەگەڵ بەشێکیان هەیە".

### لە ماڵی داعشە کوردەکانن

داعش ژمارەیەک لەو کوردە ئێزدییانەی لە کاتی گرتنی شنگالدا بە بارمتە گرتبوونی، بەرەو ڕەققەی سووریای بردوون، بەڵام بە گوتەی هەندێک لە دانیشتووانی مووسڵ، سەرەڕای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، هەندێک لە ئافرەتانی کوردی ئێزدی هەتا ئێستاش لە نێو مووسڵدا ماون. ئەبو عەلی، 24 ساڵ، دانیشتووی مووسڵ، بە ڕۆژنامەی گاردیەنی ڕاگەیاندووە "سێ کچی ئێزدی لە گەڕەکەکەی ئێمە لە ماڵی داعشە کوردەکاندان".

## عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵ بۆ (ڕووداو)

# ئێران بە پیلان و پلان کار بۆ شکاندنی بەروبوومی کوردستان دەکات



**عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای دەکات کە داهاتی هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵی وەزارەتی کشتوکاڵ 71 ملیار دینار بووە. دەشڵێت ئێران بە پیلان و بە پلان کار بۆ لەنێوبردنی بەروبوومی کشتوکاڵیی کوردستان دەکات.**

**عەبدولستار مەجید کە ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامییە، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەمیری کۆمەڵ، پێی باش بوو حیزبەکەی بەشداری ئەو شاندەی هەرێمی کوردستانی بکردایە کە سەرەتای ئەم مانگە چوونە بەغدا. سەبارەت بە کشانەوەی کۆمەڵ لە کابینەی حکومەتیش، عەبدولستار مەجید دەڵێت ئەگەر بە کشانەی کۆمەڵ لە حکومەت قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر ببن، دەکشێینەوە.**

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

**پێم باش بوو کۆمەڵ بەشداریی شاندەکەی بەغدای بکردایە**

**بڕواناکەم کاک مەسعود دیداری مامۆستا عەلی باپیر ڕەت بکاتەوە**

**کێشەی گۆڕان کاریگەری لەسەر سیاسەتی کۆمەڵ هەبووە**

### داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ

**ڕووداو: ئێستا لە هەرێمی کوردستان باس باسی داهاتە، داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ چەندە؟**

**عەبدولستار مەجید:** بەشێوەیەکی گشتی داهاتی ساڵانە لە کۆتایی ساڵ کۆدەکرێتەوە، ساڵی پار داهاتی وەزارەتەکەمان زیاتر لە 71 ملیار دینار بوو، ئەم داهاتەش لە باج خستنە سەر بەروبوومی هاوردەکراو لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی نێوخۆیی دەستمان کەوتووە. ئەمساڵ داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ کەمتر دەبێت، چونکە بەروبوومی نێوخۆمان زیاترە لە هاوردەکراو.

**ڕووداو: سەرجەم داهاتەکان ڕادەستی وەزارەتی دارایی دەکەنەوە؟**

**عەبدولستار مەجید:** بەپێی یاسا دەبێت هەموو داهاتەکان بچێتە وەزارەتی دارایی، وەکو وەزارەتەکەی خۆشمان هەر وامان کردووە، بەڵام لەگەڵ سەرۆکی حکومەت بە تایبەتی کۆبوومەتەوە بۆ گێڕانەوەی 30%ی داهاتی وەزارەت بۆ پێشخستنی بەروبوومی ناوخۆ و پشتگیریی جووتیاران و پڕۆژە گرنگەکان تاوەکو بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکەین.

**ڕووداو: داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ بەشی مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکەتان دەکات؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە بەراوردێکی داهات و تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵمان کردووە، داهاتی 8 مانگی وەزارەتی کشتوکاڵ بەشی مووچەی 78%ی فەرمانبەرانی وەزارەت دەکات.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان لە چ بەروبوومێکی کشتوکاڵی گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە دوو جۆر بەرهەممان هەیە ساڵانە. لە سەوزە و میوە، هەروەها لە گۆشتی سوور و پەلەوەریش زیاد لە پێویستی ناوخۆ دابین کراوە، بەڵام گۆشتی سوور و بەروبوومێکی زۆری پەلەوەر دەچێتە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. بۆ نموونە ساڵی 2015 بەرهەمی گەنم لە هەرێمی کوردستان 844 هەزار تۆن بووە، بەڵام ئەمساڵ یەک ملیۆن و 686 هەزار تۆن بووە.

**ڕووداو: قەیرانی دارایی وای نەکردووە خەڵک زیاتر ڕوو لە کشتوکاڵ بکەن؟**

**عەبدولستار مەجید:** ڕاستە قەیرانی دارایی هۆکارێک بووە، بەڵام پلان و بەرنامەی وەزارەت و پشتگیریکردنی بەرهەمی خۆماڵی و دانانی باج لەسەر بەرهەمی هاوردەکراو، وای کردووە بەرهەمی خومالّی زۆر بێت. جگە لەوە ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئێران و تورکیا لەسەر بەرهەمی خۆماڵی بۆ دروست بووە، لەگەڵ عێراق دووچاری شەڕ بووین، هەمووی لە پێناوی پشتگیری لە بەرهەمی خۆماڵی بووە.

ئێمە یان هێنانی بەروبوومەکە قەدەغە دەکەین، یان باجی زیادی دەخەینە سەر. بۆ نموونە کێشەی تەماتە لە حاجی ئۆمەران، سیدەکان و پێنجوێن هەبوو باجمان لە 250 دینارەوە کردە 350 دینار کە ئەمەش وای کرد جوتیارانی کوردستان قازانج بکەن و بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکان ساغ بکەنەوە.

مافی خۆمانە بەرهەمی ئێرانی لە کوردستان قەدەغە بکەین یان باجی زیاتری بخەینە سەر. ئەوان بە پلان و پیلان سەرقاڵی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیانن لە بازاڕەکانی کوردستان. زانیاریم هەیە وەزارەتی کشتوکاڵی ئێران پشتگیری جوتیارانی خۆی دەکات بۆ ئەوەی بازاڕەکانی ئێمە بشکێنن. ئەوان گوتوویانە هەرێمی کوردستان باجی خستووەتە سەر بەرهەمی ئێمە، بۆیە پشتگیریی جوتیاری خۆیان دەکەن تاوەکو بەرهەمەکانیان هەناردەی لای ئێمە بکەن.

**سێ خاڵی ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ پارتی جێبەجێ کراوە**

**لەگەڵ یەکگرتوو باسی یەکگرتن نەکراوە**

**هیچ ڕق و کینەیەک لە نێوان کاک مەسعود و مامۆستا عەلی باپیردا نییە**

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان هیچ بەروبوومێک هەناردەی دەرەوە دەکات؟**

**عەبدولستار مەجید:** بەڵێ، گەنم، هەنار، پەتاتە، سێو و زۆر بەرهەمی دیکە هەناردە دەکرێت، ئەگەر بودجە بۆ پاڵپشتی جوتیاران هەبێت، دەتوانین بەرهەمی دیکەش هەناردە بکەین، زۆر گرێبەستمان بۆ هاتووە لە ئێران و لوبنان و چەند وڵاتێکی دیکەوە، بەڵام لەسەر نرخەکەی ڕێکنەکەوتووین، چونکە دەمانەوێ جوتیارانی خۆمان قازانجی باش لە فرۆشتنی بەروبوومەکانیان بکەن.

**ڕووداو: وەزارەتەکەتان لەگەڵ حکومەتی عێراق کێشەی زۆری هەبووە، ئەو کێشانە بەرەو چارەسەر دەڕۆن؟**

**عەبدولستار مەجید:** بەڵێ زۆربەی کێشەکان چارەسەر کران، بەڵام عێراق وڵاتێکی دامەزراو نییە، بەرپرسی بازگەیەک بۆ وەرگرتنی پارە ڕێگری لە بەروبوومی ئێمە دەکات یان دوای دەخات تاوەکو بەروبوومەکە خەسار دەبێت. بەداخەوە لەبەر کێشە نێوخۆییەکانی خۆمان، نەپەرژاوینەتە سەر ئەو بابەتانە کە بە عێراق بڵێین بۆ وا دەکات، دەنا وەزیری کشتوکاڵی عێراق سەردانی کردین و لەگەڵی ڕێککەوتین، وەزیریش ڕێنمایی داوەتە بازگەکان کە ڕێگری لە بەروبوومی هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق نەکەن.

**ڕووداو: پەرلەمانتارێک گلەیی لە وەزارەت کردبوو کە ساردخانەتان نییە بۆ پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی، بۆچی نیتانە؟**

**عەبدولستار مەجید:** جوتیاری خۆماڵی قەناعەتی بەوە نییە بەروبوومەکەی لە ساردخانە هەڵبگرێت، بەڵکو دەیەوێ زوو بەرهەمەکە بە هەرزانتر بفرۆشێ و قازانج بکات، بۆیە نایباتە ساردخانە، ئەنجوومەنی باڵای ئابووری بڕیاری داوە 18 ساردخانە لە هەر 4 پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دروست بکات، خودی سەرۆکی حکومەت پاڵپشتی خۆی بۆ ئەو پڕۆژە ستراتیژییە دەربڕیوە و ئامادەیی پیشانداوە قەرزی بۆ بکرێت، چونکە ئێمە ساردخانەمان نییە، بەڵکو کەرتی تایبەتی دروستی کردووە.

**ڕووداو: لەسەر سایلۆکان کێشەتان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی هەیە؟**

**عەبدولستار مەجید:** بەپێی واقیع و مەنتیق پێویستە سایلۆکان سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ بن، بەڵام وەزیری بازرگانی ڕازی نەبوو، ئێستا بەڕێز عەلی سندی، وەزیری بازرگانی بە وەکالەت ڕازی بووە سایلۆکان بخرێنە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە کێشەمان نەبێت، چونکە سەرپەرشتیکردن و هێنان و بەتاڵکردنی گەنم لە سایلۆکان هەمووی ئیشی وەزارەتی کشتوکاڵە، ئەمساڵ ئێمە سەرپەرشتی پرۆسەکەمان کرد، هیچ جوتیارێک لە نۆرە نەما، لە کاتێکدا پێشتر بۆ ڕادەستکردنی گەنم جوتیاران 40 ڕۆژ نۆرەیان دەگرت، ئێمە داوامان کردووە سایلۆکان بخرێنە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵام لە کاتی فرۆشتنی گەنم ئەوکات وەزارەتی بازرگانی سەرپەرشتی بکات.

**ڕووداو: کۆمەڵێک پڕۆژە یاساتان پێشکەشی پەرلەمان کردووە، بەڵام گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، ئەوە دەستی ئێوەی نەبەستووە؟**

**عەبدولستار مەجید:** یەکێک لە کێشەکانی ئێمە نەبوونی هەندێک یاسای گرنگە، وەکو یاسای ئیدارەکردنی سەرچاوەکانی ئاو کە پڕۆژەیەکی زۆر ستراتیژی و گرنگە، ئێستا پەرلەمان پەکخراوە و ناتوانین گلەییان لێبکەین. بەداخەوە یەکێک لە کێشەکانی ئێستای حکومەت پەکخستنی پەرلەمانە، چونکە حکومەت بۆ دەرکردنی یاسا و چاودێری پێویستی بە پەرلەمانە. هەروەها پڕۆژەیەکی دیکەی زۆر گرنگ هەبوو پێدانی زەوی کشتوکاڵی بوو بە دەرچووانی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی سێکتەری کشتوکاڵ ببووژێتەوە.

### پەیوەندیی پارتی و کۆمەڵ

**ڕووداو: تۆ سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری کۆمەڵ بووی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ڕێککەوتنی ئێوە و پارتی چەندی جێبەجێ کراوە؟**

**عەبدولستار مەجید:** سێ خاڵی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کراوە، ئەویش وەرگرتنی وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە و سەرۆکی دەستەی مین، خاڵەکانی دیکە پەیوەست بوون بە چاکسازی و سوودمەندبوونی کادیر و ئەندامانی کۆمەڵ بەپێی یاسا و ڕێنمایی دامەزراندن و زەوی وەرگرتن و خانەنشینی، چ پێشمەرگە دێرینەکان، چ کەمئەندامانی سەنگەر و زۆر چین و توێژی دیکە.

**ڕووداو: سەرکردەیەکی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت کە لەگەڵ کۆمەڵ ئاگایان لە یەکتر نەماوە، پەیوەندییەکانتان گەیشتووەتە ئەو ئاستە؟**

**عەبدولستار مەجید:** وەکو دوو حیزب کە پرس و ڕاوێژ بکەین بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و کێشەکان، پەیوەندییەکان لاوازن. چەند جارێک لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوومەتەوە، باسی کێشەی سیاسی و پەیوەندییەکانی کۆمەڵ و پارتیمان کردووە. کێشە و قەیرانە سیاسییەکان تەنیا پەیوەندی بە کۆمەڵ و پارتییەوە نییە، دەکرا ئەو کێشەیەی لە پەرلەمان هەیە، نەگوازرابووایەوە بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبەکان. دەکرێ پەرلەمان دەست بە کۆبوونەوەکانی بکات خۆ شەڕە تفەنگمان نەکردووە. پێشتر شەڕیش کراو خوێنیش ڕژا، دواجار هەموومان ئاشت بووینەوە.

**ڕووداو: پەیوەندییەکانی بارزانی و عەلی باپیر بۆ وا خراپ بووە؟**

**عەبدولستار مەجید:** پەیوەندی کۆمەڵ و پارتی لە دوای کۆبوونەوەی 19ی ئابی پەرلەمانی کوردستان گرژی تێکەوت. ڕق و کینە و ناخۆشی شەخسی لە نێوان کاک مەسعود بارزانی و مامۆستا عەلی باپیردا نییە. تەنیا ئەوەیە کۆبوونەوە و دیدار نەبووە. ئەگەرچی کۆمەڵ بۆ کۆبوونەوە و دیدار ئامادەیی هەبووە، بەڵام کۆبوونەوەی بەرهەمدار بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان، بەداخەوە هەندێک پەیج و کلکە سایت و قەڵەمفرۆش، درۆ بڵاودەکەنەوە کە گوایە مامۆستا عەلی باپیر داوای کۆبوونەوەی کردووە لەگەڵ کاک مەسعود، بەڵام ئەو ڕەتیکردۆتەوە، من تەحەددا دەکەم ئەگەر مامۆستا عەلی باپیر داوای کۆبوونەوە بکات و کاک مەسعود ڕەتی بکاتەوە. کاک مەسعود بۆ کۆبوونەوە ڕەتدەکاتەوە؟ چەند ڕۆژێک پێش تەکلیف لە مامۆستا عەلی باپیر کرا لەگەڵ کاک مەسعود سەردانی بەغدا بکات، کەواتە قسەی ئەو دەزگایانە هەمووی درۆیە.

**ڕووداو: تۆ لەگەڵ ئەوە بووی ئەمیری کۆمەڵ بەشداری شاندی باڵای هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا نەکات؟**

**عەبدولستار مەجید:** بۆ خودی مامۆستا عەلی باپیر من لەگەڵ ئەوە نەبووم بەشداری شاندەکە بکات، بەڵام پێم باش بوو لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی سیاسی و سەرکردایەتی کۆمەڵ بەشداری شاندەکە بکەین، چونکە ئەو کێشەیە پەیوەندی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، ئەمەش بۆچوونی جیاوازی لەسەر بوو.

پێم خۆشە لێرە ئاماژە بەوە بکەم بۆچی ئێمە تەنیا بۆ بەغدا بەیەکەوە بین؟ بۆ لێرەش کۆنەبینەوە و سازش لەسەر بەشێک لە داواکارییەکانمان نەکەین بۆ ئەوەی بگەینە سازان و چارەسەری قەیران و کێشەکان بکەین.

من ڕێزم بۆ کاک مەسعود هەیە، ناکرێ ئەوەی لە بەغدا کردی لێرە بیکات، نزیکەی سێ ساڵە کاک مەسعود نەچووەتە بەغدا، چەندین لێدوانی توندی بەرامبەر بەغدا داوە، ئەوان چەندین قسەی ناخۆش و ناشیرینان بەرامبەر کاک مەسعود کرد، ئێ بۆ چووە بەغدا؟ چونکە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی تێدابوو، بۆیە پێویستە بە هەمانشێوە سەردانی حیزب و لایەنەکان بکات و چارەسەری کێشەکانی ناوخۆ بکات، هەموو کێشەکەش لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو. کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش نەبێت پێگە و کەسایەتی خۆی هەیە.

**ڕووداو: ئێوە لە ڕووی فیکر و پرەنسیپ لە یەکگرتوو نزیکن، بەڵام چۆنە لە ڕووی هەڵوێستی سیاسی لە گۆڕان نزیکن؟**

**عەبدولستار مەجید:** ئێمە لەگەڵ برایانی یەکگرتوو پڕۆژە و کاری هاوبەشمان هەیە، بەڵام بابەتەکان لە میدیا گەورە دەکرێن، کۆبوونەوەیەک دەکەین دەڵێن کۆمەڵ و یەکگرتوو یەکیانگرت، دوایی دەڵێن بۆ یەکناگرن؟ بابە وەڵڵا باسی یەکگرتن نەکراوە. یەکگرتن وەکو پرۆژەیەکی ستراتیژی هەیە، بەڵام ئێستا باسی یەکگرتن نەکراوە.

هەموو حیزبێک کۆمەڵگە و جیاوازیی ناوچەکان کاریگەریی خۆیان بە سەرییەوە هەیە، برایانی یەکگرتوو لە بادینان بۆچوونیان لەگەڵ ئەوانەی سلێمانی جیاوازە. هەندێکجار سەرکردایەتی بڕیارێکی دەرکردووە لەگەڵ بۆچوونی گۆڕان یەکی گرتووەتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە کاریگەرین بە گۆڕان. لە دەیان وێستگە لەگەڵ پارتی هاوهەڵوێست بووین، ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە بە دوای پارتی کەوتووین، ئێمە سەرکردایەتی خۆمان هەیە و سیاسەت و بۆچوونی خۆمان دەخەینەڕوو، جا لەوانەیە جارێک لەگەڵ گۆڕان یان لەگەڵ پارتی یان لە یەکگرتوو نزیک بین.

شتێکی دیکە هەیە ئەویش کێشەی گۆڕان و ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمانە، ناتوانم بڵێم کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئێمە نەبووە. ئەوەی بەرامبەر گۆڕان کراوە بەرامبەر پارتیش بکرێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئێمە دەبێت و هەمان هەڵوێستمان دەبێت.

**داهاتی ساڵی ڕابردوومان 71 ملیار دینار بوو**

**سایلۆکان دەخرێنە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ**

**ئێستا گەنم و هەنار و پەتاتە و سێو دەنێرینە دەرەوە**

**زەوی دەدەینە دەرچووانی کشتوکاڵ**

### کشانەوەی کۆمەڵ لە حکومەت

**ڕووداو: پرسی کشانەوە لە حکومەت زۆر جار دەوروژێ، ڕای خۆت وەکو وەزیرێکی ئەو حکومەتە چییە؟**

**عەبدولستار مەجید:** تا ئەمڕۆش ئێمە بەشێکین لە حکومەت و بەپێی قەبارەی دەسەڵاتی خۆمان لەم حکومەتە بەرپرسیارین، بە تایبەت لەو سێکتەرانەی پێمان سپێردراون.

لە نێو کۆمەڵ زۆر باسی کشانەوە لە حکومەت دەکرێ، ئەگەر بە کشانەوەی کۆمەڵ کێشەی مووچە و گوزەرانی خەڵک چاک ببێت ئەوە لە منی وەربگرە ئێمە لە ئێستاوە کشاینەوە. من دەپرسم بە کشانەوەی کۆمەڵ لە حکومەت گەندەڵی و دزی نامێنێت؟ پاشان ئێمە شەریک نین لەو گەندەڵی و دزییەی کە هەیە. کشانەوەی ئێمەش وەکو وەزیر لە ڕاکێشانی مووێک لە نێو ماست ئاسانترە.

**ڕووداو: سەرۆکی حکومەت پشتگیری وەزیرەکانی کۆمەڵ دەکات؟**

**عەبدولستار مەجید:** سەرۆکی حکومەت کۆک و تەبایە لەگەڵ ستافی ئیشکردنی خۆی و پشتگری وەزیرەکان دەکات بە ئێمەشەوە، چەندین جار پشتگیری و دەستخۆشی لە چالاکی و ئیشەکانی ئێمە لە سێکتەری کشتوکاڵ و پەیداکردنی داهات لە ڕێگای ئەم وەزارەتە کردووە.

رووداو کوردستانی
ژمارە ( 429 ) - دووشەممە 2016/10/24



## هاوسەرۆکانی هەدەپە لەدەرسیم دەستگیردەکرێن

رووداو- دێرسیم

لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی پۆلیسدا لە شاری دێرسیم لە باکووری کوردستان، هاوسەرۆکانی لقی دێرسیمی دەبەپە و هەدەپە لەگەڵ 6 کەسی دیکە دەستگیرکران، پۆلیس بەدوای ئەندامێکی دیکەی دەبەپەدا دەگەڕێت. والی دێرسیم لە راگەیێندراوێکدا دەستگیرکردنی 8 کەسی راگەیاند کە هاوسەرۆکانی هەدەپە و دەبەپەی لە شارەکە تێدایە. والی دێرسیم هۆکاری گرتنی ئەو هەشت کەسەی ئاشکرا کرد و گوتی "ئەوانە چالاکییەکیان رێکخستووە و داوایان لە دوکانداران کردووە دەرابی دوکانەکانیان دابدەنەوە".

# گفتوگۆی پەیەدە و ئەسەد.. بەهیچ ئەنجامێک دەگات؟



رووداو- هەولێر

گفتوگۆ لەنێوان پارتی یەکێتی دیموکرات (PYD) و رژێمی بەشار ئەسەد لەسەر ئایندەی سووریا و کانتۆنەکان بەردەوامە. بەڵام زۆر لە چاودێرانی کورد بەگومانەوە دەڕواننە ئەو گفتوگۆیە و پێیانوایە رژێمی ئەسەد لەو گفتوگۆیە تەنیا بەدوای بەدەستهێنانی کاتی زیاترەوەیە.

قسەکانی بەشار ئەسەد بۆ رۆژنامەی (پراڤدا)ی رووسی کە رۆژی 2016/10/14 بڵاوکرایەوە، ئەم گومان و دڵەڕاوکێیەی کورد تۆختر دەکاتەوە. سەرۆکی سووریا دانی بەوەدا نا کە لەگەڵ کورد و بەدیاریکراویش لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکراتی باڵی سووریای پەکەکە، گفتوگۆ دەکەن. سوپای سووریا و رووسیا لە شەڕی دژ بە داعشدا هاوکاریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)یان کردووە. بەڵام سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەوەی کە کورد لە رۆژئاوای کوردستان داوای فیدراڵی دەکەن. بەشار گوتی "کورد چۆن داوای فیدراڵی دەکات لە باکووری سووریا کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەرەبن؟". گوتیشی "بەشێک لە کورد داوای فیدراڵی دەکەن، بەڵام زۆربەیان هیچ کاتێک باسی فیدراڵییان نەکردووە".

بەشار ئەسەد لە وەڵامی ئەو پرسیارەی رۆژنامەکەشدا کە ئایا فیدراڵی بۆ کورد قبوڵ دەکەن؟ گوتی کە ئەوە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە و دەبێت لە دەستووردا جێی بکرێتەوە. دەستووریش وەک ئەو گوتی "موڵکی حکومەت نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی ئیرادەی میللەتە".

بەشار ئەسەد گوتی "ئەگەر ئەوان پێویستیان بە سیستەمێکی سیاسی تایبەت بەخۆیان هەیە، دەبێت سوورییەکان رازی بکەن. هیچ سوودی نییە لەو بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ من بکەن، بەڵێ بیرۆکەیەکی باشە، وەکو سەرۆک لاریم لێی نییە ئەگەر جێبەجێ بکرێت".

(رووداو) پێشتر ئەوەی بڵاوکردەوە کە رژێمی ئەسەد و ئەوەی پێی دەگوترێ "بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر"، بەنێوبژیوانیی رووسیا لە بنکەی سەربازیی حمێمیم لە سووریا گفتوگۆ دەکەن. ئەو بەڵگەنامانەشی بڵاوکردەوە کە رووسەکان ئامادەیان کردبوو.

### چارەسەری کێشەی کورد زەحمەت نییە

دوای ئەوەی لە سەرچاوەی جیاوازەوە یەکلایی بووەتەوە کە دانوستاندن لە نێوان هەردوولا بەسەرپەرشتی رووسیا هەیە، ئێستا قسە لەبارەی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە دەکرێ، چونکە ئەو دانوستاندنە لە کاتێکدا دەکرێ کە چارەنووسی رژێمەکەی بەشار ئەسەد هێشتا روون نییە.

میهراج ئۆراڵ، سەرکردەی چەپی تورک کە وڵاتینامەی سووریی هەیە و فەرماندەی بەرەی گەل بۆ رزگارکردنی ئەسکەندەرۆنەیە بە (رووداو)ی گوت "هیچ کەسێک لە مەسەلەی چارەسەری کێشەی کورددا ناتوانێ سووریا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بخاتە تای یەک تەرازوو. لە مێژووی سووریادا کورد کۆمەڵکوژ نەکراوە. تورکیا، عێراق و ئێران بە ملیۆنان کوردیان کوشت، بەڵام گەورەترین رووداو لەدژی کورد لە سوریادا رووداوەکەی ئاداری 2004ی قامشلو بوو کە 30 کوردی تێدا کوژرا".

ئۆراڵ پێیوایە کوردی سووریا بە رەنجی خۆیان بە کردەوە چەندین مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییان بەدەستهێناوە.

ئەو بەراوردی هەڵوێستی رژێمەکانی سووریا و تورکیا بەرامبەر کورد دەکات و دەڵێت "کوردی سووریا تا ئاستێکی جدی مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانیان بەدەستهێناوە، بەڵام کوردی تورکیا تەنیا بەهۆی قسەکردن بە زمانی کوردی لە زیندانەکاندان. بەهۆی پیرۆزبایی نەورۆزەوە خوێنیان دەڕژێت، لە سووریا ئەوە نییە".

حوسنی مەحلی، نووسەر و رۆژنامەنووسی بە رەگەز سووری پێیوایە چارەسەری کێشەی کورد لە سووریا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئاسانترە "کورد لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بۆ گەیشتن بە مافەکانی بە ساڵان خەباتی چەکداریی کردووە و دەیکات، بەڵام لە مێژووی کوردی سووریادا یاخیبوونی چەکداری نەبووە".

حوسنی مەحلی لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) ئامۆژگاریی کورد دەکات کە خۆیان بەدووربگرن لە ناونانی قەوارەیەک "من دژی بەناوکردنی فیدراڵی و کانتۆن و ئەو شتانەم. ئەوەی گرنگە لۆژیکە. پێویستە رژێمی سووریا و ئەسەد بوونی کورد قەبوڵ بکەن. دەبێت بزانن کە کێشەی کورد هەیە".

هەرچەندە زۆر رووداوی خوێناوی لە نێوان کورد و رژێمی سووریادا نییە، بەڵام پێدەچێ شەڕی نێوان یەپەگە و سوپای سووریا لە 2016 لە قامیشلۆ و حەسەکە، پردی متمانەی نێوان هەردوولای لاواز کردبێ.

میهراج ئۆرال شەڕی قامیشلۆ و حەسەکە بە "لۆکاڵی" ناودەبات و پێیوایە نابێتە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی لە نێوان هەردوولا "هەردوولا باش دەزانن بەهۆی رۆڵی مێژوویی هاوبەشیان ناتوانن دوژمنایەتی یەکدی بکەن. بێگومان لەکاتی پەیدابوونی هەر کێشەیەکیش فەرماندەی هەردوولا کۆدەبنەوە و کێشەکە لە شوێنی خۆی چارەسەر دەکەن".

بەڵام پێشتر سووریا چاڵی بۆ کورد هەڵکەندووە و لە دژی پەکەکە رێککەوتنی لەگەڵ تورکیا کرد کە بە رێککەوتنی ئەدەنە ناسراوە، میهراج ئۆرال لەوبارەیەوە دەڵێت "بەشار ئەسەد کە دوای حافز ئەسەد هاتە سەر دەسەڵات، کاری لەپێشینەی بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل بوو. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە تەمموزی 2006 ئیسرائیل هێرشی کردە سەر لوبنان. لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا رێککەوتنی "ئەدەنە" واژۆ کرا و سنووری باکووری سووریا بە سوپای تورکیا سپێردرا".

### دوژمنی دوژمنم دۆستمە

شەڕی هاوبەشی کورد و رژێمی سوریا لە دژی داعش و دوژمنایەتی تورکیا بۆ کورد و سووریا، دەچێتە چوارچێوەی ئەو ئیدیۆمەی کە دەڵێت "دوژمنی دوژمنم دۆستمە". رەنگە هەر ئەوەش وایکردبێ هەردوولا لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە.

محەممەد نوورەدین، نووسەری لوبنانی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "ئەوەی دیارە هێشتا ئەو گفتوگۆیە نەگەیشتووەتە ئەنجامێک. سەرەڕای ئەوە پێموایە هیچ رێگایەکی دیکە لەبەردەم هەردوولادا نییە، جگە لە گفتوگۆ و یەکخستنی هەوڵەکان لەدژی داعش و دوژمنانی کورد و سووریا. پێویستە سەرکردەکانی هەردوولا هەموو تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بگەنە لێکتێگەیشتن".

### دەبێ کورد واقیعبین بن

زۆر جار دانوستاندن بۆ مەرامێکی تەکتیکی یان بۆ دەربازبوون لە قەیران و مەترسییەک بەکاردێت. ئەکسەم نەعیسە، سەرۆکی ناوەندی ئەلشام بۆ توێژینەوەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە سووریا دەڵێت "ئێستا رژێم پێویستی بەهەر هێزێک هەیە پشتگیریی بکات. رژێم ئێستا زیاتر مەیلی رازیکردنی کوردی هەیە. نازانم ئەو گفتوگۆیە سەردەکەوێت یان نا، بەڵام پێموایە تۆپەکە لەگۆڕەپانی کورددایە".

نەعیسە داوا لە کورد دەکات زیاتر واقیعیانە بێت "لە چەند مانگی رابردوودا، بەو سەرکەوتنانەی کورد بەدەستی هێنا، گوتاری حەماسی وەکو کوردستانی رۆژئاوا زەقکرایەوە، پێموایە ئەو گوتارە هەندێک ناواقیعییە. داوا لە کورد دەکەم لەم قۆناغەدا بە راکردن بۆ پێشەوە نەڕوات و بۆ دواوەش نەگەڕێتەوە".

## مەرجی قورسیان بۆ دادەنێن

# بانکەکان مەینەتی کارسازانی کورد زیاتر دەکەن




بانەکانی تورکیا لقەکانیان لە شارەکانی باکوری کوردستان دادەخەن

### کارسازێکی کورد: ریباخۆرەکان بە جانتای پڕ لە پارەوە لە بەردەم بانکەکان وەستاون

رووداو- هەولێر

بانکەکانی تورکیا لە باکووری کوردستان، بۆ پێدانی قەرز بە کارسازانی کورد مەرجی زۆر قورس دادەنێن. چالاکییەکانیان لە ناوچە کوردییەکان کەم دەکەنەوە و دەنگۆی داخستنی دەرگای چەند بانکێکیش هەیە.

بەهۆی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا، هەروەها قەدەغەی هاتوچۆ کە ناوبەناو لە ناوچەکانیان دەسەپێنرێت، کارسازانی باکووری کوردستان لە دۆخێکی زۆر خراپدان، راگرتنی قەرزیش لەلایەن بانکەکانەوە هێندەی دیکە مەینەتیی ئەوانی زیاد کردووە.

بەگوێرەی زانیارییەکان لە هەندێک شار، ژمارەی ریباخۆران لە ژمارەی ئەندامانی ژووری بازرگانی و پیشەوەران زۆرترە. ئۆزجان سایلگان سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی مووش بە (رووداو)ی گوت "ریباخۆران لە بەردەم دەرگای بانکەکان وەستاون، دەزانن کام کۆمپانیا باری دارایی خراپە. لەو کاتەی بانکەکان قەرز نادەن، ئەوان لەبەردەم بانکەکان بە جانتای پڕ لە پارەوە پێشوازی لەو کۆمپانیایانە دەکەن. بە سوودێکی لە رادەبەدەر پارەیان دەدەنێ. کاتێکیش کۆمپانیاکان ناتوانن قەرزەکە بدەنەوە، دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا دەگرن".

### ریباخۆری چییە؟

بەگوێرەی ئینسایکلۆپیدیای تورکیا، ریباخۆری جۆرێکە لە دانی قەرز لەلایەن کەسێک یان کۆمپانیایەکی بێ مۆڵەتەوە بە کەس و کۆمپانیایەکی دیکە. قەرزدەر سوودێکی زۆری بەدەر لە یاسا دەخاتە سەر قەرزەکەی.

بازاڕی ریباخۆری لە تورکیادا بازاڕێکی باوە، لەو کاتەی بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئابووری لیرەی تورکی بەهای خۆی لە دەست دەدات، ریباخۆری پەرەدەسێنێ. عوسمان گەلیش، سەرۆکی ژووری بازرگانیی شڕناخ دەڵێت بەهۆی ئەوەی بانکەکان قەرز نادەنە شارەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات، بۆیە ریباخۆری لە هەڵکشاندایە "ریباخۆری کێشەی هەموو تورکیایە، بەڵام لە ناوچەی ئێمە لەم ماوەیە زیاتر بووە".

### باکووری کوردستان داوای قەرزی زیاتر دەکات

بەگوێرەی ئاماری یەکێتیی بانکەکانی تورکیا، داخوازی لەسەر قەرزی بانک لە باکووری کوردستان لە زیادبوونە. بەگوێرەی ئاماری ئەو دەزگایە لە 23 شاری باکووری کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو داوای سێ ملیار و 161 ملیۆن لیرەی تورکی قەرز لە بانکەکان کراوە. بەڵام ئەو ژمارەیە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بە رێژەی 37% بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 4 ملیار و 347 ملیۆن لیرە.

هەر بەپێی ئامارەکەی ئەو یەکێتییە رێژەی داواکردنی قەرز لە ئامەد 39% زیادی کردووە، لە چەولیک 88%، لە شڕناخ 40%، لە ئەلعەزیز 48% و لە بەتلیس 62% زیادی کردووە.

### چارەسەر لەلای بانکەکانە

عوسمان گەلیش، بانک و کارساز وەکو دوو هاوژین وەسف دەکات و دەڵێت "بانک و کارساز تەواوکەری یەکدین. بەبێ هەماهەنگی ئەو دووانە ناتوانین باس لە باشترکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری بکەین. لەبەر ئەوەی هەشت مانگە بانکەکان لەو ناوچەیە کارناکەن، قەرزار و قەرزدەر چاویان بەیەکدی نەکوتووە".

عوسمان گەلیش لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "بانکەکان هۆبەکانیان بچووک دەکەنەوە. مەرجی زۆر قورسیش دادەنێن بۆ پێدانی قەرز، کاتێک موڵکەکانمان لە رەهن دادەنێین، بە نرخێکی زۆر کەم دەیخەملێنن. ئەمڕۆ لە ناوچەکەمان نەخۆشی کوشندە هەیە، چارەسەرییەکەشی لەلای بانکەکانە".

ئۆزجان سایلگان، سەرۆکی ژووری بازرگانیی مووش دەڵێ هێشتا بانکەکان لە مووش هۆبەکانیان دانەخستووە ، بەڵام لە مەسەلەی قەرزدان هاوکاریان ناکەن "موڵک و سامانمان لە رەهن دادەنێین، بە نرخێکی زۆر کەم دەیخەملێنن. هەبوونی سزای رابردوو دەکەنە بیانوو و قەرزمان پێنادەن. ئێستا دەنگۆی کشانەوەی بانکەکان لە ناوچەکەدا هەیە".

بە گوتەی ئۆزجان دەنگۆی کشانەوەی بانکەکان لە باکووری کوردستان هێندەی دیکەی بازاڕی ریباخۆرانی گەرمکردووە و دەڵێت "دوای ئەو دەنگۆیە، ئەو ریباخۆرانەی قەرز دەدەنە ئەو کارسازانەی زۆر پێویستیان بە پارەی کاش هەیە، بڕێکی زۆر سوودی دەخەنەسەر.

کارسازانی سوور دەخرێنە لیستی رەشەوە

سەپاندنی مەرجی قورس لەسەریان، کارسازان تووشی دڵەڕاوکێ دەکات لە مەسەلەی وەبەرهێناندا. بەتایبەتی لە جوگرافیایەکی وەکو باکووری کوردستان کە بەدەست چەندین کێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەناڵێنێ.

عەلی جان ئەبەدینئۆغڵو، سەرۆکی ژووری پیشەگەر و کارسازانی بچووک لە ئامەد بە (رووداو)ی گوت "بە دەگمەن نەبێ، یان کارسازێک زۆر ناچار نەبێت، بە مەرجی بانکەکان رازی نین، داخستنی شوێنی کارەکەیان پێ باشترە لەو قەرز وەرگرتنە".

ئەبەدینئۆغڵو پێیوایە کارسازانی بچووک لەم بارودۆخە لەهەموویان زیاتر زەرەرمەند دەبن "کاتێک کارسازێکی بچووک داوای قەرز دەکات، پێویستە سێ کارمەندی دەوڵەت کەفالەتی بکەن. ئەگەر کارسازێکی بچووک پێشتر لە وادەی خۆیدا قەرزی نەدابێتەوە، ناتوانێ جارێکی دیکە قەرز وەربگرێ".

ئەبەدینئۆغلۆ باسی کارسازانی بچووک لە ناوچەی سووری ئامەد دەکات و دەڵێ "تەنیا لە سوور 4000 کارساز هەن، 90%یان، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە لەکاتی خۆیدا قەرز بدەنەوە، دۆسیەکانیان رەشکراوە. ئێستا بانکەکان بۆ کارسازانی سوور قەرزێکی تایبەت دەدەن، بەڵام مەرجی ئەوەندە قورسیان داناوە، ئەگەر کارسازێک زۆر ناچار نەبێت، ئەو قەرزە وەرناگرێ".

لەبارەی دەنگۆی کشانەوەی بانکەکان لە ناوچەکە ئەو کارسازە دەڵێت "ئەو دەنگۆیە نیگەرانی کردووین. (HSCB)کە بانکێکی ئینگلیزییە هۆبەی خۆی داخست. بانکەکانی دیکەش هۆبەکانیان بچووک دەکەنەوە. لە شڕناخ و جەزیرە چەندین بانک هۆبەکانیان داخستووە".

### "ریباخۆر و بانکەکان شەریکن"

ئینان بایراک، کە کارسازێکی ناوچەی سووری ئامەد، پێیوایە دانانی مەرجی قورس لەلایەن بانکەکان، رێککەوتنی نێوان بانکەکان و ریباخۆرانە. ئینان بە (رووداو)ی گوت "ریباخۆر و بانکەکان شەریکن، بانکەکان لەبارەی پێداویستی کۆمپانیا و کارسازان بە پارە زانیاری دەدەنە ریباخۆرەکان.

تۆڕی ریباخۆران ئەوەندە بەرفراوان بووە لەبەر چاوی پۆلیس و دادگا کاردەکەن. بانکەکان بۆ ئەوەی ریباخۆران زیاتر دەستکەوتیان هەبێ، کۆسپ بۆ کارسازان دروست دەکەن".

### بازرگانێک خۆی دەکوژێ

**عەلی جان، سەرۆکی ژووری پیشەگەر و کارسازانی بچووک لە ئامەد بە (رووداو) گوت بەهۆی نەدانی قەرز بە کارسازانی بچووک لەلایەن بانکەکانەوە، رێژەی بێکاری 50% زیادی کردووە. هەروەها دەڵێت "ریباخۆری زۆر زیادی کردووە. ئەمەش کاریگەری لەسەر کارسازان هەبووە. چەندین کەس ماڵ و موڵکی لەدەستداوە. کارساز هەیە خۆی شاردووەتەوە، هەیە خۆی کوشتووە. هاورێیەکمان کە بازرگانی ئامێری مۆبایل بوو، قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکەببوو، بانکەکانیش قەرزیان پێنەدەدا، بۆیە خۆی کوشت".**

کۆبوونەوەکە لەسەر داوای نەوشیروان مستەفایە و باسی کشانەوە لە حکومەتیش دەکەن

# گۆڕان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێککەوتنەکەیان، لەگەڵ یەکێتی کۆدەبێتەوە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان داوای لە جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکەی کردووە، بۆ تاوتوێکردنی کشانەوەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی کۆببنەوە. وا بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتووش جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان بۆ ئەو دوو مەبەستە کۆببێتەوە.

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، نزیکەی دوو مانگە لە بەریتانیایە، لەو کاتەوە هیچ قسەیەکی لەسەر بارودۆخی کوردستان بۆ میدیاکان نەکردووە.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لەم ماوەیەی رابردوودا نەوشیروان مستەفا پەیوەندی بە سێ هەڵسوڕاوی باڵای گۆڕانەوە کردووە و بێئومێدیی خۆی لە مانەوەی گۆڕان لە نێو حکومەت و هەروەها ڕێککەوتننامەی گۆڕان و یەکێتی پێ ڕاگەیاندوون".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "کاک نەوشیروان داوای کردووە جڤاتی نیشتمانی کۆببێتەوە و تاوتوێی دۆخەکە بکەن، بەڵام وەکو خۆی پێی باشە لە حکومەت و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکشێنەوە و ڕێککەوتننامەکەشیان لەگەڵ یەکێتی هەڵوەشێننەوە، چونکە لەلایەن یەکێتییەوە هەنگاوی پێویست بۆ کاراکردنی ڕێککەوتننامەکە نەنراوە".

هەر بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، پێدەچێت لە کۆتایی ئەم مانگەدا جڤاتی نیشتمانی بۆ ئەو دوو مەبەستە کۆببێتەوە. سەرچاوەکە گوتی "گۆڕان لە ئەگەری هاتنە دەرەوەی لە حکومەت دەبێتەوە بە ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەندێک لەو زانیارییانەی پشتڕاست کردنەوە و گوتی "کاک نەوشیروان لەم ماوەیەدا لەسەر ئەو دوو پرسە قسەی لەگەڵ زۆربەی هەڵسوڕاوان کردووە".

ئەو ئەندامەی جڤات بە (رووداو)ی گوت "کاک نەوشیروان داوای کردووە جڤات کۆببێتەوە، دۆخەکە هەڵبسەنگێنن تا بزانرێت زۆرینە رایان چییە، وا بڕیاریشە لە سەرەتای مانگی داهاتوو جڤات کۆببێتەوە و بڕیار بدات". بەڵام ڕەتیکردەوە نەوشیروان مستەفا بڕیاری کۆتایی بۆ کشانەوە لە حکومەت دابێت و گوتی "کاک نەوشیروان هیچ رایەکی نەداوە، چونکە هەر کاتێک بڕیار بدات یەکلایی دەبێتەوە و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان بێئاگایی خۆی لەو کۆبوونەوەیەی جڤات دەربڕی، بەڵام ساڵح ژاژڵەیی، جێگری سەرۆکی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە "بڕیارە ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداریی هەردوو جڤاتی (گشتی و نیشتیمانی) بکرێت، بەڵام تائێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە".

ساماڵ عەبدوڵڵا پێی باش نییە گۆڕان لە حکومەت بکشێتەوە "کشانەوەمان لە حکومەت چارەسەری کێشەکان ناکات، چونکە ئەو کێشانە بەهۆی پرۆژە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە دروست بوون، نەک بەشداریی گۆڕان لە حکومەت".

ستافی گۆڕان لە حکومەت کە پێکهاتبوون لە چوار وەزیر و سەرۆکی دەستەیەک و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی، زیاتر لە ساڵێکە بە بڕیارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان نێردراونەتەوە ماڵەوە.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوە ئاگادارەکەی (رووداو)، لەنێو جڤاتی نیشتمانی و گشتیشدا دەنگی زۆرینە بۆ کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت و ئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە، بەڵام ژاژڵەیی ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "بۆچوونی جیاواز بۆ کشانەوە هەیە، بەڵام زۆرینە و بەتایبەتیش بڕیاربەدەستەکان پێیان باشە بمێنینەوە".



یەکێتی بە هێواشی هەنگاو دەنێت و گۆڕانیش پەلەیەتی

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان

لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ئەمساڵدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، هەوڵ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەنێوان پێنج فراکسیۆنەکەی یەکێتی و گۆڕان لە پەرلەمانەکانی عێراق و کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدرێت، بەڵام تائێستا تەنیا هاوپەیمانێتی بەغدا لەنێوانیاندا ڕاگەیەندراوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، پێش کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی، شاندی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە چەند پرسێک کۆدەبنەوە، یەکێک لەوانە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەیە.

ئەو بەرپرسە بە دووری زانی گۆڕان ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵبوەشێننەوە و گوتی "ئەوەندەی ئاگادارین گلەییان لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە هەیە، بەڵام ڕێککەوتنەکە هەڵناوەشێننەوە".

ساماڵ عەبدوڵڵا دەڵێت "گلەییمان لە ڕێککەوتننامەکە نییە. هۆکاری خاویی لە جێبەجێکردنیشدا دەگەڕێتەوە بۆ کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی، پاشان شەڕی دژی داعشیش کاریگەری زیاتری لەسەر دۆخە سیاسییەکە هەیە".

**ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی: گۆڕان ڕێککەوتنەکە هەڵناوەشێنێتەوە**

**ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی: بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ کشانەوە نییە لە حکومەت**

### یەکێتی لەسەرخۆیە و گۆڕان پەلەیەتی

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی خۆیان و گۆڕان گوتی "بۆ ڕێککەوتننامەکە بە دوو شێواز بیر دەکەینەوە، ئێمە پێمانوایە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئاستی کوردستان و عێراقدا بەرەو ئاراستەیەکی باش دەڕوات کە لە بەرژەوەندی یەکێتییە. دەمانەوێت هەنگاوەکان بە هێواشی بڕۆنە پێشەوە، بیرکردنەوەکەی ئێمە لە بەرژەوەندی هەردوولاشمانە، بەڵام گۆڕان دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەنگاوەکان بە خێرایی بڕۆنە پێشەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێککەوتننامەکە هەبووە".

خاڵێکی ڕێککەوتننامەکەی یەکێتی و گۆڕان، کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بوو، ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی گوتی "بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لەگەڵ لایەنەکاندا قسە کراوە، پرۆسەکەش نەوەستاوە، بەڵام دەبێت گرەنتی ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران هەبێت و بابەتەکانی دانیشتنی کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیش دیاریکراو بێت".

کۆبونەوەی سەرۆکی پەرلەمان و حەوت فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی

# لێژنەیەکی پەرلەمانی بۆ سەردانی بارزانی پێکدەهێنرێ

**پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: دەبێت کۆبوونەوە بکرێت و لە هەولێریش بێت**

**پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ: کۆبوونەوەکەی پەرلەمان لە سلێمان هیچی لێ شین نابێت**

**پەرلەمانتارێکی پارتی: پەیڕەو ڕێگە بە کۆبوونەوە لە دەرەوەی هەولێر نادات**

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

بەمەبەستی وەرگرتنی رای مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەیەک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دروست دەکرێت و سەردانی بارزانی دەکەن، بەڵام پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ بێئومێدە لە کۆبوونەوە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەڵێت "هیچی لێ شین نابێت".

دوای ساڵێک لە کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی 2016/10/19 لە شاری سلێمانی د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ سەرۆکی حەوت فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە. فراکسیۆنەکان پێکهاتبوون لە گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوەی ئیسلامی، ئازادی و رافیدەین.

لە ڕاگەیەنداوی کۆبونەوەکەدا هاتووە "کۆبوونەوەکە ئەو ئیرادە پەرلەمانییەی بە هەنگاوێکی گەورە زانی کە لەلایەن پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکانەوە دەستی پێکردووە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان. لەم رووەوە گفتوگۆی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان بەردەوام دەبێت".

شوان قەڵادزەیی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی و بەشداربووی کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی گوت "ئەو هەوڵە درەنگ کەوت و دەبوو زووتر کۆبوونەوەکە بکرایە، کۆبوونەوەکە هەوڵێکە بۆ گفتوگۆی دیکە".

مانگی رابردوو هەوڵێکی دیکەی کاراکردنەوەی پەرلەمان هەبوو، ژمارەیەک پەرلەمانتار واژۆیان کۆکردەوە و داوای کاراکردنەوەی پەرلەمانیان کرد.

ئەو حەوت فراکسیۆنەی لە سلێمانی کۆبوونەوە بە هەموویان خاوەنی 61 کورسین.

قەڵادزەیی گوتی "ئەو حەوت فراکسیۆنە نیسابی قانوونی کۆبوونەوەی پەرلەمان بە زیادەوە تەواو دەکەن، بەڵام لەوە گرنگتر پەرلەمانتارانی ئەو فراکسیۆنانەن کە ئەگەر کۆبوونەوە بکرێ ئایا هەموویان ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبن؟".

### لیژنەیەک لە فراکسیۆنەکان

دلێر مستەفا، پەرلەمانتاری یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە هەوڵێک لە ئارادایە بۆ دروستکردنی لیژنەیەک لە فراکسیۆنەکان بۆئەوەی سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش بکەن تاوەکو بزانن دوای ساڵێک لە پەکخستنی پەرلەمان بەرنامەیان چییە بۆ کاراکردنەوەی؟

سەبارەت بە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، دلێر مستەفا گوتی "ئێستا تاوتوێی چۆنیەتی دروستکردنی لێژنەکە دەکەین، چونکە دەبێت پەرلەمانتاران لەگەڵ حیزبەکانیان قسە بکەن، مەکتەبی سیاسی ئێمەش دروستکردنی لیژنەکەیان پێ باشە".

بزووتنەوەی گۆڕان تێبینی هەیە لەسەر هەندێک لەو پەرلەمانتارانەی داوای کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکەن. عەبدولڕەحمان عەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت "هەندێک پەرلەمانتار لە شاشەوە باسی کاراکردنەوە دەکەن و لە ئەرزی واقیعیشدا وا نییە، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمان بانگەوازی دانیشتنێکی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بزانین کێ لەگەڵ کاراکردنەوەیە و کێش موزایەدە دەکات".


کۆمەڵی ئیسلامی هیچ ئومێدێکی بە کۆبوونەوە و هەوڵەکانی کاراکردنەوەی پەرلەمان نییە. هەورامان گەچێنەیی، پەرلەمانتاری کۆمەڵ نائومێدە لەو کۆبوونەوەیەی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو فراکسیۆنانە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و گوتی "ئەو کۆبوونەوەیە هیچی لێ شین نابێت، لەبەرئەوەی ئەو حەوت فراکسیۆنە ئەگەر بیانتوانیایە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکەن، هەر ئەو ڕۆژە بڕیاریان دەدا".

ڕۆژی 2013/9/21 هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان بەڕێوەچوو، ڕۆژی 2014/4/30 یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو خولە کرا. ساڵێک زیاترە بەهۆی ڕێگری لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر، پەرلەمان کۆنەبووەتەوە.

فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەڵێت پارتی لەبەر سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی پەکخستووە و پاشان پارتەکانی دیکەش بە ئەندازەی خۆیان بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێت لەبەرئەوەی کارێک ناکەن فراکسیۆنەکانیان پەرلەمان کارا بکەنەوە.

فەخرەددین گوتی "ئێمە قسەمان لەسەر پەرلەمانتارانە کە ماوەی کەمتر لە ساڵێکیان ماوە ئەو خولە تەواوبێ، بەرپرسیارێتی مێژوویی لەسەرشانی پەرلەمانتارانە، چونکە پەرلەمانی ئەوان پەکخراوە و ناتوانن یاسا دەربکەن".

فەخرەدین قادر کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حەوت فراکسیۆنەکە، سەبارەت بە کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان گوتی "بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو کات دیاری نەکراوە، بەڵام ڕێککەوتووین کە فراکسیۆنەکان لەگەڵ حیزبەکانیان کۆببنەوە بۆ گفتوگۆ دەربارەی چۆنێتی کاراکردنەوەی پەرلەمان".



کۆبونەوەی سەرۆکی پەرلەمان و حەوت فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی

### پارتی ڕێککەوتنی نوێی دەوێت

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، کاراکردنەوەی پەرلەمان یەکەمجار پێویستی بە گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکانە بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ و دروستکردنی دەستەی سەرۆکایەتی نوێ، نەک فراکسیۆنەکان.

باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێرە، بەڵام پەرلەمانتاران بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەڵبژاردنی شوێن هەیە. فەخرەدین قادر گوتی "هیوادارم کۆبوونەوەکە لە هەولێر بێت، بەڵام ئەگەر ڕێگەیان نەدا ئەوا لە هەر شوێنێک بێت لەبەر بەرپرسیارێتی سەرشانمان، دەبێت پەرلەمان کارا بکەینەوە".

بەڵام ئومێد خۆشناو لەبارەی کۆبوونەوە لە دەرەوەی هەولێر گوتی "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێت سەرەتا لە باڵەخانەی پەرلەمان کۆبوونەوە بکرێت و پاشان ئەندامان بڕیار لە شوێنی کۆبوونەوەی داهاتوو بدەن".

ئومێد خۆشناو هۆشداریی دا لەبارەی هەوڵی کۆبوونەوە لە دەرەوەی هەولێر و گوتی "هیوادارین هیچ لایەنێک هەوڵی ئەو جۆرە کۆبوونەوەیە نەدەن، لەبەرئەوەی نە پەیڕەو و نە دۆخی سیاسی کوردستانیش ڕێگە بەوە نادەن".

یەکگرتووی ئیسلامیش پێی باشە یەکەمین کۆبوونەوەی کاراکردنەوەی پەرلەمان لە هەولێر بکرێت، د.شێرکۆ جەودەت پەرلەمانتاری یەکگرتوو بە (رووداو)ی گوت "کۆبوونەوەی پەرلەمان هەر دەبێت بکرێت، شوێنەکەشی دەبێت هەولێر بێت، ئەگەریش لەوێ قبوڵ کرا دەبێتە دەروازەیەک بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکە".

## زیانی شەڕەکەی کەرکووک 3 ملیۆن دۆلارە

**رووداو– کەرکووک**

ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی ئەو خەمڵاندنەی کراون پێدەچێت زیانی هێرشە تیرۆریستییەکانی چەکدارانی داعش بۆ شاری کەرکووک نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار بێ، زیانەکەش بەر ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان و پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان و ماڵ و شوێنە گشتییەکان کەوتووە" بەرەبەیانی رۆژی 2016/10/22 ژمارەیەک چەکداری داعش دزەیان کردە نێو شاری کەرکووک و بۆ ماوەی رۆژێک شەڕ و پێکدادان لە نێو شەقام و گەڕەکەکانی ئەو شارە بەردەوام بوو، دواتر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دۆخەکە کۆنترۆڵکرا.




### دەستەی ئامار:

# منداڵبوون لە کوردستان رووی لە دابەزینە



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو– هەولێر**

سەرۆکی دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی، رێژەی منداڵبوون لە کوردستان رووی لە دابەزینە، هۆشداریش دەدات لەوەی کە ئەگەر بارودۆخەکە درێژە بکێشێ، ئەو دابەزینە لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەبێ.

بەپێی یاساکانی عێراق، 10 ساڵ جارێک سەرژمێری بۆ زانینی ژمارەی دانیشتووان دەکرێ، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی، 29 ساڵە لە هەرێمی کوردستان و 19 ساڵە لەعێراق سەرژمێری نەکراوە. ئەمەش هەرێمی کوردستانی رووبەڕووی بۆشایی لە ئامار و داتا لەبارەی گەشەی دانیشتووان کردووەتەوە.

بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی سەرژمێریی دانیشتووان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەپشتبەستن بەداتای هەردوو رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر کە لەساڵی 2006 و 2011 کراون، پێشبینی زیادبوونی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی تاوەکو ساڵی 2020 کردووە.

بەپێی پێشبینیی دەستەکە، ئەگەر هەرێمی کوردستان لە بارێکی ئاسایی ئابووری و سیاسیدا بێت، ژمارەی دانیشتووانی لە کۆتایی ئەمساڵدا بۆ 5 ملیۆن و 614 هەزار کەس زیاد دەکات و لە کۆتایی 2020یش دەبێتە 6 ملیۆن و 171 هەزار کەس.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڵێت "بۆ پێشبینی گەشەی ساڵانەی دانیشتووان، سوودمان لە داتای هەردوو رووپێوییەکە وەرگرتووە، ئەو داتا و ئامارەی لە پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان لە ساڵی 2009 دەستمانکەوت. بەو هۆیەوە تێکڕای رێژەی لەدایکبوون، مردن، کۆچ و کۆچی بەرامبەرمان خەمڵاندووە، پێشبینی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانمان بە رێگەی پرۆگرامی (Spectrum) لە ساڵی 2009 تاوەکو 2020 دیاری کردووە".

بەپێی رووپێوی هێشووی فرەنیشاندەری (MICS) ساڵی 2006 ، تێکڕای بەپیتی و گەشەی دانیشتووان 3.8 بووە، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانگاری ئابووری و کۆمەڵایەتییەی روویداوە، لەساڵی 2012دا رێژەکە بۆ 3.4 دابەزیوە، بە وەرگرتنی تێکڕای هەردوو ساڵ، پێشبینی گەشەی دانیشتووانی ساڵی 2009 بە 3.6 دیاری کراوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش گریمانەی رێژەی گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ 2020 بە 2،2% دیاری کراوە.

سیروان محەممەد دەڵێت "زۆربەی وڵاتان کاتێک بەهەر هۆکارێک نەتوانن سەرژمێریی دانیشتووان بکەن، بۆ دیاریکردنی گەشەی دانیشتووان پەنا بۆ پرۆگرامی (Spectrum) دەبەن و بە سوودوەرگرتن لەداتای دوو سەرژمێریی پێشووتر، گەشەی 10 ساڵی دانیشتووانیان پێشبینی دەکەن، بەڵام ئێمە بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەکی دروست، سوودمان لەداتای رووپێوییەکان بۆ دیاریکردنی گەشەی دانیشتووان وەرگرتووە".

هەرچەندە بەهۆی نەبوونی بودجە لە دوو ساڵی رابردوودا دەستەی ئاماری هەرێم هیچ رووپێوییەکی لەسەر کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر کەمبوونەوەی منداڵبوون نەکردووە، بەڵام سیروان محەممەد دەڵێت "بەگوێرەی ئەو داتایانەی لە وەزارەتی تەندروستی تۆمار کراون، رێژەی لەدایکبوونی منداڵ بە تایبەتی لە ساڵی 2015دا کەمی کردووە".

بەبڕوای سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان "ئەگەر قەیرانی دارایی درێژەبکێشێ، رێژەی لەدایکبوون لە کەمبوونەوە بەردەوام دەبێت و لە داهاتوودا کاریگەریی لەسەر هاوسەنگیی زیادبوونی دانیشتووان دەبێ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی، رێژەی لەدایکبوونی منداڵ لە ساڵی 2011 تاوەکو 2014 لەزیادبووندا بووە، بە جۆرێک لە 145 هەزارەوە بۆ 181 هەزار منداڵ زیادی کردووە، بەڵام لە ساڵی رابردوودا رێژەکە بۆ 164 هەزار منداڵ دابەزیوەتەوە، واتە نزیکەی 17 هەزار منداڵ بەراورد بە ساڵی پێشتر، کەمتر لەدایک بووە.

### ساڵی 2020 ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەبێتە 6 ملیۆن و 171 هەزار کەس

### پسپۆڕێکی ئابووری: قەیرانەکانیش نەمێنن، رێژەی لەدایکبوون زیاد ناکات

پرۆفیسۆر د.خەلیل ئیسماعیل محەممەد، پسپۆڕ لە جوگرافیا و دیمۆگرافیای دانیشتووان لە زانکۆی جیهان، دەڵێت، رێژەی لەدایکبوونی منداڵ لە جیهاندا بەگشتی و وڵاتانی پێشکەوتوو بەتایبەتی، روو لە دابەزینە، لە وڵاتانی دواکەوتوو و تازەپێگەیشتووش بەهۆی کاریگەریی بارودۆخی سیاسی و ئابووری، گۆڕانکاریی تێکەوتووە، بەڵام هێشتا لە ئاستێکی بەرزدایە.

د.خەلیل ئیسماعیل نموونە بە کوردستان دێنێتەوە و دەڵێت: "لەدوای ساڵی 2014 هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانی سیاسی، دارایی و ناسەقامگیریی ئاسایش بووەتەوە، ئەم قەیرانانە بەتێکڕا کاریگەری راستەخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر داهات و دەروونی خێزانەکان دروست کردووە، بۆیە وەک پێشتر بیر لە خستنەوەی منداڵ ناکەنەوە".

بەبڕوای د.خەلیل، ئەگەر ئەم بارۆخە درێژەبکێشێ، لەساڵانی داهاتوودا رێژەی منداڵبوون زیاتر پاشەکشێ دەکات و ئەوکات کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی زیادبوونی دانیشتووان دەبێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "داهات و سەقامگیریی ئاسایشی وڵات رۆڵی کاریگەریان لەسەر بیرکردنەوەی خێزانەکان هەیە، کاتێک خێزانەکان ئاسۆیەکی روونیان بۆ باشبوونی گوزەران نەبێ، بیر لە منداڵبوون ناکەنەوە".

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، ژمارەی مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەکەمبوونەوەدایە، بەجۆرێک لە ساڵی 2013دا 52.749 گرێبەست کراوە، بەڵام ساڵی رابردوو تەنیا 39،602 گرێبەست کراوە.

محەممەد موحسین، پسپۆڕی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین باسی کاریگەریی قەیرانەکان لەسەر خستنەوەی منداڵ دەکات و دەڵێت "ئەگەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە پێش هاتنی داعش و قەیرانی داراییش، هێشتا رێژەی منداڵبوون زیاد ناکاتەوە، چونکە ئەو قەیرانانە کاریگەریی خراپیان لەسەر دەروونی هاووڵاتیان هەبووە، رەنگە جارێکی دیکە بە ئاسانی متمانە بەباشبوونی بارودۆخەکە نەکەنەوە".

### دهۆک ناوەستێ

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەک و پارێزگای هەولێر بە پلەی دوو لە خستنەوەی منداڵ پاشەکشەیان کردووە. بە جۆرێک لە ساڵی 2014دا لە سلێمانی 59.575 منداڵ لەدایک بوون. بەڵام ساڵی رابردوو ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 46.037. لە هەولێریش لە ساڵی 2014دا 60.062 منداڵ لەدایک بوون. بەڵام ساڵی رابردوو 51.110 منداڵ لەدایک بوون. بەپێچەوانەی هەولێر و سلێمانی، لە پارێزگای دهۆک رێژەی لە دایکبوونی منداڵان زیادی کردووە. لەوێ لە ساڵی 2014دا 61.991 منداڵ لەدایک بوون. بەڵام ساڵی رابردوو ژمارەکە هەڵکشاوە بۆ 67.393 منداڵ.

### سێ وڵات ئامادەن قەرزەکە بدەن، بەڵام مەرجیان هەیە

# وەزارەتی کشتوکاڵ قەرز بۆ جووتیاران دەکات


وەزارەتی کشتوکاڵ بەنیازی کڕینی 40 هەزار مانگای شیردەرە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو– هەولێر**

بەئامانجی راکێشانی سەرمایەی بیانی و هاندانی وەبەرهێنەران بۆ وەبەرهێنان لەکەرتی کشتوکاڵدا، وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەوڵی وەرگرتنی قەرزدایە بۆ پێنج پرۆژەی کشتوکاڵی لە بانکە نێودەوڵەتییەکان.

ئەو پێنج پرۆژەیەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەیەوێ قەرزی بۆ وەربگرێ بریتین لە کڕینی 40 هەزار مانگای شیردەر بۆ 4000 جووتیار، دامەزراندنی کارگەی شیرەمەنی لە شارەکان بۆ کڕینەوەی بەرهەمەکانیان، تەواوکردنی پرۆژەی ماسیی تیلاپیا لە هەولێر، دروستکردنی 10 کێڵگەی پەلەوەر و کارگەیەکی ئالیک و پرۆژەیەکی هەڵهێنەر لە گەرمیان، هەروەها دروستکردنی 18 کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و گەشەپێدانی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی نەعامە لە هەولێر.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "ئەو پێنج پرۆژەیە پێویستیان بە 500 ملیۆن دۆلارە، رەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستانمان بۆ قەرزەکە وەرگرتووە".

بە گوتەی د.ئەنوەر، هەریەک لە هەنگاریا، چیک و بیلاڕوسیا ئامادەییان بۆ دابینکردنی قەرزەکە نیشانداوە، لەسەر ئاستی کەرتی تایبەتیش چوار کۆمپانیای ئیتاڵی، ئەڵمانی، فەرەنسی و ئیماراتی ئامادەن پرۆژەکان جێبەجێ بکەن.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "لە گفتوگۆی بەردەوامداین لەگەڵ ئەم لایەنانە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەگەڵ هیچ لایەنێکیان نەگەیشتووینەتە بڕیاری کۆتایی، چونکە بەشێکیان داوای دڵنیایی و دەستەبەری لە بانکی ناوەندیی عێراق دەکەن کە ئێمە ناتوانین ئەو مەرجە جێبەجێ بکەین. بەشێکیشیان داوای رێژەیەکی زۆری سوود بۆ قەرزەکە دەکەن".

مەرجێکی دیکەی وڵاتانی قەرزدەر ئەوەیە کۆمپانیاکانی وڵاتی خۆیان پرۆژەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام د.ئەنوەر دەڵێت "ئەوەشیان زەحمەتە، چونکە بۆ نموونە پرۆژەی ماسیی تیلاپیا، لەلایەن کۆمپانیایەکی نەرویجی جێبەجێ دەکرێ". گوتیشی "بۆیە ئێستا دەمانەوێ پرۆژەی کڕینی مانگا بۆ جووتیاران جێبەجێ بکەین کە بۆ هەموو قۆناغەکان 400 ملیۆن دۆلاری پێویستە".

لە زۆربەی وڵاتاندا گرنگییەکی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ دەدرێ و بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان دەکرێ، بەڵام لە کوردستان بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ لە دوای زۆربەی وەزارەتەکانی دیکەوە دێت.

د.سەباح سابیر خۆشناو، مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "لە یەکەم کابینەی حکومەتەوە تائێستا بڕی تەرخانکراوی بودجە بۆ کەرتی کشتوکاڵ لە باشترین حاڵەتدا 4%ی بودجەی گشتی تێنەپەڕیوە، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی راسپاردەکانی UN پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ لە 10%ی بودجەی گشتی کەمتر نەبێت، ئەمە بەڵگەیە بۆئەوەی حکومەت وەک پێویست گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵی نەداوە".

لە دوای دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2006دا 760 پرۆژەی وەبەرهێنان بەسەرمایەی 47 ملیار و 361 میلۆن دۆلار مۆڵەتیان وەرگرتووە. د.سەباح خۆشناو دەڵێ "لەکۆی ئەو 760 پرۆژەیە، تەنیا 30 پرۆژەیان کشتوکاڵین، لەوانەش بەشێکی کەمیان جێبەجێ کراون، بەڵام بەپێی ستانداردی جیهانی دەبووایە 190 لەو پرۆژانە لە بواری کشتوکاڵ بوونایە و سەرمایەکەشیان 11 ملیار دۆلار بووایە".

د.سەباح خۆشناو گوتی "ئەگەر ئێمە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەکەرتی کشتوکاڵ بکەینە پێوەر، بۆمان دەردەکەوێت حکومەت لە راکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ سەرکەوتوو نەبووە".

بەپێی ئاماری فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری کە وێنەیەکی داوەتە (رووداو)، لەو 30 پرۆژەیەی کشتوکاڵ تەنیا هەشت پرۆژەیان 100% تەواوکراون. شەش پرۆژەی دیکە 60%یان تەواو بووە، سێ پرۆژە 10% و 13 پرۆژەش هەر جێبەجێ نەکراون.

د.ئەنوەر دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی سەرمایەداران کەمتر ئارەزووی وەبەرهێنانیان لە کەرتی کشتوکاڵدا هەیە، چونکە ئەو کەرتە تاوەکو دەگاتە بەرهەم پێویستی بە کاتێکی زۆرە، لەو ماوەیەشدا مەترسی تووشبوون بەنەخۆشی، لەناوچوون و مردنیش زۆرە. کاتێکیش پێدەگات ساغکردنەوە و بازاڕی پێویستە".

د.ئەنوەر پێیوایە بەشێکی هۆکارەکە خودی وەزارەتی کشتوکاڵە "چونکە ئێمەش کەمتەرخەمیمان هەبووە، نەمانتوانیوە رۆتین کەم بکەینەوە و بەزووترین کات زەوی پێویست لە شوێنی گونجاو بۆ پرۆژەکان تەرخان بکەین. یاسای وەزارەتیش زۆر کۆنە و بۆ سیستەمی سۆشیالیستی گونجاوە نەک ئەوەی ئێستا".

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەجێبەجێکردنی ئەو چەند پرۆژەیە، هەنگاوێکی باش دەچینە پێشەوە لە دابینکردنی بەشێک لە پێویستییە خۆراکییەکان. لەوانەشە ئەمە ببێتە هەنگاوێک بۆ برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ و راکێشانی سەرمایەی بیانی و سەرنجی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان".

پسپۆڕانی ئابووری دەڵێن راکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان کۆمەڵێک ئاستەنگ و سەرکێشی تێدایە، بۆیە پێش گرێبەستکردن پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ کەڵکی ئابووریی پرۆژەکان بکرێ.

د.سەباح خۆشناو، شارەزای ئابووری دەڵێت "وەبەرهێنەرانی بیانی زۆر جار بۆ دڵنیابوون و گەڕانەوەی پارەکانیان لەکاتی خۆیدا زۆر مەرجی گران دادەنێن، یان داوای دڵنیایی و سوودی ساڵانەی زۆر دەکەن، بۆیە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ وریایانە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکان بکات و خۆی نەخاتە ژێر باری قەرزێک کە لەداهاتوودا نەتوانێ لەکاتی خۆی بیداتەوە".

### 18 هەزار هەلی کار

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئێستا 153 هەزار جووتیار سەرقاڵی کشتوکاڵن. د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، ئەگەر بتوانن قەرز بۆ پرۆژەی بەخێوکردنی 40 هەزار مانگا وەربگرن، ئەوا 18 هەزار هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێ و کوردستانیش بۆ بەرهەمە شیرەمەنییەکان دەگاتە ئاستی خۆبژێوی کە ئێستا 46%ی لە دەرەوە هاوردە دەکات.

لە نۆ مانگی رابردوودا 155 ملیۆن بەرمیل هەناردە کراوە

# "هەرێمی کوردستان ساڵی داهاتوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز دەکاتەوە"


محەممەد شوشی
رووداو- هەولێر


وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نۆ مانگی رابردوودا زیاتر لە 155 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە کە داهاتەکەی زیاتر لە چوار ملیار دۆلار بووە، پێشبینیش دەکرێ لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵ 60 ملیۆن بەرمیلی دیکەش بفرۆشێ، ئەگەر نرخی نەوتیش بە جێگیری بمێنێتەوە، ئەوا داهاتی فرۆشتنی ئەو 60 ملیۆن بەرمیلە نزیکەی دوو ملیار دۆلار دەبێ.

## مانگی زێڕینی نەوت

بەپێی ئەو داتایانەی کۆتایی هەموو مانگێک لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە لەبارەی بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت و داهاتەکەی بڵاودەکرێنەوە، ئەمساڵ زۆرترین نەوتی کوردستان لە مانگی کانوونی دووەمدا بەرهەم هێنراوە و هەناردە کراوە کە تێکڕای بەرهەمهێنان 22،256،131 بەرمیل نەوت بووە، واتە 717،939 بەرمیل لە رۆژێکدا. لەو بڕەی بەرهەم هێنراوە، رۆژانە 601.811 بەرمیلی لە رێگای بۆڕی نەوتی کوردستان – جەیهان هەناردە کراوە. هەروەها رۆژانە 120 هەزار بەرمیل لە ناوخۆی کوردستاندا بەکارهاتووە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا تەنیا یەک رۆژ هەناردەکردنی نەوت وەستاوە، ئەویش بەهۆی کونکردنی بۆڕی نەوتی کوردستان – جەیهان بوو. داهاتی ئەو 18،653،340 بەرمیل نەوتەی هەناردە کراوە، 650 ملیۆن دۆلار بووە.

## کەمترین بەرهەم

بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کەمترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ماوەی نۆ مانگی رابردوودا، لە مانگی شوباتدا تۆمارکراوە کە تێکڕای بەرهەمهێنان 13،751،944 بەرمیل نەوت بووە، واتە 474،204 بەرمیل لە رۆژێکدا، کە بەراورد بە مانگی یەک، نزیکەی 40%ی ئاستی بەرهەمهێنان پاشەکشەی کرد.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی شوباتدا بەرهەم هاتبوو، 10،151،944 بەرمیل هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە (350،067 بەرمیل لە رۆژێکدا). هەروەها 3،600 هەزار بەرمیل نەوت لە ناوخۆدا بەکارهاتووە.

هۆکاری کەمبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت بەهۆی هێرشکردن بوو بۆ سەر بۆڕی نەوتی کوردستان لە دیوی تورکیاوە کە بەو هۆیەوە ماوەی 13 رۆژ هەناردەکردنی نەوت وەستا. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەو هۆیەوە زیانی 200 ملیۆن دۆلار بەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوت.

لە مانگی شوباتدا تێکڕای داهاتی نەوت 303،943،433 دۆلار بووە کە 70،933،433 دۆلاری وەک حەقدەست دراوە بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت. لەو بڕە پارەیەش 100 ملیۆن دۆلاری پارەی پێشەکیی فرۆشتنی نەوت بووە.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی ئادار جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ مانگی شوباتدا. ئاستی بەرهەمهێنان لەو مانگەدا 13،748،487 بەرمیل نەوت بووە (443،499 بەرمیل لە رۆژێکدا).

سەبارەت بە هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتەی لە مانگی ئادار بەرهەم هاتووە، دەرکەوتووە کە 10،148،487 بەرمیل نەوت هەناردەکراوە (327،371 بەرمیل لە رۆژێکدا) هەروەها 3،600 هەزار بەرمیل لە ناوخۆدا بەکارهاتووە.

لە مانگی ئاداریش ماوەی 12 رۆژ هەناردەکردنی نەوت بەهۆی درێژەکێشانی پرۆسەی چاککردنەوەی بۆڕی نەوتی کوردستان وەستا کە بەهۆی هێرشکردنەوە پەکی کەوتبوو.

داهاتی نەوتی فرۆشراوی ئەو مانگەش 557،272،177 دۆلار بووە، لەو بڕە پارەیە 350 ملیۆن دۆلار پارەی پێشەکیی فرۆشتنی نەوت بووە، بەشێکیشی وەک قەرز وەرگیراوە.

لە مانگی ئاداردا 36،014،177 دۆلار وەک حەقدەستی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت بە کۆمپانیاکان دراوە و بڕی 4،258،000 دۆلاریش لەبری وەزارەتی شارەوانی درابوو بە کۆمپانیای بیوەتەر.

## بەرهەمهێنان بەرزدەبێتەوە

بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی نیساندا بە بەراورد بە مانگی ئادار بە رێژەی 27% بەرزبووەتەوە، بڕی بەرهەمهێنانیش 18،956،651 بەرمیل نەوت بووە (631،888 بەرمیل لە رۆژێکدا).

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی نیساندا بەرهەم هاتووە بڕی 15،356،651 بەرمیل (551،888 بەرمیل لە رۆژێکدا) لە رێگای بۆڕی نەوتی کوردستان – جەیهان رەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە. هەروەها 3،600،000 بەرمیل لە ناوخۆدا بەکارهاتووە.

تێکڕای داهاتی نەوتیش لەو مانگەدا 376،395،901 دۆلار بووە. لەو بڕە پارەیە 58،895،901 دۆلار وەک حەقدەست دراوەتە ئەو کۆمپانیایانەی لە کەرتی نەوتی کوردستان کاردەکەن.

لە مانگی ئایاردا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەراورد بە مانگی نیسان 2% زیادی کردووە. بڕی بەرهەم گەیشتووەتە 19،504،271 بەرمیل (629 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا).

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی ئایاردا بەرهەم هاتووە 15،904،271 بەرمیل نەوت (531،041 بەرمیل لە رۆژێکدا) لە رێگای بۆڕی نەوتی کوردستان – جەیهان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە.

لە مانگی ئایاردا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای 18 کەشتی بارهەڵگرەوە 15،887،594 بەرمیل نەوتی گەیاندووەتە بازاڕەکانی جیهان. لەو نەوتەی کە هەناردەش کراوە چوار بارە نەوت کە بڕەکەی 3،797،461 بەرمیل بووە، دراوە بە چەند کڕیارێک کە پێشتر قەرزیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابوو.

بڕی ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی نەوت لە مانگی ئایاردا دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتبوو 390،748،957 دۆلار بووە، لەو بڕە پارەیەش 75،262،856 دۆلار وەکو حەقدەست، دراوەتە شەش کۆمپانیای بەرهەمهێنەری نەوت.

## کەرکووک بەرهەم دادەبەزێنێ

لە مانگەکانی حوزەیران و تەمموز و ئابدا، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە کورتی دا، ئەویش بەهۆی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک لە رێگەی بۆڕی نەوتی کوردستانەوە.

لە مانگی حوزەیراندا بڕی بەرهەمهێنان 17،020،131 بەرمیل نەوت (567،337 بەرمیل لە رۆژێکدا) بووە. لەو بڕە نەوتەی بەرهەم هاتووە 14،997،250 بەرمیل نەوت (499.908 بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا) لە رێگەی بەندەری جەیهانەوە فرۆشراوە. داهاتەکەشی 561،953،676 دۆلار بووە. لەو نەوتەی لە مانگی حوزەیراندا بەرهەم هاتووە زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیلی لە ناوخۆدا بەکارهاتووە.

لە مانگی تەممووزدا ئاستی بەرهەمهێنان بەراورد بە مانگی حوزەیران زیاتر لە ملیۆنێک بەرمیل کەمی کردووە. بڕی بەرهەمهێنان لەو مانگەدا 16،098،803 بەرمیل (536،560 بەرمیل لە رۆژێکدا) بووە.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی تەممووزدا بەرهەم هاتووە، 14،176،761 بەرمیل (472،558 بەرمیل لە رۆژێکدا) هەناردە کراوە. داهاتەکەشی 461،196،477 دۆلار بووە. هەر لەو بڕە نەوتەی لەو مانگەدا بەرهەم هاتووە ملیۆنێک و 900 هەزار بەرمیلی لە نێوخۆدا بەکارهاتووە.

بەهۆی راگرتنی نەوتی کەرکووکەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی ئابیشدا هەر بە نزمی ماوەتەوە، بەڵام خراپتر لە مانگەکانی تەمموز و حوزەیران کە بۆ 15،008،031 بەرمیل (500،267 بەرمیل لە رۆژێکدا) دابەزی.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی هەشتدا بەرهەم هاتووە، 12،763،566 بەرمیل (425،452 بەرمیل لە رۆژێکدا) هەناردە کراوە کە داهاتەکەی 413،994،993 دۆلار بووە.

لە کۆی ئەو نەوتەی لە مانگی ئابدا هاتووەتە بەرهەم 2244465 بەرمیلی لە ناوخۆی کوردستان بەکارهاتووە.

## گەرانەوە بۆ سەر رێچکەی بەرهەمهێنان

مانگی رابردوو (ئەیلوول) جارێکی دیکە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان بەرزبووەوە، ئەویش دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر هەناردەکردنی نەوتی دوو کێڵگەی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک لە رێگەی بۆڕی نەوتی کوردستانەوە رێککەوتن.


حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلوودا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی زیاد کرد بۆ 18،668،042 ملیۆن بەرمیل (622،268 بەرمیل لە رۆژێکدا). لەو برە نەوتەی لە مانگی ئەیلوولدا بەرهەم هاتووە 16،944،237 بەرمیل نەوت (564،807 بەرمیل لە رۆژێکدا) هەناردە کراوە. هەروەها 1،723،805 بەرمیل لە ناوخۆی کوردستاندا بەکارهاتووە.

داهاتی نەوت لە مانگی ئەیلوولدا 611،764،928 دۆلار بووە و هەر بەرمیلێکی نەوتی کوردستان بە 36 دۆلار و 10 سەنت فرۆشراوە، بەڵام بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەو برە داهاتە تەنیا 342،614،969 دۆلار بۆ حکومەت ماوەتەوە. ئەوەی دیکە 75،773،752 دۆلاری دراوەتە کۆمپانیاکان، 173،376،207 دۆلار دراوەتەوە قەرز، هەروەها 20 ملیۆن دۆلاریش دراوەتە پترۆدۆلاری کەرکووک و تێچووی کارەبا.

نەوتی کوردستان لە چارەکی کۆتایی ساڵدا

سەبارەت بەو سێ مانگەی ماوە. ئەگەر مانگی رابردوو بکرێتە پێوەر کە 18،668،042 هەزار بەرمیل بەرهەم هاتبوو، ئەوا کۆی بەرهەمی ئەو سێ مانگە دەگاتە 56،004،126 بەرمیل. هەروەها ئەگەر ئاستی هەناردەکردنیش وەکو مانگی رابردوو بێ کە 564،807 بەرمیل بووە لە رۆژێکدا، ئەوا کۆی هەناردەی نەوتی کوردستان لەو سێ مانگەدا دەگاتە 50،832،630 بەرمیل نەوت.

سەبارەت بە داهاتی پێشبینیکراوی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەکی کۆتایی ساڵ، ئەگەر نرخی بەرمیلێک نەوتی کوردستان لە مانگی ئەیلوولدا کە 36 دۆلار بووە و بکرێتە پێوەر، ئەوا داهاتی نەوتی کوردستان لەو سێ مانگەدا دەگاتە 1،829،974،680 دۆلار.




## نرخی بەرمیلێک نەوت دەبێتە 60 دۆلار

شوان زولاڵ، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کاردۆخی بۆ راوێژکاری وزە لە لەندەن پێشبینی دەکات لە سێ مانگ داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەیەت، بەڵام لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا، بەهۆی چالاکیی لێدانی بیری نوێ لەلایەن کۆمپانیاکانی دی ئێن و ئۆ و گەنەل ئینێرجی، هەروەها پاککردنەوەی دەشتی نەینەوا لە داعش، لە چارەگی یەکەمی ساڵی داهاتووەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان بەرزببێتەوە.

سەبارەت بە نرخی نەوتی فرۆشراو ئەو شرۆڤەکارە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ، پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ ئاستەکانی 55 تا 60 دۆلار دەکرێت. ئەمەش کاریگەری لەسەر نرخی نەوتی فرۆشراوی کوردستان دەبێت و داهاتێکی زۆرتر دەست حکومەت دەکەوێت".



(ڕووداو) وێنەی نێو کامێراکانیان بڵاودەکاتەوە

# منداڵانی بۆمبڕێژکراو بەر لە مردن بەدەم "مژدەی بەهەشت"ـەوە پێدەکەنن



ڕووداو– باشیک

لەو تونێلانەدا کە داعش لە باشیک لێیداون، منداڵانی بۆمبڕێژکراو هەن. چەکدارە بەتەمەنەکانی داعش بۆمبەکانیان بۆ دروست دەکەن و پێیانەوە هەڵیاندەواسن و وێنەیان دەگرن. لەو وێنانەدا کە (ڕووداو) لەسەر کامێرای چەکدارە کوژراوەکانی شەڕەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە باشیک دەستیکەوتووە، کۆمەڵێک منداڵ دەردەکەون کە لەگەڵ چەکدارەکان لە تونێلەکاندان و پشتێنەی بۆمبڕێژکراویان پێوە دەکرێت. داعش تەنیا لە باشیک نا، بەڵکو لە ناوچەکانی دیکەش منداڵان وەکو چەکدار و خۆکوژ بەکاردەهێنێت. لە هەندێک کەمپ پەروەردەی تایبەتیان دەداتێ و دواتر دەیاننێرێت بۆ ئەو کارانەی دەبێ بیکەن. منداڵانی داعش دەزانن دەمرن، بەڵام لەبەر ئەو مژدەیەی پێیان دراوە، بەرلەوەی بمرن، وەک لە وێنەکاندا دەردەکەوێت، پێدەکەنن.



### لە 6 ساڵییەوە ئامادە دەکرێن

تەمەنی دەستپێکردنی مەشقی فیزیکی و سەربازیی کوڕان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش شەشساڵە. ئەو کوڕانە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا ئامادەن بۆ ئەوەی ببنە خۆکوژ.





### "ئومێدەکانی خەلافەت".

ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ئایدیۆلۆژیای داعش و توندوتیژییەکان تەنها بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەی کاتی نییە، بەڵکو بەشێکە لە دروستکردنی ژێرخانی مرۆیی پێویست بۆ هەوڵەکانی داهاتووی سەلەفییە جیهادییەکان بۆ ئەوەی دوای شکستهێنانی داعش، لە داهاتوودا هەوڵی دامەزراندنەوەی خەلافەتێکی دیکە بدەن.



### سەیری سەربڕین دەکەن

ژمارەیەک لە "منداڵانی خەلافەت" ڕەوانەی قوتابخانە یان کەمپەکانی مەشقی داعش دەکرێن. لە قوتابخانەکانی داعش ئەوەی بایەخی پێدەدرێ تەنها ئەوە نییە کە ئایدیۆلۆژیاکەی داعش بە تاکە ئایدیۆلۆژیای ڕاستەقینە بزانن، بەڵکو دەبێ ئامادە بن جەنگی بۆ بکەن. بۆیەش لە قوتابخانە و کەمپەکان مەشقی بەکارهێنانی چەک، نارنجۆکیان پێدەکرێ، هەروەها هاندەدرێن بۆ ئەوەی ببنە خۆکوژ. بەپێی دانپێدانانی ژمارەیەک لەو منداڵانەی لە کەمپەکانی داعش ڕایانکردووە یان ناوچەکانیان ڕزگار کراوە، منداڵەکان لە کەمپەکانی مەشق ناچار دەکرێن سەیری دیمەنەکانی سەربڕین و لە سێدارەدانی بەندکراوەکان بکەن.



### بۆچی منداڵ بەکاردەهێنن؟

بەکارهێنانی منداڵان وەکوو خۆکوژ لە لایەن داعشەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانەش منداڵەکان بەهۆی کەمیی تەمەنیانەوە لە مردن سڵ ناکەنەوە، بینینی وێنە و ستایشی منداڵە خۆکوژەکانی دیکە زووتر هانیان دەدات بۆ ئەوەی ئەوانیش ببن بە خۆکوژ، هەروەها منداڵەکان کەمتر دەبنە جێگەی گومانی دەزگا ئەمنییەکان.



### منداڵانی خەلافەت کێن؟

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نزیکەی شەش ملیۆن کەس لە ژێر دەسەڵاتی داعش ژیاون، یەک لەسەر سێی ئەم ژمارەیە تەمەنیان لە خوار 15 ساڵە، ئەمانەش ئەو کەسانەن کە بە "منداڵانی خەلافەت" ناودەبردرێن.





ڕووداو
ژمارە ( 429 ) – دووشەممە 2016/10/24



## کۆچبەرانی سوێد خۆیان دەشارنەوە

**ڕووداو – سوێد**

بەپێی ئامارێکی دەزگای کۆچی سوێد لە کۆی 3200 کۆچبەر کە داواکانیان بۆ مافی پەنابەرێتی ڕەتکراوەتەوە، تا ئێستا 250یان سوێدیان جێهێشتووە، لەبەرامبەردا 1150 پەنابەر دیار نەماون، واتا دەستگەی کۆچ نازانن لە کوێن.

ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی دوای بڕیاری پەسەندنەکردنی داواکانیان دیارنامێنن لە زیادبووندایە. هۆکارەکەشی ئەو یاسا نوێیەیە کە لە هاوینی ڕابردوودا خرایەکار. بەپێی یاساکە ئەو کۆچبەرەی داواکەی پەسەند نەکرێت مافی بیمە و شوێنی ژیانی نامێنێت. واتا تا ئەو کاتەی بڕیاری ناردنەوەیان دەردەچێت دەبێت خۆیان بژێویان دابین بکەن.

## سۆسیال نامێنێ و پەنابەر دەبێ کار بکات

# فینلاند چیدی نانی خۆڕایی ناداتە پەنابەر

**ڕووداو– هێلسینکی**

"خۆشحاڵ نیم بە وەرگرتنی پارەی سۆسیال، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەم نییە. ئەو سیستمە تازەیەش لە بەرژەوەندی ئێمە نییە و دوور نییە بگەڕێمەوە کوردستان". ئەمە قسەی سانیە محەممەد، ژنە کوردێکی دانیشتووی فینلاندە.

سانیە محەممەد، 38 ساڵ، هەر لە ئێستاوە تووشی دڵەڕاوکێ هاتووە، بەهۆی ئەو بڕیارەی کە حکومەتی فینلاند دەیەوێ لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە جێبەجێی بکات: بڕیاری نەهێشتنی سیستەمی سۆسیال. بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، پێشبینی دەکرێ زۆر لە پەنابەرانی کورد، ئەو وڵاتە جێبهێڵن.

### دیاریی پارتە ڕاستڕەوەکانە

کاریگەریی هاتنە پێشەوەی باڵی ڕاست و پارتە نەژادپەرستەکانی فینلاند لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردووی پەرلەمانی فینلاند، هێدی هێدی دەردەکەوێت، لە نێویاندا کەمکردنەوەی ناوەند و فەرمانگە حکومییەکان لەلایەک و نەهێشتنی سیستەمە خزمەتگوزارییەکان لەلایەکی دی.

ئەوەی زۆر لە پەنابەران لێی دەترسن، نەمانی خزمەتگوزارییەکانی سیستمی سۆسیالە.

پەنابەران و چالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ، ئەمە بە سەرەتایەکی خراپ دەزانن. بەڵام ئاتوو یالمار کە نزیکە لە پارتی سەنتەری زۆرینەی دەسەڵاتدار، ئەو مەترسیانە ڕەتدەکاتەوە.

دامەزراوەی سۆسیال لە فینلاند ئاسانکارییەکی زۆری کردبوو، خزمەتگوزاریی زۆری پێشکەش دەکرد، ئەمەش هانی بەشێک لە پەنابەرانی دەدا پشت بە پارەی سۆسیال ببەستن.

ئاتوو یالمار کە شارەزای بواری کار و خزمەتگوزاریی کەسانی بێکارە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم سیستەمە هانی خەڵکی دەدا کار نەکەن و پارە لە دەوڵەت وەربگرن. هەندێکجار لە پاڵیدا کاری ڕەشیش بکەن. بەڵگەم هەیە لە نێو بیانییەکانی ئەم وڵاتە پزیشک هەبووە، کاری نەکردووە و سۆسیالی وەرگرتووە". ئاتوو یالمار هەروەها دەڵێت "ئەگەر پەنابەر و بیانییەکانی وڵات پێیانوابێت ئەم سیستمە تازەیە لە خزمەتیان نییە، ئەوە هەڵەن، چونکە کاریگەریی لەسەر زیادبوونی تواناکانیان دەبێت".

ئەوەی لە پێشنیازە تازەکەدا هەیە و بڕیارە لە سەرەتای ساڵی تازەوە بچێتە بواری پراکتیک، وەک ئەو شارەزایە باسی دەکات، نەمانی دامەزراوەی سۆسیالە و گواستنەوەی ئەرکەکانی ئەم دامەزراوەیە بۆ سەر فەرمانگەی کار.

لەمەودوا لە فینلاند ئەوەی کاری نەبێت دەبێت کار بکات، تا ئەو کاتەی کاریش دەدۆزێتەوە دەوڵەت پارەی بێکاریی دەداتێ. یالمار دەڵێت "ئەو پارەیەی دامەزراوەی کار



دوای نەمانی سۆسیال پەنابەران بیر لە جێهێشتنی فیندلاند دەکەنەوە

## پەنابەرێکی کورد: سۆسیال نەمێنێ، ژیانمان زۆر قورس دەبێت

دەیدات بە کەسی بێکار، نزیکەی 30%ی لە پارەی سۆسیال زیاترە، ئیدی نازانم خەڵک و پارتە چەپەکان بۆ پێیان ناخۆشە".

سانیە کە توانای کاری نییە و پشتی بە سۆسیال بەستووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە پارەکە زیاترە، بەڵام لە زۆر خزمەتگوزاریی دیکە بێبەش دەبیت، بۆ نموونە پارەی منداڵ، خوێندنی منداڵ، بواری پزیشکی و خەرجیی دیکەی وەک ئۆتۆمبێل و ئەم جۆرە شتانە نامێنێ". هەروەها دەڵێت "پارەی فەرمانگەی کار زۆر کاتییە، بە زۆر سیستەمی دیکەشەوە پابەندت دەکەن".

جیاواز لە زۆر وڵاتی دیکەی ئەورووپا، دامەزراوەی سۆسیال لە فینلاند، لەپاڵ فەراهەمکردنی ژیان، هەموو ئەم خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرد. بەڵام لە سەرەتای ساڵی نوێوە ئەمانە هیچی نامێنێ.

لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا، خەڵک ناچار دەبن کار بکەن. لە بەرامبەریشدا حکومەت ناچار دەبێ هەلی کاری زۆرتر بڕەخسێنێ.

مستەفا ڕەسوڵ، چالاکڤانی مافی مرۆڤ و کادری یەکێک لە پارتە چەپەکان دەڵێت "ناچارکردنی خەڵک بە کار، حکومەت ناچار دەکات هەلی کاری زۆرتر بڕەخسێنێ، ئەوەش ئەنجامێکی خراپی هەیە کە زەرەرمەندەکەی خەڵکە".

نموونەی ئەمە بەلای مستەفاوە بوونی پزیشکێکی کەم ئەزموونە لە نەخۆشخانەیەک، بە پارەیەکی کەم. ئەو دەپرسێت "کێ زەرەر دەکات؟ خەڵک. ناچارکردنی خەڵک بە کار، وەک سەربازیکردنی بەزۆر وایە، کاریگەری لەسەر کەمبوونەوە و دابەزینی کواڵیتیی خزمەتگوازییەکان دەبێت".

بەڵام ئەو پەنابەرە کوردە بە ناڕاستەوخۆ پشتگیری لە پرۆژەکەی پارتە ڕاستەکانی پەرلەمانی فینلاند دەکات و دەڵێت "زۆرینەی ڕەهای پەنابەران بە تایبەتی کورد و عەرەب پشت بە سۆسیال دەبەستن. بەداخەوە زۆر ئیستغلالیشی تێدا بووە. وێڕای بوونی زۆر لایەنی ئەرێنی، بەڵام ئەوەی پەنابەر و بیانی ئەم وڵاتانەی پێ دەناسرێتەوە، سیستمی سۆسیال و کاری ڕەش و جۆرێک لە کاری ساختەکارییە. بەداخەوە لەگەڵ زۆربوونی قەیرانەکان و زیادبوونی ژمارەی کۆچبەران لەم وڵاتانە، ئەم سیستمانە بەو ئەنجامە دەگەن".

## چیرۆکی ئەو کۆچبەرانەی لە ڕووسیاوە بە پایسکیل دەپەڕنەوە نەرویج

# 20 خولەک ڕۆیشتن بە پایسکیل بە 12 هەزار دۆلارە

## قاچاخچییەکی کورد: هەر کۆچبەرێک بەبێ پرسی قاچاخچییەکان بە پایسکیل بپەڕێتەوە، دەکوژرێ

**ڕووداو – ئۆسلۆ**

قاچاخچییەکان بەردەوامن لە دۆزینەی ڕێی تازە بۆ پەڕاندنەوەی کۆچبەر لە نێوان سنووری وڵاتاندا. یەکێک لەو ڕێگا تازانە دەکەوێتە هەرە باکووری گۆی زەوی کە کۆچبەران لەوێوە دەگەیەنرێنە ناو خاکی نەرویج و فینلاند، بەڵام بە پایسکڵ.

دەوەن ناسر، کۆچبەرێکی کوردی خەڵکی شاری هەولێرە، تاوەکو گەیشتووەتە نەرویج تەنیا نیو کاژێرێک سەروکاری لەگەڵ قاچاخچییەکان هەبووە. ئەو دوای ئەوەی ڤیزای ڕووسیای وەرگرتووە و گەشتی بۆ ئەو وڵاتە کردووە، خۆی گەیاندووەتە سەر سنووری ڕووسیا و نەرویج، لەوێشەوە بە پایسکڵ پەڕیوەتەوە نەرویج.

قاچاخچییەکان بە ناوهێنانی سیبیریا کۆچبەران دەترسێنن، هەمیشە باسی سیبیریا دەکەن تاوەکو دەیانگەیەننە سەر سنووری نەرویج، بەڵام دەوەن دەڵێت "بەو شێوەیە نەبوو کە قاچاخچییەکان باسیان دەکرد. نهێنی کارەکە تەنیا ئەوە بوو ڕێگەکەی نیشان دەدایین، بە 20 خولەکێک بە پایسکڵ دەمانبڕی و 12 هەزار دۆلارمان دەدا".

بەهۆی گرانیی نرخی شتومەک لە نەرویج، خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی باکووری ئەو وڵاتە ڕۆژانە بۆ کڕینی شمەک دەپەڕنەوە دیوی سنووری ڕووسیا. بەهۆی ئەمەوە سەدان مینی مارکێت لەسەر سنووری ڕووسیا لەگەڵ نەرویج و فینلاند دروستکراون، ڕۆژانە نەرویجی و فینلاندییەکان بە پایسکیل سنوور دەبڕن و لەو مارکێتانە شتومەک دەکڕن. قاچاخچییەکانیش ئەو ڕێگایانەیان قۆستووەتەوە بۆ گواستنەوەی کۆچبەران بۆ ئەو دوو وڵاتە.

بەو پێیەی گوندەکانی سەر سنوور زۆربەی کات بەفر و بارانیان لێ دەبارێ و ناوچەی سەهۆڵین، کەمتر چاودێریی پۆلیسیان بەسەرەوەیە بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا.

کارۆڵ، 24 ساڵ کە خەڵکی ڕووسیایە و خاوەنی مارکێتێکە لەسەر سنوور بە (ڕووداو)ی گوت "دۆزینەوەی ئەم ڕێگەیە بۆ کۆچبەران لەسەر دەستی چەند کەسێکی ڕووس و کورد بوو کە لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا دەیان هەزار کەسیان بە پایسکیل پەڕاندووەتەوە".

بە گوتەی کارۆڵ گواستنەوەی کۆچبەران لەو ڕێگایەوە زۆرتر لە وەرزی زستاندایە، چونکە هاوینان گەشتکردن لە ناوچەکە زۆر دەبێ و چاودێریی پۆلیس زۆرتر دەبێ.

قاچاخچییەکەی دەوەن لە هەولێر تەنیا دانانی پلانی لە ئەستۆ بووە و دەوەن خۆی ڤیزای وەرگرتووە و بلیتی فڕۆکەی بڕیوە.

دەوەن گوتی "لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ بەرەو سان پێترسبۆرگ و لەوێشەوە بە پاس بەرەو باکوور چووین".

دوای گەیشتنی بە ناوچەیەک بەناوی (ڕیتینسکۆی)، کوردێکی قەفقازی بەناوی (وەلید) چاوەڕێی دەوەن و هاوڕێکانی دەکات. دەوەن دەڵێت "دوای 14 کاژێر وەلید بە ئۆتۆمبێلێکی کۆن کە لە (لادا) دەچوو، بردینی بەرەو گوندێک و پاشان بۆ (نیکال) و لەوێ تەنیا گوتی ئەوە سنوورەکەیە، ئەوەش پایسکیل و بۆ خۆتان بڕۆن". دەوەن سەری سوڕماوە کە چۆن بەو ئاسانییە لە سنووری ڕووسیا پەڕیوەتەوە بۆ نەرویج "حەپەسابووم و نەمدەزانی گەیشتن بە نەرویج ئەوەندە ئاسانە". بەڵام هیچ کۆچبەرێک جورئەتی ئەوە ناکات بەبێ قاچاخچی خۆی لەو ڕێگایە بدات.

دەوەن دەڵێت "ئەگەر پارەکەت نەدابێت، یان زەمانەتی تەسلیمت لە هەولێرەوە پێ نەبێت، لەوانەیە بتکوژن". کارۆلیش دەڵێت بەچاوی خۆی بینیویەتی کۆچبەر لەسەر دەستی قاچاخچی کوژراوە، چونکە هەوڵی داوە ڕابکات، یان سەربەخۆ هاتووە.

قاچاخچییەکی کورد قسەکانی دەوەن و کارۆڵ پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت سەربەخۆ هاتن بۆ ئەو ڕێگایە، یان دەستوەردان لەو ڕێگایە، یەکسەر کوشتنی بەدواوەیە.

سەرمەد، ناوی خوازراوی قاچاخچییەکی کوردە و ئێستا لە گرتووخانەیەکی سوێدە، ئەو پێشتر لە نێوان سنوورەکانی (ئیستۆنیا/فینلاند) و (سوێد/ فینلاند) کاری کردووە، دەڵێت "ئەو ڕێگایانەی زۆر ئاسانن، لەلایەن چەند مافیایەکی ڕووسی قۆرخکراون و نزیکبوونەوەی هەر یەکێک لە ئێمە، یان لە کۆچبەرەکان بەبێ ڕێبەر، چارەنووسەکەی کوشتنە".

سەرمەد زانیاری زۆری لەسەر سنوورەکانی نێوان ڕووسیا لەگەڵ فینلاند و نەرویج هەبوو. گوتی "مامەڵە لەگەڵ قاچاخچییە ڕووسەکان زۆر مەترسیدار بوو، دەبووایە خۆت لە کێشە بەدوور بگری". گوتیشی "زۆربەیان ئەوانەن کە بە لۆری و بارهەڵگری گەورە لە سنوورەکانی ڕووسیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی کار دەکەن، ئەوان لە پاڵ کارەکەیان کاری ماددەی هۆشبەر و خواردنەوە و تەنانەت هێنانی ئافرەتی لەشفرۆشیشیان دەکرد".

ئەوەی بەلای سەرمەدەوە جێی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بووە کە چەند کوردێک لەگەڵ ڕووسەکان کاریان دەکرد "ئەوان لە هەولێر و سلێمانی دەڵاڵیان هەیە".

پێچەوانەی ڕووسەکان، نەرویجییەکان زۆر هاوکاریی کۆچبەران دەکەن، بە ئەندازەی ئەوەی کە ئەمە کێشەی بۆ حکومەت دروست کردووە. دانیشتووانی ئەو ناوچانە، زۆرتر کەسانی بە تەمەن و بەساڵاچوون. بۆیە زۆرجار کۆچبەران لە خۆدەگرن و هاوکارییان دەکەن. حکومەت چەند جارێک هۆشداری داونەتێ کە ئاسانکارییان بۆ نەکەن و دەوڵەتیان لێ ئاگادار بکەنەوە.

### پایسکلە تێکشاوەکانی نەرویج

پاسکیلەکان کێشەی گەورەن بۆ نەرویج و ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە بە یەکجاری ئەو سنوورە دابخەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە کۆمەڵێک کەمپی کاتییان بۆ کۆچبەران دروستکردووە، بەڵام کەمپەکان هیچ خزمەتگوزارییان نییە و کۆچبەران تێیدا نامێننەوە. بەپێی ئاماری دامەزراوەی کۆچی نەرویج، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 16 هەزار کۆچبەر لەڕێی سنوورەکانی ڕووسیاوە، هاتوونەتە نەرویج.

ڕۆژنامەیەکی نەرویجی بڵاوی کردووەتەوە "ژمارەی پاسکیلە تێکشاوەکانی سنوورەکانی باکوور لە ماوەی یەک مانگدا هێندەی چوار ساڵی ئەو پایسکیلانەیە کە هەموو هاووڵاتیانی نەرویج بەکاریان دێنن".



قاچاخچیانی ڕووسی ڕێگای پەڕینەوەی کۆچبەرانیان لە ڕووسیاوە بۆ نەرویج قۆرخکردووە و لە هەولێر و سلێمانیش دەڵاڵیان هەیە

## پەنا باوکی دەلاوێنێتەوە



**هیوا سەلاح / رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ پەنا عەبدولڕەحمان، یەکەمین گۆرانی خۆی کە ڤیدیۆ کلیپێکە بە ناوی بابە گیان بڵاوکردەوە.

پەنا عەبدولڕەحمان بە (رووداوی) راگەیاند "ئەم ڤیدیۆ کلیپە بە شێوازی مەوال و لاواندنەوە تۆمارکراوە کە گوزارشتە لە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی ئێمە بۆ باوک". گۆرانییەکەی پەنا لە هۆنراوەی شاعیری کۆچکردوو شەهاب زەنگەنەیە کە ساڵی 2006 پێشکەشی پەنای کردووە، ئاراس کۆیی و ئومێد باڵەبان کاری میوزیک و تۆمارکردنیان بۆ کردووە و سیناریۆو دەرهێنانی کلیپەکەش لەلایەن ئامانج دارەوان کراوە.

پەنا ساڵی 1990 لە شارۆچکەی چوارقورنە لەدایک بووە و دەرچووی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی رانیەیە.

### شوان عەتوف بۆ (رووداو):

# هەتا دۆخەکە خراپتر بێت، چالاکتر دەبم



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی سینەماکاری کورد شوان عەتوف بەنیازی بەرهەمهێنانی چوار کورتە فیلم و دوو فیلمی درێژە. بەپێی پلانەکەی ئەو بێت، دەبێ کارەکانی تاوەکو سەرەتای 2018 تەواوبن. ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێت "بێ ئیش و کارم، هەر خەریکی هونەرم".

شوان عەتوف زانیاری لەسەر چوار کورتە فیلمەکە بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی کورتە فیلمەکان بە ناوەکانی (دەلاک و دونیا، مینا پێدەکەنێت، ماچەکەی مریەم، مانگ و زیندان)ن. خۆم سیناریست و دەرهێنەری ئەو چوار کورتە فیلمەم، بڕیارە تاوەکو هاوینی داهاتوو تەواویان بکەم".

شوان عەتوف لە یەک کاتدا کار لە هەر چوار کورتە فیلمەکەدا دەکات. لەبارەی ناوەڕۆکی کورتە فیلمی دەلاک و دونیا دەڵێت "ئەو کورتە فیلمە لە سەرتاشخانەیەکی گەڕەکی چوارباخی سلێمانی وێنەی دەگیرێت، ناوەڕۆکەکەی باس لە چۆنیەتی کارکردنی دیکتاتۆریەت لەسەر میللەتی کورد دەکات، هەر لە شەڕی عێراق و ئێرانەوە تاوەکو دواتر".

(مینا پێدەکەنێت) یەکێکی دیکەیە لە کورتە فیلمەکانی ئەو کە باسی ژنانی کەسوکار ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان دەکات. (مانگ و زیندان) یش لەسەر چەمکی شەرەف و ئەخلاقە لە دیدی کۆمەڵگەی کوردییەوە، ئەم فیلمە لە پارێزگای هەڵەبجە وێنەی دەگیرێت. هەرچی (ماچەکەی مریەم)یشە لەسەر کوشتنی ژنە.

### گاڵتەم بە وڵاتێک دێت کە ژن تێیدا ئازاد نەبێت

### سپۆنسەرەکانم بە خوێن پەیدا کردوون

شوان گوتی "ئەو سێ کورتە فیلمە لەسەر ژنە، لە دەلاک و دونیاشدا ژن هەر ئامادەیی هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەم وڵاتەدا کێشەی گەورەی ژن هەیە، دەکرێت ئیشی زیاتریان لەسەر بکرێت، چونکە گاڵتەم بە وڵاتێک دێت کە ژن تێیدا ئازاد نەبێت".

جگە لەو چوار کورتە فیلمە، دوو فیلمی درێژیش لە پلانی دوو ساڵی داهاتووی شواندا دەبن، فیلمی یەکەمیان بەناوی (عیسا و شارە غەمگینەکە)یە و دووەمیشیان بەناوی (گۆزەی شکاو).

شوان ئاماژەی بە ناوەڕۆکی ئەو دوو فیلمە کرد و گوتی "یەکەمیان لەسەر ژیان و کوشتنی رۆژنامەوانانی کوردستانە. واتە ئیشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. خۆشم وەکو ئەکتەر بەشدار دەبم، فیلمی گۆزەی شکاویش لەسەر کوردی ئێزدییە".

بەهۆی قەیرانی داراییەوە کە دوو ساڵ و نیوە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، کەمترین پرۆژەی هونەریی پێشکەش دەکرێن، ئەوەش بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەتەوە.

بۆ پەیداکردنی سپۆنسەرەکان و بودجەی فیلمەکان، شوان دەڵێت "چوار کورتە فیلمەکە هەریەکەیان کەمتر لە 10 هەزار دۆلاری تێدەچێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی بە سوپاسەوە هاوکاریی کورتە فیلمێکیان دەکەن. مینا پێدەکەنێت بەرهەمی مەستی فیلم بووە و خۆیشیان سپۆنسەرن. چونکە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە سلێمانی وەکو سیناریۆ پێشکەشم کرد و خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا، لەبەرئەوەش مەستی فیلم بەرهەمی دەهێننەوە".

بە گوتەی شوان، کۆمپانیای مەستی فیلم و کۆمپانیای دیکە سپۆنسەری مانگ و زیندان دەکەن. رێکخراوی فاین ئارت لە سوید بەهاوکاریی چەند سپۆنسەرێکی دیکە، سپۆنسەری ماچەکەی مریەم دەکەن.

بۆ دوو فیلمەکەی دیکەش گوتی "عیسا و شارە خەمگینەکە بودجەکەی زۆر کەمە، بەڵام ئێستا نامەوێت بودجەکەی ئاشکرا بکەم، چونکە سیحرەکەی لەوەدایە، گۆزەی شکاویش دوو کۆمپانیای بەلجیکی و میسری سپۆنسەری دەکەن، بەڵام نازانم چەندی تێدەچێت".

رەنگە شوان وا بە ئاسانی ئەو سپۆنسەرانەی دەست نەکەوتبێت، چونکە وەکو خۆی گوتی "دوو ساڵە خەریکی پەیداکردنی سپۆنسەرم و بە خوێن پەیدام کردوون، لە دەرگای سەدان شوێنی فەرمی و کەسایەتیم لە عێراق و کوردستان داوە، ئەوانەی کە هونەریان خۆشدەوێت، ئەوانەشم بە بەڵگەوە هەیە".

شوان هەموو کات و هەوڵی خۆی بۆ ئەو شەش کارە تەرخان کردووە و دەڵێت "زۆر ماندووم، شەو و رۆژ تەنیا پێنج کاژێر دەخەوم".

سەبارەت بە کاتی نمایشکردنی فیلمەکانیش، شوان گوتی "لەئێستاوە کار لەسەر کورتە فیلمەکان دەکرێت، هەر کاتێک تەواوبن بۆ فیستیڤاڵەکانی دەرەوەیان دەنێرم، بەڵام بۆ کاتی نمایشی لە کوردستان نازانم".

شوان هەر بەو شەش پرۆژەیەوە ناوەستێ. لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا شانۆیی تەپڵ و بەردی نمایش کرد کە بە تەنیا خۆی رۆڵی تێدا دەبینی و تایبەت بوو بە دۆخی کوردستان، ئەو شانۆییەشی بینەرێکی ئێجگار زۆری هەبوو. هاوکات رۆژی پێنجشەممەی رابردووش 2016/10/20 فیلمی سینەمایی عاشقەکان بەپێوە دەمرن لە سینەما سالم لە سلێمانی نمایش کرا کە لە دەرهێنانی شەهرامی مەسلەخییە و شوان رۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێت.

شوان دەڵێت "لەگەڵ کارکردن لەو شەش پرۆژەیە، لە پلاندایە شانۆیی تەپڵ و بەردیش لە 10 وڵات نمایش بکرێت، بۆ نموونە لە وڵاتێک نمایشی تەپڵ و بەردم هەیە، دەبێت دەستبەجێ بێمەوە بۆ کوردستان بۆ ئەو ئیشانەی دیکە".

شوان کارکردنی هونەریی خۆی بە ژیانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ دەبەستێتەوە و دەڵێت "هەست بە شەرم دەکەم پێشمەرگەیەکی بێ مووچە لە بەرەکانی شەڕدا دەجەنگێت و شەهید دەبێت، منیش دابنیشم و تەمبەڵ بم، بۆیە تا دۆخەکە خراپتر بێت، چالاکتر دەبم".

### لە ئەندازیاری بیناسازییەوە بۆ شاجوان

### شادی عەبدولکەریم، هاوەڵی دووەمی شاجوانی کوردستان بۆ (رووداو):

# بوون بە شاجوان ئارەزوویەکی لەمێژینەم بوو



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

تاقانەی دوو برایە، کۆلێژی ئەندازیاری بەشی بیناسازیی تەواو کردووە. یەکێک بوو لە 11 بەربژێرەکەی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان، بەڵام نەبوو بە شاجوان و بە هاوەڵی شاجوان هەڵبژێردرا. شادی عەبدولکەریم حەز دەکات لە بواری میدیادا دەربکەوێ.

شادی، تەمەنی 25 ساڵە و بنەماڵەکەی خەڵکی سلێمانین، بەڵام خۆی لە شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، لە شاری بۆکان بەشی ئەندازیاریی بیناسازی تەواو کردووە و ئەمساڵ دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی، بەیەکجاری گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی. شادی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هەندێ لایەنی ژیانی خۆی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

**رووداو: چەند ساڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژیاویت؟**

**شادی عەبدولکەریم:** خێزانەکەم لە ساڵانی نەوەدەکان چوونەتە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێ لە شاری بانە ژیاوین. منیش لەوێ لەدایکبووم. بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم دایکم و باوکم لەگەڵمدا مانەوە و مانگێک پێش مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوان خوێندنم تەواو کرد و بە یەکجاری گەڕاینەوە شاری سلێمانی، بەڵام دوو براکەم پێش ئێمە گەڕابوونەوە.

**رووداو: بۆچی ویستت ببیتە شاجوان؟**

**شادی عەبدولکەریم:** جگە لە خوێندن لەبواری ئەندازیاری، حەزی من بۆ بوون بە شاجوان ئارەزوویەکی لەمێژینەم بوو، لە زانکۆش ئەو حەزەم هەبوو.

**رووداو: کەواتە رات چییە کە بوویتە هاوەڵی دووەم، مافی تۆ بە تەواوی دراوە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** بۆ من یەکەم و دووەم گرنگ نەبوو، ئێستاش خۆشحاڵم کە ئەو نازناوەم بەدەستهێناوە، لەلای من لەگەڵ شاجوانەکانی دیکە جیاوازیی نییە، جگە لەوەش هەموو کچەکانی دیکەش شاجوانن، چونکە ناخیان جوانە.

**رووداو: چ پرۆژەیەکت بەدەستەوەیە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** دەمەوێت هاوکاریی منداڵان و خانمان و ژینگەپارێزان و ئاوارەکان بکەم، ئەوەش بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**رووداو: ئەو بوارانە زۆرن، دەتوانیت ئیشیان تێدا بکەیت؟**

**شادی عەبدولکەریم:** راستە زۆرن، بەڵام لە هەر بوارێکیاندا شتێکم لەدەست بێت بەدڵنیاییەوە دەیکەم، تەنانەت ئەگەر بتوانم برینێکی بچووکیش سارێژ بکەم، پێی دڵخۆش دەبم.

**رووداو: پرۆژە بە پارە دەکرێت، ئێستاش قەیرانی دارایی هەیە، هەوڵت داوە سپۆنسەر پەیدا بکەیت؟**

**شادی عەبدولکەریم:** ئێستا لەگەڵ کچانی بەشداربووی مەراسیمەکە لە هەوڵی پەیداکردنی سپۆنسەرداین.

**رووداو: بەڵام کچەکانی دیکە زۆربەیان دەرنەچوون، چۆن پێکەوە هەوڵی سپۆنسەر دەدەن؟**

**شادی عەبدولکەریم:** ئێمە پێش کۆتایی پرۆگرامەکە و لە خۆشەویستیمان بۆ ئامانجەکانمان، بەڵێنمان دا وەکو گرووپێک یاخود چەند خوشکێک لەگەڵ یەکدی بمێنینەوە و ئەوەشمان کردووە.

**رووداو: واتە ئەگەر تۆ ئیشێک بکەیت، ئەوانیش لەگەڵ خۆت بەشدار دەکەیت؟**

**شادی عەبدولکەریم:** هەر کامیان بە هەر شێوەیەک کە بتوانێت بەشدار و یارمەتیدەر بێت، بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە، چونکە ئامانجمان خزمەتکردنە. هەر بۆ مەبەستی کارکردنیشمان پێکەوە سایتێکمان بەنێوی (misskurdistan.com) داناوە کە کار و چالاکیی خۆمانی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ ژالیا و سەرگوڵ و سارا و شاجوانەکانی دیکە چۆنە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** زۆر باشین، هەر کاتێک پێویستیان بە یارمەتی من هەبێت ئامادەم.

**رووداو: دوای مەراسیمەکە لەلایەن کچانی بەشداربوو بەناوی هەمووتانەوە رەخنەی زۆر گیرا، رای تۆ چییە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** هەموو مەراسیمێک بەشی خۆی کەموکورتیی تێدەکەوێت، ئەو رەخنانەشی هەبوون قسەیان لەسەرکرا، لەبەرئەوە پێویست ناکات دووبارەیان بکەینەوە.

**رووداو: بۆ هەر شوێنێک شاجوانی 2016 بڕوات، مەرجە لەگەڵی بێت؟**

### حەزدەکەم ببمە پێشکەشکار

### لە بانە بەڕێوەبەری باخچەی ساوایان بووم

**شادی عەبدولکەریم:** دەبێت بەو شێوەیە بێت کە هاوەڵی یەکەم و دووەم ئاگادار بکرێنەوە و لەگەڵی بن.

**رووداو: جگە لە بوون بە شاجوان، چ خەونێکی دیکەت هەیە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** جگە لە بواری پسپۆڕیی خۆم کە ئەندازیارییە، هەر لە رۆژهەڵات لە بواری پەروەردەی منداڵان و باخچەی ساوایاندا خوێندوومە. ئەمساڵیش پێش تەواوکردنی خوێندن، بەڕێوەبەری باخچەی ساوایان بووم، لە بواری فۆتۆگرافی سروشتیشدا کارم کردووە و بڕوانامەی رێزلێنانم وەرگرتووە، بۆیە پێمخۆشە لە بواری منداڵاندا کار بکەم.

**رووداو: دەڵێن هەر دوای هەڵبژاردنت بە هاوەڵی شاجوان، داوای هاوسەرگیریت لێکرا؟**

**شادی عەبدولکەریم:** بەڵێ وایە.

**رووداو: مەرجت بۆ هاوسەرگیری چییە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** بە پلەی یەکەم ئەو کەسە ناخێکی راستگۆ و جوانی هەبێت، شتەکانی دیکە چارەسەر دەبن.

**رووداو: لە چ تەمەنێکدا شوو دەکەی؟**

**شادی عەبدولکەریم:** جارێ بیرم لە شووکردن نەکردووەتەوە.

**رووداو: باڵات چەندە و چەند کیلۆیت؟**

**شادی عەبدولکەریم:** باڵام 171 سانتیمەترە و 61 کیلۆم.

**رووداو: حەزت لە دەنگی چ هونەرمەندێکە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** زۆربەی هونەرمەندەکان.

**رووداو: پێتخۆشە لەبواری میدیا و ریکلام دەربکەویت؟**

**شادی عەبدولکەریم:** پێمخۆشە ببمە پێشکەشکار.

**رووداو: لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نێوانت چۆنە؟**

**شادی عەبدولکەریم:** لە فەیسبووک تەنیا ئەکاونتێکم بەنێوی (Shadi Abdolkarim) هەیە و پەیجێکیشم بەنێوی (Shadi abdolkarim Miss Grand Kurdistan 2016) هەیە، لە ئینستاگرامیش بەنێوی (shadi.abdolkarim).


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
EMPIRE CINEMA
KFC
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder



## ئافرەتێک خۆی دەسووتێنێ

**رووداو- گەرمیان**

ئافرەتێک لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان سووتاوە و بە گوتەی کەسوکاریشی، خۆی سووتاندووە. بەپێی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، رۆژی 2016/10/23 ئافرەتێک بەنێوی (ت.ش) کە تەمەنی 28 ساڵە بەرێژەیەکی زۆر سووتابوو، لە شارۆچکەی کفرییەوە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار کرا. بەپێی گوتەی کەسوکارەکەی، ئەو ئافرەتە نەخۆشیی دەروونی هەبووە و خۆی سوتاندووە. دوای چارەسەری پێویستیش لەبەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە شارۆچکەی کەلار، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەیەوە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە.

# دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکەی خۆی



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

لەنێو کەمپێکی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، پیاوێکی عەرەب دەستدرێژیی دەکاتە سەر کچەکەی خۆی و پاشان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ.

بەپێی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کە پێشتر دراوەتە (رووداو)، 45 حاڵەتی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنان تۆمار کراون.

بەڵام پێشکەوت ئەدهەم، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رێکخراوی مەسەلە کە رێکخراوێکە لە بواری پاراستنی ژناندا چالاکە، بە (رووداو)ی راگەیاند، بەپێی ئەو سکاڵایانەی لەلای ئەوان تۆمارکراون، رۆژانە هەراسانکردنی ژنان هەیە.

پێشکەوت گوتی "بەگشتی توندوتیژیی سێکسی و دەروونی لە ئاستێکی بەرزدایە، رۆژانە 5 تا 10 گێچەڵی سێکسی لەنێو کەمپەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێن".

### بەسەرخۆشی دەستدرێژی کردە سەر کچەکەی

بەهۆی شەڕی داعشەوە بە سەدان هەزار ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و لە کەمپەکاندا نیشتەجێ کراون. تائێستاش چەندین رێکخراوی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ئاماژەیان بە حاڵەتەکانی لەشفرۆشی و دەستدرێژیی نێو کەمپەکان کردووە.

پێشکەوت باسی دەستدرێژی باوکێکی کرد بۆ سەر کچەکەی خۆی کە لە یەکێک لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان روویداوە و گوتی "لە یەکێک لە کەمپەکاندا باوکێک نیوەشەو بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە و دەستدرێژیی کردووەتە سەر کچەکەی کە تەمەنی نزیکەی 16 ساڵە، کچەکە بەو هۆیەوە پەردەی کچێنی لەدەستداوە".

رێکخراوی مەسەلە لەرێگەی مۆبایل تیمەکانیان بەو رووداوەیان زانیوە. پێشکەوت گوتی "توێژەرانمان کاتێک بەنێو کەمپەکەدا گەڕاون ئەو کچە دەردەدڵی خۆی لا کردوون و سکاڵای تۆمار کردووە، پاشان باوکەکە گیراوە".

### گێچەڵی سێکسی بە براژنەکەی کرد

وەکو ئەو بەرپرسەی رێکخراوەکە گوتی، ئەمساڵیش لە کەمپێکی دیکەی ئاوارەکاندا کەسێک گێچەڵی بە براژنەکەی کردووە و هەوڵی داوە دەستدرێژیی بکاتە سەر، بەڵام براژنەکەی نەیهێشتووە.

بە گوتەی پێشکەوت، ئەو ژنە مێردەکەی لە رووداوەکە ئاگادار نەکردووەتەوە، بەڵکو داوای یارمەتی لە رێکخراوی مەسەلە کردووە. پێشکەوت گوتی "ژنەکە هاتووەتە لای یەکێک لە ئۆفیسەکانمان و لەلایەن توێژەرانمانەوە رێنمایی پێدراوە".

### به نەوت و ئاگرەوە چووە لای مەسەلە

پێشکەوت ئەدهەم، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رێکخراوی مەسەلە بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ماوەی رابردوودا ژنێکی تەمەن 22 ساڵ سەردانی رێکخراوەکەیانی کردووە و ویستوویەتی لەوێ خۆی بسووتێنێ.

پێشکەوت ئاماژەی بە کێشەی ئەو ژنە کرد و گوتی "بە بچووکی دوور لە خواستی خۆی بەشوو درابوو، بەڵام هێشتاش مێردەکەی خیانەتی لێدەکرد. ئەو ژنە دەبەیەک نەوت و چەرخێکی هێنابوو دەیویست خۆی بسووتێنێ، بەڵام قەناعەتمان پێهێنا کە واز لەو بیرۆکە خراپە بهێنێ".

---

## خولەکە نەبینن، ناتوانن گرێبەستی هاوژینی بکەن

# دەستگیراندارەکان ناچار دەکرێن خولێکی هۆشیاری ببینن

**تەندروستیی سلێمانی:**
**هەر کچ و کوڕێک خولیان نەبینێ، ئەنجامی پشکنینی خوێنیان نادەینەوە**

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە مانگی داهاتووەوە جارێکی دیکە پرۆژە هاوبەشەکەی یەکێتی ژنانی کوردستان و تەندروستیی سلێمانی تایبەت بە رێنمایی کوڕان و کچان بۆ دەستپێکی ژیانی خێزانی بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، بەڵام ئەمجارە کچان و کوڕان ناچار دەکرێن خولێکی هۆشیاری ببینن.

پرۆژەکە لە ساڵی 2003 لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە قسەی لەسەر کراوە. بەپێی ئەو پرۆژەیە دەبێت کچان و کوڕان بەر لەوەی ببنە هاوژین، خولێکی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە ژیانی خێزانی ببینن. پرۆژەکەش بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لەساڵی 2007 جێبەجێ کرا، بەڵام ساڵی رابردوو وەستا.

بۆ مامەڵەی هاوژینی، کوڕان و کچان دەبێت سەرەتا پشکنینی خوێن بکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی خوێنیان لەگەڵ یەکدی دەگونجێ. بەڵام د.میران محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، لەمەودوا هەر کوڕ و کچێک تا ئەو خولە نەبینێ، پشکنینی خوێنی بۆ ناکرێت. د.میران گوتی "پێشتر کوڕان و کچان زۆر گوێیان بەو خولە نەدەدا، بەڵام لەمەودوا ئیجبارییە، چونکە ناکرێت دوو کەس ببنە هاوژینی یەکدی و هیچ لەبارەی ژیانی خێزانی نەزانن".

تەندروستی سلێمانی و یەکێتی ژنان ئەمجارە پرۆژەکەیان فراوانتر کردووە و کردوویانەتە کلینکی ئێواران، د.میران گوتی "لە مانگی داهاتووەوە جارێکی دیکە دەست بە پرۆژەکە دەکرێتەوە. خولەکەش یەک رۆژە".

شوێنی وانەگوتنەوەی ئەو خولە لە شەقامی قەنات دەبێت بەرامبەر باڵەخانەی پێشووی تەندروستیی سلێمانی. رووناک فەرەج، ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی تەندروستی لە یەکێتی ژنان بە (رووداو)ی گوت، پێشتر هۆڵەکەیان شوێنی تەنیا 60 کوڕ و کچی تێدا بووەتەوە و خولەکەیان لە کاژێر 9بەیانی تا12ی نیوەڕۆی خایاندووە، بەڵام ئێستا هۆڵەکە فراوانتر کراوە و شوێنی 180 کوڕ و کچ دەبێتەوە و دابەشی سێ هۆڵ دەکرێن. خولەکەش نزیکەی سێ کاژێر دەخایەنێ و تێیدا باسی لایەنی یاسایی، تەندروستی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و دارایی دەکرێ.

وەک رووناک فەرەج گوتی، لە دیارترین ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی رووبەڕووی ژن بووەتەوە و تەنانەت لەسەریشی کوژراوە، مەسەلەی پەردەی کچێنی بووە. رووناک گوتی "ژن هەبووە بە گومانی نەبوونی پەردەی کچێنی کوژراوە، لە کاتێکدا پەردەکەشی هەبووە، بەڵام لەڕووی تەندروستییەوە مێردەکەی هۆشیار نەبووە کە لە چ جۆرێکە".

### جیابوونەوە روو لە هەڵکشانە

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری کە پێشتر درابووە (رووداو)، لە چوار ساڵی رابردوودا زیاتر لە 30 هەزار حاڵەتی تەڵاق لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون. هەر بەپێی ئامارەکە و لەو ماوەیەدا ژمارەی مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان رووی لە کەمی کردووە، لە ساڵی 2012دا 56 هەزار گرێبەستی هاوژینی کراوە، بەڵام ساڵی رابردوو 44524 گرێبەست کراوە.

هاوتا محەممەد، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت ئەو ئامارانە بەڕوونی دەریدەخەن کە لەم ساڵانەدا جیابوونەوە رووی لە هەڵکشان کردووە، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی هۆشیاریی کوڕان و کچان دەگەڕێتەوە.

### "ئەگەر ئیجباری بێت زۆر باشە"

رائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشتریش پێشنیازیان کردبوو ئەو خولە بکرێتە ئیجباری و هەر کوڕ و کچێک تا ئەو خولە نەبینن، گرێبەستیان بۆ نەکرێت. رائید هیوا گوتی "ئەگەر بەشداریکردن لە خولەکە ئیجباری بێت زۆر باشە، چونکە ئەو کوڕ و کچە تاڕادەیەک هۆشیار دەکرێنەوە".

### یەکێتی ئافرەتانیش دەیکات

د.ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوانیش لە رۆژی 8/3/2011ەوە کە ئاسۆس نەجیب، وەزیری پێشووتری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان سەردانی کردوون، هەمان پرۆژەیان پێشکەش کردووە.

ڤیان گوتی "پرۆژەکە لە بنەمادا پرۆژەی ئێمە بوو کە بۆ هەموو کوردستان بێت، ئاسۆس خانیش پێی باش بوو، بەڵێنی هاوکاریشی پێداین، ئێستاش ئەگەر تەندروستی رێگە بدات، دەتوانین پرۆژەکە جێبەجێ بکەین".

---

# دوای دووجار نائومێدبوون خۆی کوشت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- پشدەر**

دووجار شووی کرد، یەکەمیان بە جیابوونەوە کۆتایی هات و مێردی دووەمیشی شەهیدبوو، دواجار دەستی منداڵە پێنج ساڵانەکەی گرت و گەڕایەوە ماڵی باوکی. هەر لە ماڵی باوکیدا بە دوو گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بەڵام نازانرێ بۆچی خۆی کوشت.

کاژێر 10ی شەوی 2016/10/13 لە گەڕەکی خڕەبەردانی قەڵادزێ، ژنێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی (گ.ع.ر) لە ماڵی باوکیدا بە دوو گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ژیانی ئەو ژنە بووە بە (رووداو)ی گوت "(گ) دووجار شووی کرد، یەکەمیان لەگەڵ خزمێکی خۆیان، بەڵام خزمەکانیان ژنی بەسەردا هێنا، بۆیە لێی جیابووەوە. مێردی دووەمیشی کە پێشمەرگە بوو، شەهید کرا، بۆیە بە ناچاری گەڕایەوە ماڵی باوکی".

ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەو ژنە شەو خۆی کوشتووە، کەسوکارەکەی ئێمەیان ئاگادار کردەوە، بەڵام نازانین بۆچی خۆی کوشتووە".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ لەبارەی خۆکوشتنی ئەو ژنە بە (رووداو)ی راگەیاند "کاژێر 10ی شەوی 13ی ئەو مانگە تەرمی ژنێکیان هێنایە نەخۆشخانەکەمان کە دوو گوللەی بەرکەوتبوو، یەکێک لە گوللەکان بەر چەناگەی کەوتبوو، ئەوی دیکەشیان بەر دەستی". گوتیشی "لەبەر ئەوەی رووداوەکە گوماناوی بوو، تەرمەکەی نێردرا بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی".

بەڵام بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان دەڵێت ئەوە روونبووەتەوە کە ئەو ژنە خۆی کوشتووە. نینا محەممەد، لێپرسراوی بەشی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە راپەڕین بە (رووداو)ی گوت "دوای رووداوەکە پۆلیس ئاگادار کرانەوە، ئەوانیش دەستبەجێ دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، دەرکەوت ئەو ژنە خۆی کوشتووە، بەڵام نازانرێ بۆچی خۆی کوشتووە".

دەستەی مافی مرۆڤیش لایەنێکی دیکەیە کە لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ئەو ژنەدا دەکەن. ئاکۆ عەبدوڵڵا عەلی، لێپرسراوی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە رانیە بە وەکالەت بە (رووداو)ی گوت "دەستمان بە بەدواداچوون کردووە و بە نیازین لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە پێکبهێنین، بەڵام چاوەڕێی راپۆرتی پۆلیس و لێژنەی پزیشکی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین رووداوەکە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی تێدایە یان نا".



ڕووداو
ژمارە (429) – دووشەممە 2016/10/24



## لە سلێمانی گەنجێک دەکوژرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

لە شاری سلێمانی گەنجێک کوژرا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە. ئێوارەی ڕۆژی 2016/10/20 بەهۆی دروستبوونی شەڕ لەنێوان دوو گەنج کە دراوسێی یەکدین، یەکێک لە گەنجەکان بەناوی (ش،ح،ح) پاش بەرکەوتنی چەقۆ، بەسەختی بریندار بووە، دواتر لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. دوو کەسی دیکەش لە هەردوولا بریندار بوون. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە پاش گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە، لێکۆڵینەوەکان دەستیان پێکرد. لەماوەی چەند کاژێرێکدا توانرا بکوژەکە دەستگیر بکرێت.

# ئامۆزای خۆی لەسەر "ڕێگەی هاتوچۆ" دەکوژێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سۆران**

لە گوندێکی قەزای سۆران دەمەقاڵێ لە نێوان دوو ئامۆزا دروست دەبێ و بەو هۆیەوە یەکێکیان دەکوژرێ. بکوژ لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. لەسەر داوای خێزانی کوژراوەکەش، خێزانی بکوژەکە لە گوندەکەیان ڕۆیشتوون.

ئێوارەی ڕۆژی 2016/10/14 لە گوندی تاراوای سەر بەناحیەی خەلیفانی شارۆچکەی سۆران، پیاوێکی تەمەن 63 ساڵ بەناوی غەفوور ئیبراهیم، لەلایەن ئامۆزایەکی خۆیەوە بەناوی (م،ل) کوژرا.

نەقیب هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمەقاڵێ لە نێوان ئەو دوو کەسە هەبووە، پاشان یەکێکیان ئەوی دیکەی کوشتووە، بەڵام دوای ڕووداوەکە پۆلیس بکوژەکەی دەستگیرکردووە".

گوندی تاراوا 40 ماڵی تێدا دەژین و زیاتر بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن، ئەو گوندە نزیکەی هەشت کیلۆمەتر لە ناحیەی خەلیفانەوە دوورە. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) سێ گێڕانەوە لەبارەی کێشەی نێوان ئەو دوو ئامۆزایە هەیە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کێشەکە سەرەتا بە شەڕی منداڵی هەردوولا دەستی پێکردووە، پاشان بووەتە شەڕی ژنەکانیان، دواتریش پیاوەکان. بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە دەڵێت کێشەی نێوان ئەو دوو ئامۆزایە کۆنە و ئەو ئێوارەیە دووبارە سەری هەڵداوەتەوە.

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە کەسوکاری بکوژ و کوژراوەکە ئەو زانیارییانەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو دوو ئامۆزایە جگە لەوەی خانووەکانیان لە تەنیشت یەکدییە، باخەکانیشیان هەر لە تەنیشت یەکە. بکوژەکە داوای لە کوژراوەکە کردووە کە ڕێگایەک بەنێو باخەکەی ئەودا بۆ نێو باخەکەی خۆی دەکاتەوە، ئەویش ڕازی بووە، بەڵام پێیگوتووە چاوەڕێ بکات تاوەکو بەرهەمی باخەکەی هەڵدەگرێتەوە، کەچی ئەو چاوەڕێی نەکردووە و کێشە لە نێوانیان دروستبووە و بە بەرد لە یەکدییان داوە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەکاتی ڕووداوەکەدا کوژراو و بکوژ هەر یەکێکیان کوڕێکی لەگەڵ بووە، بکوژەکە داوای لە کوڕەکەی کردووە بچێتەوە ماڵەوە چەکی بۆ بهێنێ، کوڕی کوژراوەکەش کە گوێی لەو قسەیە بووە، یەکسەر ڕایکردووە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی ئەویش چەک بۆ باوکی بهێنێ، بەڵام لە ماڵەوە ڕێگەیان پێنەداوە بچێتەوە دەرەوە. بەس کوڕی بکوژەکە چەکی بۆ باوکی هێناوە، ئەویش تەقەی لە ئامۆزاکەی کردووە و کوشتوویەتی". سەرچاوەکە پشتڕاستی کردەوە کە پێشتریش ئەو دوو ئامۆزایە ناکۆکییان هەبووە "ڕاستە ناکۆکییان هەبوو، بەڵام نەگەیشتبووە ئەو ئاستە".

بەقسەی ئەو سەرچاوەیە دوای دەستگیرکردنی بکوژ لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە، لەسەر داوای ماڵی کوژراوەکە، ماڵی بکوژ و دوو برا و برازایەکی گوندەکەیان جێهێشتووە.



# ویستی وەستا بکوژێ، شاگرد پێوەبوو



لوقمان بەکر

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – سەیدسادق**

(ع) لە تۆڵەی کوشتنی براکەی، ویستی کەسێک بکوژێ، بەڵام گەنجێکی بێ تاوانی کوشت و دوژمنێکی دیکەی بۆخۆی زیاد کرد.

ڕۆژی 2016/10/18، لە نانەواخانەیەکی قەزای سەید سادقدا، گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی لوقمان بەکر کە شاگردی نانەواخانەکە بوو، لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی (ع.ع) کوژرا.

موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بکوژ ویستوویەتی دوژمنێکی خۆیان لەونانەواخانەیەدا بکوژێت، بەڵام لە کاتی تەقەکردندا بە هەڵە ئەو گەنجە کوژراوە". گوتیشی "فەرمانی گرتن بۆ بکوژەکە دەرچووە، بەڵام خۆی حەشارداوە".

کوژرانی ئەو گەنجە، پەیوەندی بە ڕووداوی کوشتنی گەنجێکی دیکەوە هەیە بەناوی (هێمن) کە ڕۆژی 2015/8/1 هەر لە سەیدسادق کوژرا. سێ کەس بە تۆمەتی کوشتنی هێمن دەستگیرکراون، بەڵام هێشتا تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ نەبووەتەوە.

خاوەنی نانەواخانەکە کە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی "تۆمەتبارەکە ویستوویەتی وەستاکەمان بکوژێ، ئەویش لە تۆڵەی کوشتنی براکەی کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن برایەکی وەستاکەمانەوە کوژراوە، بەڵام بە داخەوە شاگردەکەمان بەرکەوت". بە گوتەی خاوەنی نانەواخانەکە، لوقمان ماوەی سێ مانگ بوو لەو نانەواخانەیەدا کاری کردووە.

ئیدریس محەممەد، وەستای نانەواخانەکە کە هەوڵی کوشتنی درابوو، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە ژوورەوە سێ کەس بووین کارمان دەکرد، خەڵکیش لە بەردەم دوکانەکەدا وەستابوون، سەرەتا بکوژەکە بە بەردەم دوکانەکەدا هات و منیش بەڕێکەوت سەیرم کرد، مۆڕەیەکی لێکردم، دوای کەمێک ڕۆیشت و هاتەوە و لە دەرەوە بانگی کردم، بەڵام وەڵامم نەدایەوە، پاشان هاتە ژوورەوە و جارێکی دیکە بانگی کردمەوە و دەمانچەی دەرهێنا و تەقەی کرد، ئێمە ڕامانکرد، بەداخەوە گوللەیەک بەر لوقمان کەوت".

ئیدریس پشتڕاستی کردەوە کە برایەکی خۆی تۆمەتبارە بە کوشتنی برای (ع). ئیدریس گوتی "بە تۆمەتی کوشتنی هێمن، برایەکم و خاڵم و خاڵۆزایەکم دەستگیرکراون، بەڵام هێشتا تۆمەتەکەیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە".

ئەو دوو خێزانە زیاتر لە ساڵێکە کێشەیان لە نێواندا هەیە، بەڵام هێشتا کێشەکەیان نە لە ڕێگەی دادگا و نە بە سوڵحی عەشایەریش یەکلانەکراوەتەوە. ئیدریس گوتی "سێ کەسی بنەماڵەکەمان دەستگیرکراون، بەڵام هێشتا دۆسیەکەیان لە دادگایە و تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ نەبووەتەوە، هەر بۆیەش سوڵحمان نەکردووە".

سەردار حەسەن، ئامۆزای لوقمان لە یەکەم ڕۆژی پرسەی لوقماندا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لوقمان خوێندنی پێ تەواو نەکرا، کرێکاریی دەکرد، ماوەیەکیش بوو لەو نانەواخانەیەدا کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی دوژمنایەتی نێوان ئەو دوو خێزانە کوژرا".

بە قسەی سەردار، دوای ڕووداوەکە کەسوکاری تۆمەتبارەکە داوایان کردووە بچنە پرسەی کوژراوەکە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون "پێمانگوتن دەبێت کوڕەکەیان ڕادەستی یاسا بکەن، چونکە ئێمە دەمانەوێت یاسا سەروەر بێت و نیازی تۆڵەکردنەوەشمان نییە".

## دوو هەوڵی تۆڵەکردنەوە

ئیدریس کە لە کاتی کارکردندا هەوڵی کوشتنی دراوە بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو خێزانەی کێشەیان لەگەڵیان هەیە، تاوەکو ئێستا دوو جار هەوڵیان داوە تۆڵەی کوشتنی کوڕەکەیان بکەنەوە. ئیدریس گوتی "لە ساڵی ڕابردووەوە تائێستا ئەو خێزانە هەڕەشەمان لێدەکەن ئەگەر خانووەکەمان چۆڵ نەکەین دەمانکوژن، تەنانەت جارێکی دیکەش تەقەیان لە ماڵمان کرد، بەمەبەستی کوشتنم، بەڵام دراوسێیەکمان بریندار بوو".

# فەرمانبەرێکی نەوت دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

محەممەد لەبەرنامەیدا بوو دوای ماوەیەکی دیکە ژن بخوازێت، بەڵام لە دانیشتنێکی هاوڕێیانەدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەبێتە کێشەیان، یەکێک لە هاوڕێکانی چەقۆیەکی لێدەدات و دەیکوژێ، سێ لە هاوڕێکانیشی بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیر دەکرێن.

ئەو ڕووداوە شەوی 2016/10/16 لە گەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووک ڕوویدا، گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ، بەناوی محەممەد سوبحی کە فەرمانبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور بوو، لەلایەن هاوڕێیەکییەوە بە چەقۆ کوژرا.

عەقید فەرهاد فازڵ، بەرپرسی بنکەی ئاسایشی (پارتی) لە شاری کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو شەوە لە ڕووداوێکی کوشتن لە نزیک سیاجی عەرەفە، تەنیشت یانەی وەرزشیی کەرکووک ئاگادار کراونەتەوە و دواتر سێ تۆمەتباریان بەنێوەکانی (م.خ)، (ع.×) و (م.ع) لەگەڵ شایەتحاڵێک بەنێوی (م.م) دەستگیر کردووە.

عەقید فەرهاد ئاماژەی بە قسەکانی شایەتحاڵەکە دا و گوتی "شایەتحاڵەکە پێیگوتین، کاژێر 7ی شەو لەو شوێنەدا سەرقاڵی مەی خواردنەوە بوون، محەممەد لەکاتی دانیشتنەکەدا بە بکوژی گوتووە تۆ ئەمرۆ ماتۆڕێکت دزیوە، لەوەشەوە دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا دروست بووە، هاتنە سەر شەقام و بەشەڕهاتن، ئێمەش چووین نێوبژیوانییان بکەن، بەڵام لە ئێمە تووڕەبوون و گوتیان ئەوە پەیوەندی بە ئێوەوە نییە".

شایەتحاڵەکە بۆ پۆلسی گێڕاوەتەوە کە بە چاوی خۆی بینیویەتی بکوژ چەقۆیەکی لەسەر دڵی کوژراوەکە داوە.

بە گوتەی بەرپرسەکەی ئاشایشی پارتی، ئەوان دوای ڕووداوەکە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە و گوتی "تۆمەتبارەکان دەستگیرکراون و ڕادەستی دادگا کراون، بکوژیش دانی بە تاوانەکەدا ناوە و گوتوویەتی محەممەد تۆمەتی دزیکردنی خستووەتە پاڵ، بۆیە کوشتوویەتی".

مەحموود سوبحی، برای محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، براکەیان دوای کاژێر هەشتی شەو چووەتە دەرەوە و هیچ هەواڵێکی نەماوە. گوتیشی "تائێستا ڕووداوەکە لای ئاسایشە و وردەکاریی نازانین، ئەو هاوڕێیانەشی زۆر نزیکی نەبوون، بەڵکو تەنیا سڵاویان هەبووە".

کەسوکاری محەممەد سکاڵایان لەدژی بکوژەکە تۆمار کردووە. مەحموود گوتی "چاوەڕێین بزانین یاسا چ سزایەکی دەدات، کەسوکاری بکوژەکەش تائێستا پەیوەندییان پێوە نەکردووین".

بە قسەی مەحموود، محەممەدی برای بەنیاز بووە لەم ماوەیەدا ژن بهێنێ، بەڵام بە دەستی هاوڕێکەی کوژرا.





موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# بە وێنەی ڕووت هەڕەشەی لێ دەکرا

ئافرەتێک دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی، بە ژمارەیەکی نەناسراو هەڕەشەی لێدەکرێ کە وێنە ڕووتەکانی بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەو وێنانەی کەسی ژمارە نەناسراوەکە باسی کردووە، کاتی خۆی لەلایەن هاوژینەکەیەوە گیراون.

کاتێک ئافرەتەکە هاتە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی، گوتی لەگەڵ مێردەکەی یەکدییان زۆر خۆشویستووە، باری داراییان باش بووە، ماڵی جیا بووە، زۆرجار بە جلی نیمچە ڕووتەوە لەنێو ماڵەکەیدا هاتوچۆی کردووە، مێردەکەشی وێنەی گرتووە، چەندین جاریش بە مێردەکەی گوتووە: ئەوە ناترسی مۆبایلەکەت ون بێ یان لێت بدزرێ و ئەو وێنانە بڵاوببنەوە؟ ئەویش بەوە دڵی داوەتەوە کە مۆبایلەکەی پاسۆۆردی لەسەرە. ئەو ژنە بەهۆی ئەوەی مێردەکەی دڵی بەو وێنەگرتنانە خۆش بووە، قسەی نەکردووە. هەر کاتێکیش مێردەکەی وێنەی گرتووە، هەستێکی خۆشی لەلا دروست بووە و وای هەست کردووە کە زۆر جوانە و مێردەکەی گرنگیی پێدەدات.

بەڵام ئەو خۆشەویستی و وێنەگرتنانە تا سەر نەبوون، کێشەیەک کەوتە نێوانیان، ژنەکە هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەبووە جگە لە جیابوونەوە لە مێردەکەی. مێردەکەی هەموو هەوڵێکی لەگەڵ دابوو، بەڵام ژنەکە سوور بوو لەسەر جیابوونەوە، تەنانەت ئامادە بوو دەستبەرداری هەموو مافەکانی بێت، بەس مێردەکەی وازی لێ بهێنێ، بەڵام قسەی خۆش سوودی نەبووە، ناچار پەنای بۆ دادگا برد و لێی جیابووەوە. ژنەکە ساڵێکی ڕەبەق هاتوچۆی دادگای کرد تاوەکو لە مێردەکەی جیابووەوە.

دوای جیابوونەوە لە مێردەکەی، ژنەکە زۆر دڵخۆش بووە، بەڵام ئەو خۆشییە تەنیا دوو مانگی خایاندووە. لە ناکاو لەلایەن ژمارەیەکی نەناسراوەوە چەند نامەیەکی بۆ دێت، کەسی ژمارە نەناسراوەکە لە نامەکاندا هەڕەشەی لێدەکات کە وێنەی ڕووتی ئەوی لەلایە و بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام ئەو زۆر گوێی پێنادات، تاوەکو ئەو ڕۆژەی نامەیەکی دیکەی بۆ دێت و پێیدەڵێت بڕۆ سەیری فەیسبووکەکەت بکە. کاتێک فەیسبووکەکەی دەکاتەوە سەری سوڕدەمێنێ، ئەو وێنانە دەبینێ کە پێشتر هاوژینەکەی بە جلی نیمچە ڕووتەوە لێی گرتوون. کەسەکە هەڕەشەی لێ دەکات کە دەبێت بەو وێنانە بەکوشتنی بدات.

ژنەکە داوای دەکرد بانگی هاوژینی پێشووی بکەن و ئامۆژگاری بکەن دەست لەو جۆرە کارانە هەڵبگرێ. بانگی هاوژینی پێشووی ژنەکە کرا و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی بۆ ڕوونکرایەوە، بەڵام پیاوەکە نکوڵی لەوە کرد کە ئەو کەسەی هەڕەشەی لەو ژنە کردووە ئەو بێت. بەڵێننامە لەو پیاوە وەرگیرا کە ئەگەر دەرکەوت ئەوەی هەڕەشە لەو ژنە دەکات ئەوە، سزا دەدرێ. بە ژنەکە ڕاگەیەنرا ئەگەر ئەمجارە ئەو هەڕەشانە دووبارە بوونەوە سکاڵا تۆمار بکات، بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستیی کێشەکە دەربکەوێت و هەڕەشەکارەکە ئاشکرا ببێ.

دۆسیەی ئەو ژنە وانەیەکی باشە بۆ ژنان، بۆ ئەوەی بزانن لەکاتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن (بۆ قسەکردن بێت یان وێنەگرتن) چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکەیان بکەن، تەنانەت ئەگەر کەسی بەرامبەر کەسی زۆر نزیکیشیان بێ، بۆ ئەوەی وەکو ئەو ژنە تووشی گرفت نەبن.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# ئایا تورکیا و عێراق تووشی جەنگ دەبن؟

## پێنج خاڵی ناکۆکییەکەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە



زاڵمای خەلیلزاد

ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵ دەستپێکردووە. هێزەکانی ئەمریکا، عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە، ئێزدییەکان، مەسیحییەکان و هێزە خۆجێییە سوننەکان لە پێشڕەویدان، بەڵام هەوڵەکانی ئەم هێزانە کۆمەڵێک تەحەدداشی لەبەردەمدایە، یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانەش ناکۆکیی نێوان ئەنقەرە و بەغدایە کە بەهۆی جێگیرکردنی سوپای تورکیا لە باشیک، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ دروست بووە. ئەم کێشەیە ئەگەر بە خێرایی چارەسەر نەکرێ، ڕەنگە مەترسی شەڕێکی دیکە لەنێو شەڕی دژی داعشدا بهێنێتە ئاراوە، ئەمەش زیانی گەورە لە هەوڵەکانی وەرگرتنەوە و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ شاری مووسڵ دەدات.

بەغدا و ئەنقەرە لەسەر یەک ئامانج ڕێککەوتوون کە ئەویش دەرکردنی داعشە. بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا لە کوردستان و تورکیا هەمبووە، تورکیا و عێراق لەسەر پێنج خاڵ ناکۆکن.

**یەکەم:** جەنگی نێوخۆیی سووریا و عێراق پێکەوە بەستراونەتەوە و هەردووکیشیان بەرهەمی ململانێی جیۆپۆلیتیکیی ناوچەیین کە تێیدا ئێران و تورکیا دوو ئەکتەری سەرەکین و ناکۆکییە ئەتنیکی و تایفییەکان لە عێراق و سووریا دەقۆزنەوە. ئەگەرچی ئێران و تورکیا لەسەر زۆر خاڵی هاوبەش ڕێککەوتوون، لەوانەش ڕۆڵی کورد لە سووریا، بەڵام بەم حاڵەشەوە ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە بۆ پاراستنی دەسەڵات و کاریگەریی خۆیان لە عێراق و سووریا بەردەوامە.

لە ڕوانگەی تورکیاوە، ناکۆکیی نێوان بەغدا و ئەنقەرە سەبارەت بە هێزەکانی تورکیا لە باشیک هێندەی لە نێوان خۆیان و حکومەتی شیعی لایەنگری ئێراندایە، هێندە لەنێوان تورکیا و عێراقدا وەکوو دوو وڵات نییە. لە لایەکی دیکەوە تورکیا پێیوایە مەشروعیەتی حکومەتی عێراق بەهۆی جەنگی نێوخۆیی و سیاسەتە تایفییەکانەوە لاواز بووە، لەبەر ئەوەی بەغدا سوننەکان و تورکمانەکان دەچەوسێنێتەوە.

**دووەم:** ئەنقەرە تەنیا نیگەرانی شاری مووسڵ نییە، بەڵکو نیگەرانی ناوچەکانی دەوروبەری ئەو شارەشە کە تێیدا ئێران بە نیازی دروستکردنی بەستەرێکە لە نێوان ناوچە کوردییەکانی عێراق، سووریا و تورکیا. کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە ڕێگە بۆ ئێران دەکاتەوە بە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی وەکیلەکانیەوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا فراوان بکات. ئەمەش لە بەرژەوەندی حکومەتی بەشار ئەسەد دەبێ.

تورکەکان بڕوایان وایە ئێران بە نیازی دروستکردنی کۆریدەرێکە کە هەتا کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە سووریا و لوبنان درێژ دەبێتەوە، لەم پلانەشدا مووسڵ ڕۆڵی کورتکەرەوەی ڕێڕەوەکە دەبینێ. تورکیا دەیەوێ ڕێگە لەم پلانەی ئێران بگرێ.

**سێیەم:** تورکیا پەیوەندییەکی مێژوویی و کەلتووری لەگەڵ مووسڵ و عەرەب و تورکمانە سوننەکانی ئەو ناوچەیەدا هەیە. تەنانەت هەندێک لە سیاسەتڤانانی تورکیا دەڵێن نەدەبووایە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، مووسڵ و باکووری سووریا لە تورکیا جودابکرێتەوە. ژمارەیەک لە سەرکردە عەرەبەکانی مووسڵیش هەمان هەستیان بەرامبەر بە مێژوویەکی هاوبەش لەگەڵ تورکیا هەیە و پێشیانوایە پەیوەندی بەهێز لەگەڵ تورکیا دەتوانێ دەسەڵات و کاریگەریی میلیشیا شیعەکان و ئێران لە عێراق کەم بکاتەوە.

بەڕای حکومەتی تورکیا تورکمانە سوننەکانی مووسڵ مەترسییان لەسەرە و نیگەرانیشە لەوەی ئێران و میلیشیا شیعەکان پلانی گۆڕانکاری دیموگرافی ناوچەکەیان هەبێ و تورکمانە سوننەکانی تەلەعفەر لە ناوچەکانی خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچەی دیکە.

**چوارەم:** ئەنقەرە پەیوەندییەکی ستراتیژی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروستکردووە، بەشێک لەو پەیوەندییەش پابەندی تورکیا بە پاراستنی هەولێر لە بەرامبەر هەڕەشەکانە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەڕەشانە لە بەغداشەوە بێ. ئەنقەرە ماوەی چەندین ساڵە سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**پێنجەم:** تورکیا بە نیازە ڕێگری بکات لەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پێگەی خۆی لە باکووری عێراق قایم بکات. پەکەکە جۆرێک لە ئامادەیی سەربازی لە شنگال هەیە، ئەمەش دوای ئەوەی هێزەکانیان لە ڕزگارکردنی ئەو شارەدا یارمەتیدەر بوون. ئێستاش تورکیا دژی بەشداری پەکەکە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵە.



"ئەمریکا گوشاری خستووەتە سەر سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی داوا لە تورکیا بکەن هێزەکانی لە باشیک بکشێنێتەوە"

لەم نێوانەدا ئەمریکاش گیری خواردووە. بەڵام بەغدا لە جەنگی دژی داعشدا بایەخێکی زۆری هەیە و ئەمریکاش دەیەوێ یارمەتی عەبادی بدات، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە لە ئێرانی دووربخاتەوە، لەبەر ئەم دوو هۆکارەش ئەمریکا زیاتر لایەنگری لە هەڵوێستی بەغدا دەکات. واشنتن پێیوایە هەڵوێستی تورکیا یارمەتیدەر نییە و دەکرێ کارتێکی مەترسیداریش بێ. هەر بۆیە ئەمریکا تەنانەت گوشاری خستووەتە سەر سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی داوا لە تورکیا بکەن هێزەکانی لە باشیک بکشێنێتەوە. هەڵبەت سەیریش نییە کە بڵێین ئەم هەوڵەی ئەمریکا سەرینەگرت، بەڵام واشنتنیش هەمان نیگەرانی تورکیای سەبارەت بە خەونەکانی ئێران و مەترسی میلیشیا شیعەکان هەیە، بە تایبەتیش نیگەرانی ئەوەن میلیشیا شیعەکان لە مووسڵ دەست بۆ توندوتیژی تایفی بەرن و ئەمەش ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی جەنگی تایفی لە دوای دەرکردنی داعش خۆشبکات.

لەم کێشەیەی نێوان بەغدا و ئەنقەرەدا، واشنتن نابێ لایەنگری لایەنێکیان بکات، بەڵکو دەبێ بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنی گونجاو دەست بۆ ڕێگەچارە دیپلۆماسییەکان بەرێ، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە ئاسانکارییەک بۆ بەرەپێشچوونی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بکات، لە لایەکی دیکەوە بەربەستێک بۆ ئامانجەکانی ئێران لە مووسڵ دابنێ، هەروەها عەبادیش تووشی شەرمەزاری نەکا یان ناچاری نەکا پشت بە ئێران ببەستێ.

چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بەرپرسانی باڵای ئەمنی عێراق و تورکیا لە ئیستەمبوڵ کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکی بەراییان کرد، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە بنکەی باشیک وەکوو بنکەی هاوپەیمانان بەکاربهێنرێ. لە ڕێککەوتنەکەدا باس لە کشاندنەوەی هێزەکانی تورکیا نەکراوە. ئەمریکا دەبێ دەستپێشخەری بکات و ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی هێزی هاوپەیمانان هاوشان لەگەڵ هێزەکانی تورکیا و هێزە خۆبەخشە عەرەبە سوننەکان دابنرێ.

ئەم هەنگاوە کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیڤی بۆ ئەمریکا هەیە، لەوانەش باڵادەستبوونی ئەمریکا بەسەر میلیشیا شیعەکان، ڕێگری لەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لەمەی ئێستا خراپتربێ. هەروەها پێشگیری لەوەی جەنگێکی دیکە لە پەراوێزی جەنگی گرتنەوەی مووسڵدا ڕوربدا.

تورکیا زۆر بە سەختی بەرگری لە مانەوەی هێزەکانی خۆی لە باشیک دەکات، ئەمەش ڕەوشەکەی ئاڵۆزترکردووە. هێرشە شەخسییەکان بۆ سەر عەبادی و لێدوانە نادیپلۆماتیکەکانی تورکیا لەبارەی پەرلەمانی بەغدا وادەکات عەبادی لاوازتر بنوێنێ، ئەمەش ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە و بیانوویەک دەدات بە میلیشیاکان بۆ ئەوەی بڵێن حکومەت لاوازە و بوونی ئەوان بۆ گرتنەوەی مووسڵ و بەرگری لە سەروەری خاکی عێراق لە بەرامبەر دەستدرێژی دەرەکی پێویستە. ئەم هەڵوێستە خۆسەپێنەرەی تورکیا وایکردووە هەندێک لە دۆستە عێراقییە لە مێژینەکانی تورکیا و عێراقییە ئەنتی ئێرانییەکان، لەوانەش ئەیاد عەللاوی، هیچیان بەدەستەوە نەمێنێ جگە لەوەی داوای کشانەوەی هێزەکانی تورکیا بکەن. تەنانەت هەندێک لە نوێنەرانی تورکمانیش ڕەخنەیان لە میتۆدی تورکیا گرتووە و دەڵێن پەرچەکرداری ئەم میتۆدەی ئەنقەرە لە دژی ئەوان دەبێ.

هێنانی هێزەکانی تورکیا لە باشیک بۆ ژێر چەتری هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی هەم ململانێکان سارد دەکاتەوە، هەمیش ڕێگە لە کاریگەریی نیگەتیڤی ململانێکان لەسەر ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەگرێ.

سەرچاوە: National Interest

# ئەمریکا پلانی گرتنەوەی ڕەققە پێش دەخات

ڕووداو- هەولێر

هەندێک لە بەرپرسانی کۆشکی سپی ڕایانگەیاندووە کە ئیدارەی ئۆباما تەنیا بە دەرهێنانەوەی مووسڵ لەدەستی داعش ڕازی نابێ و ئێستا سەرقاڵی تاوتوێکردنی پلانێکن بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکان بۆ گرتنەوەی ڕەققە، پایتەختی خەلافەتی داعش لە سووریا پێش بخەن. باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، بە نیازە بەر لە جێهێشتنی کۆشکی سپی لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوودا، هەردوو بنکە سەرەکییەکەی داعش لە سووریا و عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەو گرووپە دەربکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی، ئیدارەی کۆشکی سپی هەوڵ دەدات ژمارەیەک هێز کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی گرتنەوەی مووسڵ، شاری ڕەققەش لە دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی دەربێنن.

ڕۆژنامەکە دەڵێت بەرپرسانی ئەمریکی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ وڵات و لایەنەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش کۆبوونەتەوە، لەوانەش تورکیا، بەریتانیا و هێزە کوردییەکانی سووریا. ئامانج لە کۆبوونەوەکانیش ڕێککەوتنێکە لەسەر دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێک بۆ گرتنەوەی ڕەققە.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان شەڕی سووریا و عێراق ئەوەیە شەڕی عێراق زۆرتر لە شەڕێکی تایفی دەچێ، بەڵام جەنگی سووریا، جەنگێکی نێوخۆیی بە وەکالەت و نێودەوڵەتییە. بۆیەش یەکێک لە مەترسییەکانی دوای گرتنەوەی ڕەققە، بڵاوبوونەوەی چەکداران و ئەندامانی داعشە بە وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

بە مەبەستی ڕێگری لەو مەترسییە، هاوپەیمانان بەنیازن لە قۆناغی یەکەمدا چەکدارانی داعش لە نێو شارەکەدا گەمارۆ بدەن، بە جۆرێک ڕێگەی دەرچوون لە شارەکە و بڵاوبوونەوە بە سووریادا یان ڕاکردنیان بەرەو عێراق نەبێ، لە قۆناغی دووەمیشدا دەست بە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی شارەکە بکەن.

بەڵام پلانەکە بێ کێشەش نییە، یەکێک لە گرفتەکانیش پەیوەندی بە چارەنووسی شارەکەوە هەیە لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی، واتە هەمان ئەو کێشەیەی کە چاوەڕێ دەکرێ پاش گرتنەوەی مووسڵ بەرۆکی ئەم شارەش بگرێ. کۆمەڵێک لە بەرپرسە باڵاکانی کۆشکی سپی نیگەرانییان دەربڕیوە کە پەلەکردن لە کۆنترۆڵکردنەوەی پایتەختی داعش دەشێ شارەکە بەرەو ئاژاوە و پشێوی بەرێ و ئەمەش جارێکی دیکە ڕێگە بۆ گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان خۆش بکات دەست بەسەر شارەکەدا بگرنەوە.

ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکی بە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە، حاڵی حازر پلانی گرتنەوەی ڕەققە کۆمەڵێک کێشەی گەورەی تێدایە کە چارەسەرکردنیان بە خێرایی مەحاڵە، کێشەی یەکەمیان ئەوەیە هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە کە پاش دەرکردنی داعش چ لایەنێک ئیدارەی شارەکە بکات، هیچ پلانێکی بەرفراوان بۆ قەیرانە مرۆییەکانی کاتی ئۆپەراسیۆنەکان نییە، هیچ ڕێککەوتنێکیش نەکراوە کە لە قۆناغی پاش داعش چ لایەنێک ئاسایشی ڕەققە بپارێزێت، لە هەمووشیان گرنگتر حکومەتی سووریا، بە پێچەوانەی حکومەتی عێراق، ئامادە نییە پێشوازی لەم هەنگاوەی ئەمریکا بکات.




مەترسیی هەیە دوای گرتنەوەی ڕەققە، چەکداران و ئەندامانی داعش بە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بڵاوببنەوە.

کێشەیەکی گەورەی دیکەی پلانەکەی کۆشکی سپی ئەوەیە ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا یەکجار سنووردارە، بۆیەش ناچارە پشت بەو هێزانە ببەستێت کە لە ناوچەکەدا هەن، لەوانەش تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکرات کە شەڕڤانانی یەپەگە بەشێکی سەرەکی ئەو هێزە پێکدەهێنن، هەر بۆیە تورکیا کێشەی لەگەڵ بەشداریکردنیان هەیە.

تورکیا پێشتریش دژی بەشدارکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات بووە، داواشی کردووە هێزە عەرەبە سوننەکان خۆیان پێشەنگی ئۆپەراسیۆنەکە بن، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا دەبێ مەشق بە چەکدارە سوننەکان بکات، بەڵام ئەمریکا گومانی هەیە لەوەی تورکیا بەو دەمودەستە بتوانێ ژمارەیەکی پێویست لە چەکداری سوننەی جێی باوەڕی خۆی ڕابهێنێت.

کاربەدەستێکی کۆشکی سپی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی گوتووە "لە نێو کۆشکی سپیدا باسی ئەوە کراوە کە پێویستە بە زوویی لە ڕەققە لە داعش بدەین". بەرپرسە باڵاکە ڕەتیکردووەتەوە یەپەگە بچێتە نێو ڕەققەوە، بەڵام گوتوویەتی ئەگەر وابخوازێ و نەتوانن چەکداری عەرەبی سوننە بەپێی پێویست کۆبکەنەوە، ئەوە ناچارن پشت بەو هێزانە ببەستن کە لەبەردەستیانە. ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار و گرووپە سوننەکانی سووریا سەرقاڵی جەنگ لە دژی ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانین، هەر بۆیەش جەنگی دژی داعش و وەرگرتنەوەی ڕەققە لەو گرووپە لە ئەولەویەتی ئەواندا نییە.

ڕەققە ماوەی نزیکەی سێ ساڵە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە، ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە بەر لە دەستپێکی شەڕی سووریا 250 هەزار کەس بووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ هەزاران کەس لە لایەنگرانی داعش لە ناوچەکانی دیکەی سووریاوە ڕوویان لە ڕەققە کرد. کۆگایەکی گەورەی چەک و تەقەمەنی داعش لەم شارەدا حەشاردراوە، ژمارەیەکی زۆریش لە بارمتە بیانییەکان لەم شارە دەستبەسەرن.

حکومەتی سووریا و ڕووسیاش پێشتر ڕایانگەیاندبوو کە ئەوانیش پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەیان هەیە، بەڵام حاڵی حازر هەموو تەرکیزیان لەسەر جەنگی حەلەبە. بەپێی مەزندەی بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا، بۆ گرتنەوەی ئەم شارە نزیکەی 10 هەزار چەکدار پێویستە.

بەگوێرەی وۆڵ ستریت جورناڵ، ئەمریکا بیری لە پڕچەککردن و مەشقپێکردنی چەکدارانی هۆزە عەرەبە سوننەکانی پارێزگای ڕەققە کردووەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دانوستاندنی لەگەڵ کۆمەڵێک لە هۆزەکانی ئەم ناوچەیە کردووە. یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانیش ڕایگەیاندووە کە ئەگەر هەوڵەکانی ئەمریکا سەربگرێ، ئەوە هەزاران چەکداری سوننە دەچنە پاڵ ئەو هێزانە.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەمریکی، فەرەنسی و بەریتانی بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە بەکارهێنانی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکرێ تووڕەیی و ڕقی دانیشتووە سوننە عەرەبەکانی ئەو ناوچانەی لێبکەوێتەوە، ئەمەش پێگەی داعش لە شارەکە بەهێزتر دەکات.

### ئەسەد بە گومانە

پێشتر حکومەتی سووریا و حیزبوڵڵای لوبنان ڕایانگەیاندبوو، پلانی ڕزگارکردنی مووسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش دەبێتە هۆی ڕاکردنی سەدان چەکداری ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەمەش مەترسیی زیاتر لەسەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، دروستدەکات. بەڵام پلانی کۆشکی سپی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، نەک هەر ئەو گومانەی سووریا ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو ئەو ڕاستییەش دەردەخات کە ئەمریکا نایەوێ بە بەهێزبوونەوەی داعش لە سووریا، ئاگری شەڕی نێوخۆی سووریا لەوەی هەیە، گەورەتر ببێ.

## سیاسەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پاش 2016

### پەیمانگای شاهانەی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوە:

# ترامپ بێت یان کلینتن، سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەوەی ئۆباما باشتر نابێت



ڕووداو- Chatham House

لە سەردەمی باراک ئۆبامادا، هەوڵەکان لەسەر هاوسەنگکردنەوەی ستراتیژیی ئەمریکا لە ئاسیا چڕکرابوونەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێکی سەرەکیی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی پێکهێناوە. پەیمانگای شاهانەی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوە (Chatham House) توێژینەوەیەکی لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوای 2016 بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا تیشکی خستووەتە ستراتیژی ئەمریکا لە قۆناغی دوای باراک ئۆباما.

### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا

ئەگەرچی ئەمریکا هەمیشە بە بایەخەوە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕوانیوە، بەڵام لە پاش جەنگی سارد و بەتایبەتی دوای هێرشەکانی 11ی ئەیلول، سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو بە بەشێکی گرنگ لە دیبەیتەکانی هەڵبژاردن.

لە دیبەیتەکانی ئەمساڵدا، هیلاری کلینتن، بەربژێری دیموکراتەکان، پشتگیری لەوە دەکات کە دەبێ ئاسایش و هەوڵە دیپلۆماتیکەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخرێنە ئەولەویەتەوە. دۆناڵد ترامپ، بەربژێری کۆمارییەکانیش دەیەوێ سیاسەتی "یەکەمجار نێوخۆی ئەمریکا" پەیڕەو بکات.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەمریکا سیاسەتی باڵادەستبوونی سەربازی لەو ناوچەیەدا پەیڕەو کردووە، بەشێکی بەرچاوی ئەم سیاسەتەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەمریکا دەیویست گواستنەوەی نەوت بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان گەرەنتی بکات و پێگەی ئەمریکاش لە جیهاندا بەهێزتر بکات. بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا بایەخی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سعودیە، ئیسرائیل، ئێران (هەتا 1979) و میسر (لەدوای ڕێککەوتنی کەمپ دەیڤید لە 1978) داوە.

لە پاش جەنگی سارد، هەتا قۆناغی سەرۆکایەتی ئۆباما، سیاسەتی باڵادەستبوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێبەجێ کراوە. بەڵام سەرۆکی ئێستای ئەمریکا کێشەی لەگەڵ ئەم ستراتیژەدا هەبوو، باراک ئۆباما بە دژایەتیکردنی پرۆسەی "ئازادکردنی عێراق" لە 2003، پەنابردنە بەر ڕێکاری دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران، خۆی لە هیلاری کلینتن و بەشێکی بەرچاوی سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا جودا کردەوە. ئۆباما لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا گوتارێکی هێناوەتە ئاراوە کە تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە چۆن ئەمریکا بتوانێ سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر بناغەیەکی جێگیرتر دابنێ، ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لە ناوچەکە کەم بکاتەوە و هەوڵی دارشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل و سعودیە لەسەر بناغەیەکی نوێ بدات.

ڕەخنەگرانی ئۆباما پێیانوایە دانانی سنووری زۆر بۆ بەشداریی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا و مامەڵەی هەڵەی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە لەمێژینەکانی، کاریگەری و دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم کردووەتەوە "ئەمەش لە لایەکەوە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی داعش لە سووریا و عێراق خۆش کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە وای کردووە ڕووسیا بتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە ناوچەکەدا بگێڕێ".

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی واشنتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هیچ خاڵێک نییە ئۆباما هێندەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران شانازیی پێوە بکات، بەڵام ڕەخنەگرانی ئەم ڕێککەوتنە و هاوپەیمانانی واشنتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیانوایە ئەم ڕێککەوتنە دەسەڵاتی تارانی لە ناوچەکەدا فراوانتر کردووە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوان پشتگیرییان لە سیاسەتی سنووردارکردنی بەشداریی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکرد، ئێستا ڕەخنە لە ئۆباما دەگرن، چونکە نەیتوانیوە ئەو عەقڵییەتە بگۆڕێت کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا پشتگیری لەو ستراتیژە کردووە.

بەدەر لە هەموو ئەمانە، ئۆباما لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا نەیتوانیوە ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە کە ئاخۆ ئەمریکا هەتا ئێستاش لە بەرژەوەندیدایە ستراتیژی باڵادەستبوون لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیڕەو بکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێ کلینتن یان ترامپ لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆیاندا وەڵامی بدەنەوە.

### هەڵوێستەسیاسییەکان

#### هیلاری کلینتن

زۆربەی جاران سیاسەتی دەرەوەی هیلاری کلینتن بە درێژکراوەی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام ئەم تێڕوانینە بۆ سیاسەتی دەرەوەی کلینتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕاست نییە. کلینتن یەکێکە لەو کەسانەی بە توندی پشتگیری لە باڵادەستیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات.

هەرچەندە کلینتن بۆ کەمپینەکەی خۆی پشت بە پشتیوانی ئۆباما دەبەستێ، بەڵام لە زۆر پرسی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کلینتن هەوڵی خۆجیاکردنەوە لە بیرکردنەوەی ئۆباما دەدات، لە نێو ڕاوێژکارەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوەشدا لایەنگرانی هەردوو توێژ دەبینرێ، واتە هەم ئەوانەی لایەنگری لە سیاسەتی دوورەپەرێزیی ئۆباما دەکەن و هەمیش ڕەخنەگرانی ئەو سیاسەتە، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ لە ئیدارەی کلینتندا لایەنگرانی دەستێوەردانی سەربازی دەستی باڵاتریان هەبێ.

ئەگەر کلینتن ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، چاوەڕێ دەکرێ زیاتر لە ئۆباما پشت بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ببەستێ، لە هاوپەیمانە نەریتییەکانی ئەمریکا نزیکتر ببێتەوە (لەوانەش سعودیە و ئیسرائیل) و هەڵوێستێکی توندتریش بەرامبەر ئێران بگرێتەبەر.

ڕەنگە سووریا یەکەم شوێن بێ کە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای تێدا بەدی بکرێت پاش هاتنی کلینتن. لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا، هیلاری کلینتن ڕەخنەی لە سەرۆکی ئەمریکا گرت کە نایەوێ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەهێز بکات. کاتێک حکومەتی سووریا چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئۆباما بڕیاری "هێڵی سوور"ی جێبەجێ نەکرد.

ژمارەیەک ڕاوێژکاری سیاسی کە چاوەڕێ دەکرێ لە ئیدارەکەی کلینتندا پۆستیان هەبێ، ئاماژە بەوە دەکەن کلینتن پێداچوونەوەیەکی تەواو بە سیاسەتی سووریادا دەکات و ئەمەشی وەکوو یەکەم کاری ئیدارەکەی دیاری کردووە.

ڕەنگە بژارەکانی بەردەم کلینتن یەکێک لەمانەی خوارەوە بێ: دروستکردنی زۆنی دژەفڕین. زیادکردنی هاوکارییەکان بۆ گرووپە چەکدارەکانی دژی ئەسەد. خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ هەڵگرتنی شەرعیەت لەسەر دەسەڵاتی ئەسەد.

هەر کام لەم بژارانە فراوانتربوونەوەی بەشداری سەربازیی ئەمریکاش لەخۆدەگرێ، لەوانەش بەرزبوونەوەی ژمارەی هێرشە ئاسمانییەکان و زیادکردنی ژمارەی سەربازان و ڕاوێژکارانی ئەمریکی لە عێراق و سووریا.

سیاسەتی کلینتن بۆ سووریا دابڕاو نییە لە سیاسەتی ئەو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئێران. ئەو کاتەی کلینتن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، نەچووە ژێر باری دروستکردنی پەیوەندی دیپلۆماتی لەگەڵ تاران. تەنانەت لەو ماوەیەدا ڕازی نەبوو مانەوەی سنووردای بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران وەکوو مەرجێک بۆ لادانی دیوە سەربازییەکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران قبووڵ بکات. ئەگەرچی دوای تەواوبوونی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کلینتن پشتگیریی لێکرد، بەڵام لەو کاتەوە بەردەوام جەختی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە کە دەبێ ئەمریکا بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی لە کەنداو کاری زیاتر بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئێران.

هەر لەم سۆنگەیەشەوە، ڕاوێژکارانی کلینتن پێشبینی دەکەن کلینتن هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وەکوو سەرۆکی ئەمریکا، دەست بە هەوڵەکانی بکات بۆ دڵنیاکردنەوەی وڵاتانی کەنداو لەوەی ئەمریکا و ئەو وڵاتانە بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە ناوچەکەدا هەیە، لەوێشەوە هاوپەیمانێتییەکی ناوچەیی لە دژی گرووپە لایەنگرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست بکات.

هەرچەند چاوەڕێ دەکرێ هیلاریش، هاوشێوەی بیل کلینتن، هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین چڕبکاتەوە، بەڵام چاوەڕێ ناکرێ هیلاری هەنگاوێک بنێ کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئیسرائیل بخاتە مەترسییەوە.

#### دۆناڵد ترامپ

ترامپ لە لێدوانەکانی خۆیدا ڕەخنەی لە ستراتیژی باڵادەستبوون لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبووە و پێیوایە ئەمە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکا نییە. بەربژێری کۆمارییەکان دژی بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمەکانە لەسەر دەستی ئەمریکا، هەر بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی وەکوو دژبەری "پرۆسەی ئازادیی عێراق" لە 2003 و ڕووخاندنی ڕژێمی لیبیا لە 2011 پیشان بدات (ئەگەرچی ژمارەیەک لێدوانی ساڵی 2003 و 2011ی ترامپ دەریدەخات کە ئەو لەگەڵ هەردوو ئۆپەراسیۆنەکەدا هاوڕا بووە).

بەشێوەیەکی گشتی وادیارە ترامپ زۆر بڕوای بەوە نەبێ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوانەش ئیسرائیل و سعودیە، بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات و کاریگەریی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بێ.

گوتاری ترامپ زیاتر ئاماژەیە بەوەی ئەو بە پێچەوانەی نوخبەکانی داڕشتنی سیاسەتی نوێی ئەمریکا، کێشەی لەگەڵ بیرۆکەی هاوسەنگیی هێز نییە، هەر بۆیە هێندە گوێی لە بەشداریی سەربازی و سیاسیی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نییە.

### ترامپ و کلینتن سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر ئێران پەیڕەو دەکەن

### کلینتن سەربکەوێ شەڕی سووریا توندتر دەبێت

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ترامپ هەوڵی داوە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ بیرۆکەی باڵادەستبوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتەڕوو، بەڵام هەتا ئێستا دیار نییە ئاخۆ ترامپ دەیەوێ ئەم ئەڵتەرناتیڤە بەراییە بکات بە بەشێک لە سیاسەتێکی یەکانگیر؟ هەتا ئێستا گوتاری ترامپ لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێگیر نەبووە، بۆ نموونە لەلایەکەوە دژی هەوڵەکانی ئەمریکا "گۆڕینی ڕژێم و بنیاتنانەوەی حکومەتەکان" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەلایەکی دیکەشەوە باس لە "دەستگرتن بەسەر نەوتی لیبیا و عێراق لە پاش هێرشی سوپای ئەمریکا" دەکات.

هەڵبەت دەبێ لە پاڵ تێڕوانینی ترامپ بایەخ بە بۆچوونی ئەو ڕاوێژکارانەی ترامپیش بدرێ کە پشتگیری لە بیرۆکەی باڵادەستبوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکەن. تیمی ڕاوێژکارانی ترامپ هێندەی تیمەکەی کلینتن بەرفراوان نییە، جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر لە کۆنزەرڤاتیڤە نوێیەکان و کۆمارییەکان، کە شارەزای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان، لە دژی ترامپ هەڵوێستی توندیان وەرگرتووە و ئامادە نین بەشێک لە ئیدارەی کۆشکی سپی بن، ئەگەر بێت و بەربژێرەکەی پارتی کۆماری لە هەڵبژاردنی مانگی تشرینی دووەمدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە لە کەمپینی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000دا، جۆرج دەبلیو بوش کەمتر لە ڕکابەرە دیموکراتەکەی خۆی، بڕوای بە سیاسەتی دەستێوەردانی سەربازیی هەبوو، بەڵام کاتێک هاتە نێو کۆشکی سپییەوە، ڕاوێژکارە کۆنزەرڤاتیڤە نوێیەکانی و هێرشەکانی 11ی ئەیلول، ناچاریان کرد سیاسەتی دەرەوەی خۆی بگۆڕێ. هەر بۆیە گومان دەکرێ ڕاوێژکارە کۆنزەرڤاتیڤەکان و سروشتی تایبەتی ترامپ وای لێبکەن لە هێندێک حاڵەتدا دەست بۆ ڕێگەچارەی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرێ.

بەدەر لە هەموو ئەمانە، لێدوانە یەک لە دوای یەکەکانی ترامپ لە دژی موسڵمانەکان، دەکرێ وڵاتانی ناوچەکەش سارد بکاتەوە لەوەی هاوکاریی ئیدارەکەی دۆناڵد ترامپ بکەن.

سەبارەت بە سووریا، کاندیدەکەی پارتی کۆماری بڕوای وایە ئەمریکا نابێ هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتی بەشار ئەسەد بدات. ئەمەش هاوتەرییە لەگەڵ دژایەتی ترامپ لەگەڵ گۆڕینی ڕژێمەکان لە ناوچەکەدا. لە ئێستاوە چاوەڕێ دەکرێ لە ناوبردنی داعش ئەولەیەتی باڵای ئیدارەی ترامپ بێ، بۆیە پێشبینی دەکرێ بەشداریی سەربازی ئەمریکا لە دژی داعش لە سووریا فراوانتر بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ترامپ ئامادەیی ئیدارەکەی بۆ هاوکاریکردنی ڕووسیا دەربڕیوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەداوە ئەگەر ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، خیانەتی لە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئەمریکا کرد، لەو کاتەدا سیاسەتی ترامپ و ڕاوێژکارەکانی چی دەبێ. ترامپ هەروەها پشتگیری لە بیرۆکەی ناوچەی دژەفڕین لە سووریا کردووە، بۆ ئەوەی گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی بپارێزرێ، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم پلانەش پێویستی بەوەیە ڕووسیا و سووریا و ئێران ڕازی بکرێن.

دۆناڵد ترامپ ڕەخنەی توندی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1 گرتووە، تەنانەت هەتا ئەو شوێنەش ڕۆیشتووە کە بڵێ ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، ڕێککەوتننامەکە دەدڕێنێ. هەڵبەت بەشێک لە ڕەخنەکانی ترامپ ڕێککەوتنە شەش قۆڵییەکە بۆ شکستی ئیدارەی ئۆباما دەگەڕێننەوە و دەڵێن نەیتوانیوە وابکات ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا ببێتە هەلێکی بازرگانی بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە ئێران. هەڵبەت ترامپ لە هەندێک لێدوانیشدا ئاماژەی بەوەدا ئەگەر ئێران پابەند بێ بە ڕێککەوتنەکە، ئیدارەکەی ئەویش ڕێککەوتنەکە ناخاتە تەنەکەی زبڵەوە.

ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە دۆناڵد ترامپ بگاتە ئەو بڕوایەی هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێران مامەڵەی بازرگانی بکرێ، ڕەنگە لەم حاڵەتەدا ترامپ چاودێری و ڕێوشوێنی وەها سەخت بخاتە سەر ڕێککەوتنەکە، کە ئێران بگاتە ئەو بڕوایەی ئەمریکا خەریکە لە ڕێککەوتنەکە لادەدات، لەوێشەوە لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە.

دۆناڵد ترامپ بەردەوام خۆی وەکوو دانوستاندنکارێکی سەرکەوتوو وەسف دەکات، بۆیەش دەشێ ئەم توانایەی خۆی لە ناکۆکییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین بخاتەگەڕ. بەڵام پێناچێ ترامپ لە هەوڵەکانی خۆیدا هەتا ئەو شوێنە بڕوات کە سنوور یان بەربەست بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل دابنێ.

### ئەنجامگیری:

پێناچێ سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ماوەی سەرۆکایەتی ترامپ یان کلینتن لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئۆباما باشتربێ. چاوەڕێ دەکرێ هەردوو بەربژێرەکە بە هۆکاری جیاواز دەست بۆ بژارەی دەستێوەردانی سەربازی بەرن.

لەلایەکی دیکەوە، پێشبینی دەکرێ هەم ترامپ و هەمیش کلینتن سیاسەتێکی توندتر لە ئاست ئێراندا پەیڕەو بکەن، بە تایبەتیش بۆ توندکردنی چاودێری لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، سەپاندنی سزای نوێ بەهۆی سیستەمی مووشەکی باڵستیکیی ئێران و هەوڵەکانیش چڕتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی سنووری دەسەڵات و کاریگەریی تاران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆنترۆڵ بکەن.

ئەگەر کلینتن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەربکەوێ، ئەگەری زۆرە قەیرانی سووریا و شەڕ و پێکدادانەکان توندتر و فراوانتر ببنەوە. ئەگەریش ترامپ ببێ بە سەرۆک، ئەوە چاوەڕێ دەکرێ هەوڵێکی نوێ بۆ هاوکاریی نێوان ڕووسیا و مۆسکۆ بێتە ئاراوە، ئەمەش پەیوەستە بەوەوە ئاخۆ ڕووسیا و ئەمریکا تا کوێ بەردەوام دەبن لە ڕێککەوتنەکەیان.

## سیاسەتی بەربژێرەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست..





### دۆناڵد ترامپ:

- دژی بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمەکانە لەسەر دەستی ئەمریکا
- کێشەی لەگەڵ هاوسەنگی هێزەکاندا نییە
- لە ناوبردنی داعش ئەولەیەتی کاری ئیدارەکەی دەبێ
- سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر ئێران پەیڕەودەکات
- دەبێتە دانوستاندنکارێکی باش لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستین

### هیلای کلینتن:

- لەگەڵ سیاسەتی باڵادەستبوونی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست
- هەڵوێستی بەرامبەر ئێران توندتر دەبێ.
- زیاتر لە ئۆباما پشت بە دەستێوەردانی سەربازی دەبەستێ
- لە سعودیە و ئیسرائیل نزیکتر دەبێتەوە
- هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین چڕدەکاتەوە

## ساڵانە لە سلێمانی مۆخی ئێسک بۆ 100 کەس دەچێنرێ

# تووشبووانی تالاسیمیا پێویستیان بە دەرەوەی وڵات نامێنێ

### پزیشکێکی پسپۆڕ: ئەمە چارەسەری کۆتاییە بۆ تالاسیمیا و چەند جۆرێکی شێرپەنجەی خوێن

سەروەر سالار
رووداو– سلێمانی

دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی، لە سلێمانی دەست بە چاندنی مۆخی ئێسک کرا و تاوەکو ئێستا مۆخی ئێسک بۆ حەوت نەخۆش چێنراوە و چەندینی دیکەش لە چاوەڕوانیدان. پزیشکان داوا لە هاووڵاتیان دەکەن پابەندی پرۆتۆکۆڵە زانستییەکان بن و کارگێڕانی نەخۆشخانەکەش داوای پشتیوانیی ماددی لە حکومەت دەکەن.

هەر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، زانایان بیریان لە چاندنی مۆخی ئێسک کردەوە. چونکە مۆخی ئێسکی مرۆڤ زۆرترین کاریگەریی چەکە ئەتۆمییەکانی لەسەر بوو. توێژینەوەکان بەردەوام بوون و ساڵی 1968 یەکەمین سەرکەوتنی گەورە و بەرچاوی پرۆسەی چاندنی مۆخی ئێسک لە مرۆڤدا تۆمار کرا، لە کوردستانیش تازە پرۆسەکە دەستی پێکردووە و تاوەکو ئێستا سەرکەوتوو بووە.

### مۆخی ئێسک چۆن دەچێنرێ؟

پزیشکێکی پسپۆڕ وردەکاریی پرۆسەی چاندنی مۆخ بۆ (رووداو) روون دەکاتەوە، چونکە وەک ئەو گوتی "هەندێک کەس تاوەکو ئێستاش وادەزانن چاندنی مۆخ بریتییە لە چاندنی مێشک".

د.دانا عومەر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن، بە (رووداو)ی گوت "سەرەتا نەخۆشییەکە بە دەرمان کۆنترۆڵ دەکەین. پاشان پشکنینی وێکچوون لەنێوان شانەکانی جەستەی ئەو و خوشک و براکانی دەکەین و لە کامەیانەوە زۆرترین لێکچوونی هەبوو، خوێنەکە وەردەگرین و دایکەخانەکانی لێ جیادەکەینەوە و لە 8 پلەی ژێر سفردا لە نایترۆجینی شلدا هەڵیدەگرین. دواتر بە دەرمانی کیمیایی تەواوی مۆخی ئێسکی نەخۆشەکە لەنێودەبرێ و مۆخە وەرگیراوەکەی بۆ دەگوێزرێتەوە و دەکرێتە خوێنی. پاشان دایکەخانە گواستراوەکان دەچنە مۆخی ئێسکی نەخۆشەکە و دەست بە دروستکردنی خانەی ئاسایی و تەندروستی خوێن دەکەن".

### بۆ کام تووشبووی تالاسیمیایە؟

دکتۆر دانا دەڵێ هەموو ئەوانەی تالاسیمیای گەورەیان هەیە، دەتوانن سوود لە چاندنی مۆخ وەربگرن، بەڵام سێ خاڵ هەن کە رادەی سەرکەوتوویی پرۆسەکە دیاری دەکەن، واتە تاوەکوو کەمترینی ئەو خاڵە لە کەسێکی تووشبووی تالاسیمیا هەبێ، رادەی سەرکەوتنی چاندنی مۆخ زۆرترە، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** تەمەنی سەرووی 16 ساڵ بێت.

**دووەم:** بوونی ئاسنی زیادە و نیشتنی لە شانەکانی لەشدا.

**سێیەم:** کێشەی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەری نەبێت.

دوای ئەنجامدانی پرۆسەکەیش هەندێک مەترسی هەن، وەکوو شکستهێنانی سەرگرتنی پرۆسەکە و بە جەنگهاتنی خانە گواستراوەکان و خانەکانی جەستەی نەخۆشەکە. ئەگەر ئەوانە روونەدەن، ئەوە کەسی تووشبووی تالاسیمیا بە یەکجاری چاک دەبێتەوە و چیدی بە تووشبووی تالاسیمیا دانانرێ.

### پێنج ساڵە کاری بۆ دەکرێ

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا دەڵێ پێنج ساڵە پرۆژەی چاندنی مۆخی ئێسک لە سلێمانی لە بەرنامەدایە و ئێستا بەرنامەکە جێبەجێ دەکرێ.

د.دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا بە (رووداو)ی گوت "پرۆژەکە شەش ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کرابوو، پێنج ملیۆن دۆلاریان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەک ملیۆن دۆلاریش لەلایەن سندووقی شێرپەنجەوە تەرخان کرا".

وەک د.دۆستی گوتی، ئەوان وەکوو نەخۆشخانەی هیوا ماوەی ساڵێکە سەنتەرەکەیان وەرگرتووە و بە هاریکاریی حکومەتی ئیتاڵیا توانیویانە پارەی پێویست دابین بکەن بۆ راهێنانی کارمەندانی کوردستان و هێنانی تیمی بیانی و کڕینی ئامێری پزیشکی "ئاگادار بووین کە حکومەتی ئیتاڵیا 300 هەزار یۆرۆی بۆ فریاگوزاری لە عێراق تەرخانکردووە، ئێمەش پرۆژەیەکمان پێشکەشی کونسوڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ تەواوکردنی سەنتەری چاندنی مۆخ و ئەوانیش رەزامەندییان دەربڕی".

### ساڵانە 100 کەس چاک دەکاتەوە

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا دەڵێ تاوەکو ئێستا چاندنی مۆخی ئێسک بۆ حەوت کەس کراوە. دوو دانەی دواییان بەهۆی ئەوەی دایکەخانەکان لە جەستەی کەسانی دیکە وەرگیراون نەک جەستەی خودی کەسەکە، دەبێتە پرۆسەیەک کە یەکەمینجارە لە سەرتاسەری عێراق بکرێ.

بە گوتەی پزیشک و کارگێڕانی سەنتەرەکە، پزیشکە ئیتاڵییەکان گوتوویانە کواڵێتی خزمەتە تەندروستی و پزیشکییەکانی ئەو سەنتەرە لە ئاستی سەنتەرە هەرە پێشکەوتووەکانە. د.دۆستی دەڵێت "کواڵیتی ئەوەی ئێمە، لەوەی هیندستان و ئوردن و تورکیا باشترە".

بەپێی پلانی سەنتەرەکە، ساڵانە چاندنی مۆخ بۆ 100 کەس دەکرێ و هەڵبژاردنی حاڵەتەکانیش بڕیارێکی تەواو زانستییە.

### ملیۆنان دۆلار بۆ حکومەت دەگێڕێتەوە


د.میران محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "پێشتر لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان 70 منداڵی تووشبووی تالاسیمیامان ناردبووە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی چاندنی مۆخی سووری ئێسک کە تێچووی چارەسەری هەریەکەیان 57 هەزار دۆلار بوو، ئێستا کە لە سلێمانی بیکەین، تێچووی هەریەکەیان ناگاتە 20 هەزار دۆلار".



### خۆبەخش بەڕێوەی دەبەن

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، سەنتەری چاندنی مۆخی ئێسک بۆ هەموو کوردستانە و پێویستیان بە سەنتەری دیکە نابێ. بەڵام د.دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا دەڵێ ئەو تاقە سەنتەرە پێویستی بە یارمەتییە، بە تایبەتی دابینکردنی مووچە بۆ کارمەندانی سەنتەرەکە.

د.دۆستی گوتی "سەنتەرێکی ئاوا گرنگ تاوەکو ئێستا بە 30 کارمەندی خۆبەخش بەڕێوەدەچێ، داوا لە حکومەت دەکەین مووچەیان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بتوانین بەردەوام بین."



# قەڵەوی 10 ساڵ مێشکت پیر دەکات

رووداو– فۆکس نیوز

ئەو کەسانەی کێشیان لە ئاسایی زۆرترە، زۆرتر نیشانەکانی پووکانەوەی پەیوەست بە تەمەنی مێشکیان لەسەر دەردەکەوێ، ئەوەش بەپێی توێژینەوەیەکی نوێ کە لە جۆرناڵی زانستی (Neurobiology of Aging) بڵاوبووەتەوە.

دوای شرۆڤەکردنی سکانی وێنەی مێشکی 527 کەسی پێگەیشتوو، توێژەرەکان بۆیان دەرکەوت ئەوانەی هاوکۆلکەی بارستایی جەستەیان لە 25 زۆرترە، قەبارەی شانە سپییەکانی مێشکیان کەمترە لەو کەسانەی هاوکۆلکەی بارستایی جەستەیان لە 25 کەمترە.

### هاوکۆلکەی بارستایی جەستە

هاوکۆلکەی بارستایی جەستە کە بە کورتی بە (BMI) نێودەبرێ، هاوکێشەیەکی ئاسانە و بەهۆیەوە دەتوانی بزانی ئایا تۆ کێشی لەشت کەمە؟ ئاساییە؟ کێشت لە ئاسایی زیاترە، قەڵەوی یان قەڵەویی مەترسیدارت هەیە؟

هاوکۆلکەی بارستایی جەستە بەوە هەژمار دەکرێ کە کێشی جەستەت دابەشی درێژیی باڵات بە مەتر دووجا بکەی، ئەو ژمارەیەی بۆت دەردەچێ دیاری دەکات کە کێشی تۆ تا چەندە ئاساییە.

بۆ نموونە ئەگەر باڵای تۆ 182 سەنتیمەترە و کێشت 80 کیلۆیە، ئەوە 1.82 مەتر جارانی دوو دەکەی کە دەکاتە 3.3124، ئینجا کێشی لەشت دابەشی ئەم ژمارەیە دەکەی کە دەکاتە 24.

بەپێی پێناسەی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هاوکۆلکەی بارستایی جەستەی تاوەکو 25 ئاساییە، 25 بەرەو سەر کێشی زۆرە و 30یش قەڵەوە. ئەو هاوکێشەیە بۆ پیاوان و خانمانی پێگەیشتوو بەکاردێت و رێکخراوی جیهانیی تەندروستی وەکو پێوەرێکی دانپێدانراو ناساندوویەتی.

### شانەی سپیی مێشک

شانە یان ماددەی سپی مێشک ئەو بەشەی مێشکە کە ناوچە جیاوازەکانی مێشک پێکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان خانە دەمارییەکان رێکدەخات. شانەی سپی یارمەتیی هەموو پرۆسەیەکی هزریی دەدات، هەر لە یادەوەرییەوە تاوەکو بیرکردنەوە.

### تەمەن و شانەی سپی

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا، ئەو بەشەی مێشک بەرەو پووکانەوە دەچێ، بەڵام ئەوەی لە توێژینەوە نوێیەکەدا دەرکەوت، ئەوانەی کێشیان زۆرە یان قەڵەون، خێراتر لە کەسانی دیکە تووشی ئەو پووکانەوەیە دەبن.

توێژەرەکان لە زانکۆی کامبریج بۆیان دەرکەوتووە ئەو کەسەی کێشی جەستەی لە ئاسایی زۆرترە، لەڕووی قەبارەی ماددە سپییەکەوە، تەمەنی مێشکی هاوشێوەی کەسێکە کە 10 ساڵ لەخۆی گەورەترە.

د.لیزا رۆنان، توێژەر لە زانکۆی کامبریج، لەبارەی هۆکاری خێرا پووکانەوەی مێشکی قەڵەوەکانەوە گوتی "چەورییەشانەی زیاد لە پێویست، دەبنە هۆی دەردانی رەگەزەکانی سایتۆکاین کە زیان لە شانەکانی مێشک دەدەن".

پێشتریش توێژینەوەی زانستی هەبوون کە پەیوەندییان بینیبووەوە لەنێوان کێشی زۆر و نەخۆشیی خەڵەفان.

# بەکتریای نێو دەم بەرپرسە لە شەقیقە

رووداو– سی بی سی نیوز

ئەو کەسانەی نەخۆشیی ژانی لایەکی سەر (شەقیقە)یان هەیە، بەزۆری بەدەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن کە چەند جۆرە خواردنێک هەن سەرئێشەکەیان خراپتر دەکەن، ئێستا توێژینەوەیەکی نوێ دەڵێ هۆکارەکە رەنگە بەکترياکانی نێو دەم بن.

توێژەرەکان بۆیان دەرکەوت ئەو کەسانەی شەقیقەیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەو میکرۆبانە لەنێو دەمیان هەیە کە ماددەی نیتراتی نێو خۆراکەکان شی دەکەنەوە.

کاری ئەو میکرۆبانە زۆر گرنگە، چونکە ماددەی نیترات دەگۆڕن بۆ ئۆکسیدی نیتریک کە دەگاتە سووڕی خوێن و بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەکات.

هەرچەندە فراوانبوونی بۆڕییەکانی خوێن بۆ تەندروستیی دڵ گرنگە، بەڵام توێژەرەکان بۆیان دەرکەوت زیاد لە پێویست دەردانی ئەو ماددەیە و زۆر فراوانکردنی بۆڕییە خوێنەکانی مێشک و پێستی سەر دەبێتە هۆی سەرئێشەی پەیوەست بە شەقیقە.

نیترات بە زۆری لە سەوزە گەڵاپانەکاندا هەیە، بەڵام ئێستا وەک ماددەی پارێزەر دەکرێتە گۆشتی لەقوتوونراویش تاوەکو بۆن و رەنگەکەی تێکنەچێت.

نەخۆشەکان دەمێک بوو دەیانزانی بە گۆشتی لەقوتوونراو سەرئێشەکەیان زیاد دەکات و پزیشکەکانیش بێ ئەوەی میکانیزمی دروستبوونی ئازارەکە بزانن، رێنمایی نەخۆشەکانیان دەکرد لە گۆشتی لەقوتوونراو بەدووربن. د.مایکڵ زیتنی، سەرۆکی تیمی توێژینەوە نوێیەکە دەڵێ ئەم توێژینەوەیە پەردە لادەدات لەسەر ئەو پەیوەندییەی جاران میکانیزمەکەی نەزانرابوو لەنێوان خواردنی گۆشتی قوتوو و خراپتربوونی ئاسەواری سەرئێشە "دەمێک بوو دەمانزانی ئەو خواردنانە سەرئێشەی شەقیقە خراپتر دەکەن، بەڵام نەماندەزانی ئەوە چۆن روودەدات".

### پەیوەندی نیترات و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن

دەمێکە زانراوە گۆڕینی نیترات بۆ ئۆکسیدی نیتریک بۆ تەندروستیی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن باشە. ئێستا تەنانەت نیترات دەکرێتە ناو ئەو دەرمانانەی بەکاردێن بۆ چارەسەری ئازاری سنگی پەیوەست بە دڵ و هەروەها بۆ سستبوونی دڵ. بەشێک لە نەخۆشەکان لەگەڵ خواردنی ئەم دەرمانانەدا سکاڵا دەکەن لەدەست تووشبوون بە سەرئێشەی توند.



هەمەجۆر
ڕووداو
ژما[illegible] – دووشەممە 2016/10/24

# عاشقەکان لە سلێمانی بەپێوە دەمرن



**ڕووداو – سلێمانی**

فیلمی سینەمایی "عاشقەکان بەپێوە دەمرن" کە لە دەرهێنانی شەهرام مەسلەخییە و خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی فیلمی موشن لە ئەمریکا بەدەستهێنا، ئێستا لە سینەمای سالم لە سلێمانی نمایش دەکرێت. شەهرام مەسلەخی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هیوادارین وەک چۆن لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا ڕێزیان لێدەگیرێت، بەهەمانشێوە لە کوردستانیش ڕێز لە هونەرەکەیان بگیرێ. فیلمەکە باس لە چیرۆکی دوو برای پێشمەرگە لە دەیەکانی ڕابردوودا دەکات و پێشتر خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی فیلمی بەغدا وەرگرتووە، هەروەها بەم دواییە لە یەکەم خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی نمایش کرا. مەسلەخی دەڵێت سەرەڕای هەستیاریی ئێران بە فیلم بە زمانی کوردی، بەڵام فیلمەکەی لە تەواوی سینەماکانی ئێران نمایش کرا.

# بەرهەمەکەی شەهرام نازری ئامادەیە



**ڕووداو – تاران**

کارەکانی ئەلبوومێکی نوێی گۆرانیی هونەرمەند شەهرام نازری لە کۆتاییەکانیدایە و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە.

ئەردەوان جەعفەری، بەڕێوەبەری کۆمپانیای پەردیس کە سپۆنسەری بەرهەمەکەیە، بە میدیاکانی ئێرانی ڕاگەیاند: "ماوەی یەک ساڵ و نیوە خەریکی ئەو ئەلبوومەین. تێکستی گۆرانییەکان لە شیعرەکانی ئەبو سەعید ئەبولخەیر وەرگیراون. مۆسیقاکەشی لەلایەن ئۆرکێسترای فلارمونیکی چیکی-یەوە ئامادەکراوە کە 70 ژەنیار بەشدارییان تێدا کردووە".

بە گوتەی جەعفەری، ئەلبوومەکە لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵ دەکەوێتە بازاڕ کە ئەمیر پوورخەلەجی کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە.

# ژنانی کورد شاجوان سەرسام دەکەن



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سەوسەن سەید، شاجوانی پێشووی لوبنان و خاوەنی دەزگای سەوسەن بۆ ڕاگەیاندن و جوانکاری، سەرسامە بە جوانیی ئافرەتانی کورد و دەشڵێت "ئافرەتانی کورد ژیانیان خۆشدەوێ".

سەوسەن سەید بە (ڕووداوی) ڕاگەیاند "چەند جارێک سەردانی کوردستانم کردووە، زۆر زوو هەستم بەوە کرد کە ئافرەتی کورد خەباتگێڕ و نەبەردن و لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا شانبەشانی پیاو بەرگەی سەختییەکانی ژیانیان گرتووە".

سەوسەن دەربارەی پڕۆژەکانی لە هەرێمی کوردستان گوتی "چەندین پڕۆژەی جیاجیام لە کوردستان جێبەجێ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی و بەرنامەی زۆر باشمان بۆ کوردستان ئامادە کردووە کە دەیان شاجوان و کەسایەتی جیهانی لە هەولێر کۆدەکەینەوە. بڕیارە لە مانگی داهاتوودا ئەم چالاکییانە بەڕێوەبچن".

سەوسەن سەید، ساڵی 1984 وەک شاجوانی لوبنان هەڵبژێردراوە، هاوکات لە بواری ڕاگەیاندن وەک پێشکەشکار و پەیامنێر کاری کردووە و ئێستا خاوەنی دەزگایەکە بۆ ڕاگەیاندن جوانکاری و کاروباری شاجوانی.

# خانووەکەی تریفە خەڵات دەکرێ



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

تریفە کەریمیان، کچە شانۆکار و نووسەری دەقی شانۆیی، لە 13 هەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سەقز، خەڵاتی باشترین سیناریۆی وەرگرت.

تریفە کەریمیان بە (ڕووداوی) ڕاگەیاند "شانۆگەریی خانووی سێیەم کە لە نووسینی خۆمە، لە 13 هەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سەقز نمایش کرا و دوای نمایشەکە خەڵاتی باشترین سیناریۆی لەم فێستیڤاڵەدا وەرگرت".

شانۆگەرییەکەی کەریمیان باس لە کێشەی کۆچکردنی کورد بۆ وڵاتانی ئەورووپا دەکات.

ئەم شانۆگەرییە لە دەرهێنانی فەریدوون حامیدی بوو.

# بەدوای ماهیردا مەگەڕێن



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند ماهیر ئەمین دوو کلیپی نوێی بەڕێوەیە کە یەکێکیان تایبەتە بە دۆخی ئێستای کوردستان.

ماهیر ئەمین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەرهەمی یەکەمیان نەتەوەییە بەنێوی کاروانێ کوردا کە بەرهەمێکی کرمانجییە، تێکست و ئاوازی ئەمیر بۆتانییە و خۆی موزیکی بۆ داناوە و لەلایەن هۆگر عەزیز کاری دابەشکردنی بۆ کراوە. بەرهەمی دووەمیش وەکو خۆی ئاماژەی بۆ کرد، بەنێوی (بەدوامدا مەگەڕێ)، هۆنراوەکەی بەهاوبەشی لەلایەن دلاوەر قەرەداغی و ڕەوشت ڕەشیدەوە نووسراوە، خۆیشی موزیکی بۆ داناوە و ئێستا لە قۆناغی کلیپدایە.

# شاجوان سنوور نابەزێنێ



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ریپی سارگیسیان، شاجوانی ئەرمینیا و نمایشکاری بەناوبانگی ئەو وڵاتە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە وێنەکانی نیمچەڕووت و ورووژێنەرن، بەڵام ئەو دەڵێت نایەوێت بەهیچ شێوەیەک سنوور ببەزێنێت و ڕێزی کولتووری وڵاتەکەی دەگرێت.

ریپی سارگیسیان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ڕەخنانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەم دەکرێ بێ بنەمان، زۆر گرنگییان پێ نادەم و ناشیانخوێنمەوە، من خۆم دەزانم چی دەکەم و گرنگی بە کارەکەی خۆم دەدەم، من وەک نمایشکار و ئەکتەر ئازادم هەر جلوبەرگێک بپۆشم".

سارگیسیان هەروەها گوتی "کولتووری ئەرمینیا سنووردارەو وەک وڵاتانی ڕۆژئاوا نییە، من وەک کچێکی ئەرمینی ناتوانم وەک ئەورووپی ڕەفتار بکەم، کولتووری ئێمە لە کولتووری کوردستان نزیکە، من ڕێزی ئەو کولتوورە دەگرم و سنووریش نابەزێنم، بەڵام ناهێڵم بیرکردنەوەی داخراوی بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەم کاریگەری لەسەر کارەکانم هەبێت".

# چۆپی فەتاح هەڵناپەڕێ



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی ساڵێکە ئەلبوومێکی گۆرانیی خانمە هونەرمەند چۆپی فەتاح ئامادەیە و تەواوی کارەکانی تەواوبوون، بەڵام باوردۆخی ئێستای کوردستان بەگونجاو نازانێت بۆ بڵاوکردنەوەی.

چۆپی فەتاح بە (ڕووداو)ی گوت "ماوەی ساڵێکە ئەلبوومێکی گۆرانیم تەواو بووە، بەڵام بەهۆی باوردۆخی ئێستای کوردستان بڵاوی ناکەمەوە".

گوتیشی "ئەلبوومەکەم گۆرانیی ئاشقانە و گۆرانیی هەڵپەڕکێی تێدایە، بۆیە پێم باش نییە لەوکاتەی پێشمەرگە شەڕی داعش دەکەن و شەهیدمان هەیە، ئەلبوومێک بڵاوبکەمەوە کە گۆرانی شادی و هەڵپەڕینی تێدابێ".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چۆپی فەتاح گۆرانییەکی بۆ پێشمەرگە بڵاوکردەوە، لە بارەی ئەو گۆرانییە دەڵێت: "ئەوە بچووکترین کارە کە من بۆ گەورەیی پێشمەرگە کردبێتم".

# بەختی ڕووداو

ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
هەڵێک دەرەخسێت بۆئەوەی کارەکەت بگۆڕیت بۆ پڕۆژەیەکی باشتر. ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ سەفەرکردن، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانی بەرنامەیەکی باشتری بۆ دیاری بکەیت. باری داراییت بەرەو باشی دەچێت.

**گا**
کۆتایی بە خەمباری بهێنە، هەوڵەکانت خێراتر دەگەنە ئەنجام و کارەکەشت بەپێی پلانەکەت بەڕێوەدەچێ. لە سەرەتاوە کۆنترۆڵی گرفتە بچوکەکان بکە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووت نەبنەوە.

**دووانە**
بۆ ئەوەی سەرکەوتن تۆمار بکەی چاوەڕوانی گۆڕانکاریی نوێ مەبە، هەوڵ بدە خۆت ئەو گۆڕانکارییە دروست بکەیت. لەبارەی دارایییەوە هەموو هەوڵ و ئەگەرەکان تاقی بکەرەوە سەرکەوتوو دەبیت.

**قرژاڵ**
بەهۆی ڕۆتینی ژیانی ڕوژانەوە کارەکانت وەکو پێویست ناچنە پێشەوە و وا هەست دەکەیت کە ئیتر تەواو نابن. هەنگاوی هێمن و پڕ دڵنیایی بنێ بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوە بەدوور بیت.

**شێر**
هاوڕێ نوێیەکەت ڕاڕایی بۆ دروست کردوویت، چونکە مەبەستێکی ڕوونی نییە. قەیرانی دارایی ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێت لەسەر ژیانت، بەڵام دەتوانی ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزیتەوە بۆ چارەسەر.

**فەریک**
ڕاڕایی توانای بڕیاردان کەم دەکاتەوە، کارەکانت بەو شێوەیە ڕێک بخە کە دڵت ئاسوودە دەکات، نەک تەنها بیر لە دەرامەت بکەیتەوە. ناتوانی کاتی پێویست بە ئەڤیندارەکەت یان هاوبەشەکەت بدەیت.

**تەرازوو**
هەلێکی گونجاوت بۆ باشترکردنی دەرامەت بۆ دەرەخسێت، ڕەنگە کارێکی نوێ بکەیت بەڵام دەبێت خۆتی بۆ تەرخان بکەیت و بتوانی بەربەستەکان تێپەڕێنیت. زۆربوونی ڕەخنە لە ئەڤیندارەکەت دەبێتە گرفت.

**دووپشک**
لەم هەفتەیەوە تیشکی هەتاو دێتە بورجەکەت و هەست بە خۆشی و چالاکی دەکەیت و بڕوا بەخۆبوونت بۆ دەگەڕێتەوە. کارێکی نوێ بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدەیت کە مانگی ڕابردوو پلانت بۆ داناوە.

**کەوان**
ئەستێرەی ڤینۆس لە کەلوەکەتدا دەبێت، دەتوانی گرفتەکانت لەگەڵ ئەڤیندارەکەت چارەسەر بکەیت، کارەکانی دیکەش دەکەونەوە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان و خەڵک لە جاران زیاتر هاوکاریت دەکەن.

**گیسک**
ئەستێرەی مارس هەندێک بەربەستی بچووکت بۆ دروست دەکات، خۆڕاگر بە و خۆت لە هەڵچوون بپارێزە چونکە هانت دەدات بۆ ئازادیی کارکردن و دەربڕینی بیروڕاکانت کە لە دەرەوەی سنوورە گشتییەکانن.

**سەتڵ**
هەر دۆخێکی نوێ دروست ببێت لە بارەی کارکردنەوە یان لە ئەڤینداریییەوە بیر لە لایەنە باشەکەی بکەرەوە و خێرا بڕیاری لەسەر مەدە. لە کاتی گفتوگۆدا ناوەڕۆکی بابەتەکە باس بکە و لە دەربڕین مەترسە.

**نەهەنگ**
چاوەڕوانی هاتنی شتێک دەکەیت بەڵام خۆیشت نازانی چییە، هەمیشە خەیاڵەکان نابن بە ڕاستی تەنها ئەو کاتە نەبێت هەوڵێکی ڕاستی بۆ بدەیت. متمانە بە ئازیزەکانت بکە زەرەر ناکەیت.

# نووسین لەودیوی وشەکـ


کامەران سوبحان

**"پێویستم بەوەیە دەستەودائیرەکەم بێدەنگ بن. پێویستم بەوەیە گشت بوونەوەرەکان نوقمی بێ دەنگی ببن، بەڵکو ئەم هەرا ترسناکەی ناخی منیش دامرکێتەوە".**
**کالیگۆلا**

## مردن و دەستنووسی نێو جانتاکە

ئەلبێر کامۆ لە پاش مردنی، جگە لە دەقە چاپکراوەکانی، یەکێک لەو سەروەتە مەزنانەی کە جێیهێشت و تا هەنووکە وەک شاکارێکی بەرزی ئەو نووسەر و فەیلەسوفە سەیر دەکرێت، ئەو چەند دەفتەری دەستنووسە بوو کە بریتی بوو لە یاداشتەکانی خۆی و تۆمارکردنی بینین و تێڕامانی لە ژیان و سرووشت و مرۆڤ و خەون و خولیا و بیرکردنەوەکانی خۆی.

یاداشتەکانی ئەم نووسەرە جیاوازە لە یاداشت و بیرەوەریی زۆر لە نووسەرانی دیکە، ئەو جیاوازییەش جگە لە زمانی نووسین و ریتمی وشە و دێڕ و بابەتەکان، ڕەشنووسی دەق و کورتەی خوێندنەوەی چەندین دەقی نووسەرانی وەک تۆلستۆی، مارک نۆریل، دانێل دوفۆد، سێرڤانتس، بەلزاک، مەدام دی لاڤایت، نیتچە و دۆستۆیڤسکی تێدا تۆمار کردووە. ئەمە جگە لەوەی پەرەگراف و بەش و دیمەنی هەندێ لە ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامەکانی خۆی، لەم دەفتەرە دەستنووسانەدا ڕۆژانە نووسیوە. کاتێ خوێنەر دەیانخوێنێتەوە، ڕوونتر لە دەقەکانی (بەدحاڵیبوون، سیزیف، بێگانە، تاعون، مرۆڤی یاخی، کالیگۆلا و داگیرکراوەکان) تێدەگات.

یاداشتەکانی نووسەر و فەیلەسوفی فەڕەنسی ئەلبێر کامۆ، لە ساڵی 1935ـەوە دەست پێدەکات و ساڵی 1959 واتە کەمتر لە ساڵێک پێش کۆچی دوایی، تەواو دەبێت. ئەم دەفتەرە دەستنووسانەی کامۆ کە ناونراوە (یاداشتەکان) جیاوازە لەو دەفتەرە دەستنووسانەی تری نێو جانتاکەی کە لە ساتی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەکەی و مردنی، لە تەنیشتی خۆیدا جێیهێشت.

زۆر گومان للەسەر ئەم شێوازی مردنەی کامۆ وروووژان، ڕاستە ڕووداوی ئۆتۆمبێل بوو، بەڵام باس لەوە دەکرێت کە بە ئەنقەست بووە و کامۆ بڕیاری داوە خۆی بکوژێ، هەندێک دەڵێن مافیای ڕووسی تووشی ئەو ڕووداوەیان کردووە، هەندێکیش دەڵێن تەنیا ڕووداوێک بوو.

## پیاوی یەکەم.. بە تەواونەکراوی

جانتاکەی کامۆ سێ کتێبی زۆر گرنگی دەستنووسی تێدا بوو کە تا ئەو کاتە کەس نەیزانیبوو کامۆ سەرقاڵی کارکردنە لەو سێ بەرهەمەدا. ئەوانیش وەرگێڕانی فەڕەنسی شاکارێکی نیچە و وەرگێڕانی فەڕەنسی شانۆگەریی ئۆتێللۆی ولیەم شکسپیر بوون و کامۆ چەند ساڵێک بەردەوام خەریکی ئامادەکردن و نووسینی دەقێک بوو کە بیرۆکەکەی لەو شانۆگەرییە وەرگرتبوو. ئەم شانۆگەرییە بۆ کامۆ بە تایبەتی ناپاکیی (ئۆتێللۆ) لەگەڵ دێزدەمونە، وەک بەرکەوتنی دوو ڕەگەزی جیا و دوو کولتووری جیاواز خوێندنەوەی بۆ کردووە.

ئەم دەقە ئامادەکراوەی کامۆ لە دەستنووسەکەدا پەراوێزی بۆ نووسرابوو، بەڵام ئەو مەرگە کتوپڕە ڕێگەی تەواوکردن و چاپکردنی نەدا. سێیەم کتێبی دەستنووس، لەو جانتایەدا، ڕۆمانی (پیاوی یەکەم) بوو کە لە نووسینی خۆیەتی. ڕۆمانەکە گێڕانەوەی ژیانی خۆیەتی بەڵام بە تایبەتمەندیی ڕۆمان. ئەم دەقە بەشێکی زۆری لێ نووسیبوو، بەڵام بە ناتەواوی جێیهێشت. دوای دەیان ساڵ بەو ناتەواوییە چاپ کرا و تا ئێستاش جێی گفتوگۆ و خوێندنەوەی جیاوازی ڕەخنەگرانە.

لەپاڵ دەق و بەرهەم و شاکارە مەزنەکانی دیکەی ئەلبێر کامۆ، ئاماژە بە یاداشتەکانی دەکرێت. چونکە ئەم یاداشتانە تەنیا یادەوەری و گێڕانەوە نین، بەڵکو خۆی لەخۆیدا دەقێکە کە دەکرێت بە ڕۆمان ناوببرێت، بەڵام ڕۆمانێک بەمانا ڕیالیستیەکەی نا کە ڕووداوێکی تایبەتی بگێڕێتەوە، بەڵکو ڕۆمانێک کە ڕووداو دروست دەکات بە شێوازێکی ڕەشبینانەی نائومێدانە. بە جۆرێک زمانێکی کەمێک ئاڵۆز و هەندێجار و لە هەندێ شوێنیشدا ورد و سەرنجدان لە دیمەن و کەرەستە و شتێکی فەرامۆشکراوی دەوروبەری ڕۆژانەی خۆی کە ڕەنگە زۆرێک لەو شتانە لای مرۆڤی ئاسایی مایەی گرنگی نەبن و کەرەستە و دیمەنە فەرامۆشکراوەکانی ژیان بن. بەڵام کامۆ لەم یاداشتانەدا، زۆر بە وردی هەڵوێستەی لەسەر دەکات و بە شێوازە تایبەتەکەی خۆی دەیاننووسێتەوە.

لە گۆشەیەکی تریشەوە دەتوانین خوێندنەوە بۆ (یاداشتەکان) بکەین کە دەقێکی هارمۆنییە لە خوێندنەوەی دەق و شاکاری نووسەرانی مەزنی دونیا و تۆمارکردنی یاداشتی ڕۆژانەی خۆی، وەک نووسەر و وەک مرۆڤ. بە تایبەتیش سەفەرە جیاوازەکانی ژیانی و نەخۆشییەکەی کە لە قۆناغی لاوێتییەوە تووشی سیل بوو، ئەوەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی بەردەوام کامۆ باسی دەکرد و لە یاداشتەکانیدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تۆماری کردووە کە چۆن ژیان و نووسین و خوێندنەوە و خەون و خولیا و گەشت و گەڕانەکانی ئاڵۆز کردووە، چاوەڕێی دەکرد ئەو نەخۆشییە هۆکارێک بێت بۆ بەجێهێشتی ژیان، بەڵام بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە مرد.

## گەرمای هاوین، دەڕژێتە ناخمەوە

یاداشتەکانی ئەلبێر کامۆ، لەلایەن (پێشڕەو حسێن) لە فارسییەوە کراوە بە کوردی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە چوار بەرگی قەبارە بچووکی بۆکسدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

پێشتر بە شێوەی پچڕ پچڕ بەشێکم لەم یاداشتانە لە هەندێ پێگە و گۆڤاری عەرەبیدا خوێندووەتەوە، بە تایبەتی ئەو بەشانەی کە ئەلبێر کامۆ باسی هاوینی جەزائیر و پاکنووسی یاداشتی ڕۆژانەی نووسین و دیالۆگ و دیمەنەکانی شانۆگەریی (کالیگۆلا) و هەندێ لە ساتەوەختە گرنگ و دیمەنە ورد و سەرنجڕاکێشەکانی نێو شەمەندەفەر و کەشتی لە سەفەرنامەکانیدا دەکات. لە پەڕەگرافی دەقی (هاوین لە جەزائیر) دەڵێت: "لە پێناوی چ کەسێکدا ئەم پۆلە باڵندە ڕەشە بەو ئاسمانە شینە بێگەردەدا دەفڕن و لە شەقەی باڵ دەدەن، تینی گەرمای ڕۆژانی هاوین دەڕژێتە ناخمەوە و ڕۆژانەش دەنووسم".

لەو بەشانەشدا کە باس لە شانۆگەریی کالیگۆلا دەکات، دەڵێت: "ئەوەی هەرگیز ئەو خەڵکە تێناگەن، ئەوەیە کە من مرۆڤێکی سادەم".

لەبارەی سەفەرەکانییەوە، کامۆ لە (یاداشتەکان) یدا چەندین دیمەن و چیرۆک و دیالۆگی سەیر و تایبەتی گێڕاوەتەوە، ئەو نووسەرێک بووە بەردەوام لەسەفەر و لە بیرکردنەوەدا بووە لەو شوێنە جیاوازەی کە دەیبینێ. ئەمەش لە دەقەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، کاتێک باس لە سەفەری هاوینی ڕابردووی خۆی دەکات لە ساڵی 1936 بۆ دوورگەکانی بالیار لە ئیسپانیا، دەنووسێت: "ئەوەی نرخ و بەها دەبەخشێت بەسەفەر، ترسە. لە ڕاستیدا ئەو کاتەی لە وڵات و زمانی خۆمان دوورین، ڕۆژنامەیەک بە زمانی فەڕەنسی بەهایەکی یەکجار مەزنی دەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە نابێت بڵێین بۆ خۆشیی سەفەر دەکەین. نابێت بڵێین بۆ چێژ سەفەر دەکەین، من بۆ خۆم وەک خۆڕاهێنانێک سەفەر دەکەم".

ئەوەندەی من ئاگادار بم چەند وەرگێڕێکی عەرەب، بەشی جیاوازیان لەم یاداشتانەی کامۆ کردووە بە عەرەبی، بەڵام (یاداشتەکان) هەمووی پێکەوە، بە ساڵێک پێش ئەم وەرگێڕانە کوردییە، خاتوو (نەجوا بەرەکات) لە فەڕەنسییەوە کردوویەتی بە عەرەبی و هەردوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی لوبنانی (دار الاداب و حکمە) بڵاویان کردووەتەوە. ئەم خاتوونە وەرگێڕە، پێشتر چەند دەق و شانۆگەرییەکی تری کامۆی لە فەڕەنسییەوە کردووە بە عەرەبی، خۆی پسپۆڕ و لێکۆڵینەوەی باڵای شانۆی لە فەڕەنسا خوێندووە و بەڕەگەز لوبنانییە.

## ناچارم بنووسم، وەک ئەوەی ناچارم مەلە بکەم

کاتێک (یاداشتەکان)م خوێندەوە، ئەوەی ئەم خانمە لە فەڕەنسییەوە کردوویەتی بەعەرەبی، هەستم بە جۆرێک لە ئاڵۆزی و پچڕ پچڕیی ڕستە و بەشەکانی دەقەکە دەکرد. هەروەک هەمان هەستم لەکاتی وەرگێڕانە کوردییەکەدا هەبوو. تەنانەت هەندێ لە خوێنەرانی کوردیش پێیانوایە زمانی وەرگێڕانەکەی (پێشڕەو حسێن) لەم کتێبەدا ئاڵۆزە. ئەم ڕەخنەیە پەیوەستە بە دونیای تایبەتی کامۆ و شێوازی نووسینی ئەو کە خوێنەر پێویستی بە وریایی و وردبینییەکی تایبەت دەبێت بۆ تێگەیشتن لە دەقەکانی نێو یاداشتەکە. ئەگەر نا، من بۆ خۆم وەک خوێنەرێک چێژێکی زۆرم لە خوێندنەوەی بینی، پێموایە ئەم یاداشتانە یەکێکە لە شاکارە مەزنەکانی دونیا کە دەبێت دڵخۆش بین بەوەی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە.

خوێنەر کە یەکەمجار ئەم یاداشتە چوار بەرگییەی کامۆ دەخوێنێتەوە تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی و تێنەگەیشتن و بەدحاڵیبوون دەبێت. بە تایبەتیش ئەو خوێنەرانەی دەقەکانی کامۆیان نەخوێندبێتەوەو بێ ئاگا بن لەو دونیا ئاڵۆزەی




# ڕۆمان و شیعر.. ستاتیکای ئاوێتەب



سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

شیعر و ڕۆمان لە زۆر خاڵیشدا لەیەک جیا بن، لەو خاڵەدا کۆکن کە هەردووکیان ژانری ئەدەبین، واتا سەر بە یەک ڕەچەڵەکن و ماڵی هەردووکیان ئەدەبە، لەوەش زیاتر، پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و شیعر، پەیوەندییەکی ئەبەدی و نەگۆڕە، ڕۆمان بەبێ شیعر هەڵ ناکا، سەردەمی کۆن لە دانیشتنەکاندا شیعر دەخوێندرایەوە، زۆر جار باس و بەسەرهاتەکانیش بە شیعر دەهۆنرانەوە کە دواتر ئەم باس و بەسەرهاتانە دەبنە هەوێنی چیرۆک و ڕۆمان و داستانەکان. واتا شیعر هەمیشە لەناو کۆمەڵگادا ئامادە بووە، بە تایبەتی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، مێژووی شیعر زۆر پێش مێژووی ڕۆمان کەوتووە، داستانە مەزنەکانی وەکو مەم و زین و چیرۆکە قارەمانێتییەکانیش بە شیعر باس کراون، هەر لە شیعریشەوە حیکایەت و چیرۆک و داستانەکان چوارچێوەیان گرتووە و شیعر ستاتیکا و جوانیی زیاتریان پێ دەدات، کەواتە ئەو چیرۆک، حیکایەت و ڕۆمانانەی ئەمڕۆ بە شێوەی پەخشان دەگێڕدرێنەوە، بەرهەمی ئەو داستان و چیرۆکانەن کە لە شیعرەوە سەرچاوەیان گرتووە. لێرەوە دەتوانین بڵێین: وەگێڕ (الراوی)ی چیرۆک و ڕۆمان، بە جۆرێک لە جۆرەکان شیکرەوەی شیعرە و لە هەمانکاتدا لە هەناوی شیعرەوە چیرۆک و ڕۆمان بەرهەم دێنێ.

لە فەزای ڕووداوەکانی ڕۆماندا، هەمیشە گوزارشتی شیعریی ئامادەیە و زمانی شیعریی تەوەری سەرەکییە، لە نەبوونی ئەم زمانە شیعریەشدا، هونەری گێڕانەوە ناتەواو دەبێت، چونکە ڕۆمان دەتوانێ لە ڕێگای ئەم گوزارشت و دەربڕینە شیعریانەوە خۆی لە زمانی سەرزارەکی و گفتوگۆی خەڵکی ئاسایی جیا بکاتەوە.


ڕەخنەگری ناوداری فەڕەنسی جان ئیف تادییە (1936-)، لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (چیرۆکی شیعری) دەڵێت: "هەموو ڕۆمانێک بە ئەندازەی قەسیدەیەکە، هەموو قەسیدەیەکیش لە ئاستێک لە ئاستەکاندا چیرۆکە".

شیعر زمانێکی چڕی گوزارشتکردن و دەربڕین بە ڕۆمان دەبەخشێت، ئەو وێنە هونەرییەی وێنەگرێکی فۆتۆگرافی بە کامێرا دەیگرێت، ڕۆماننووس دەیگۆڕێت بۆ وێنەیەکی داهێنەرانە و بە وشە، وێنەیەکی جیاواز لە واقیعی لێ دروست دەکات و گەرموگوڕی بە ماناکان دەبەخشێت.

ئەگەر چیرۆک یان داستان، یاخود ڕۆمانێک بە شیعر نووسرابێ و لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە بابەتەکان بخاتەڕوو، ڕەنگە لە بایەخی شیعرییەتی شیعرەکە کەم بکاتەوە، چونکە هەمیشە هەڵچوونە مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەکان بەسەر دەقی گێڕانەوەدا زاڵن و ئەمانەش شیعر کەم بایەخ دەکەن. واتا کاتێ ڕۆمانێک بە شیعر دەنووسرێ، شیعرەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و شیعرییەتی خۆی لە دەست دەدات.

خوێنەر دەتوانێ سەرنجی ئەو هۆشیارییە شیعرییە بدات کە لە ناواخنی زۆربەی ڕۆمانەکاندا دەبینرێ و هەمیشە شیعرییەت لە ڕۆماندا ڕەنگ دەداتەوە و بەسەریدا زاڵە، بۆیە دەتوانین بڵێین: شیعر جۆرێک لە منەت بەسەر ڕۆمانەوە دەکات، بەوەی کە سیاقی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پرۆسەی گێڕانەوەکە هاوئاهەنگ و ڕەوان و ڕوون دەکات و زمانێکی ڕەوان و پاراوی پێ دەبەخشێت.

(جان ئیف تادییە) لە وەسفی شێوازی چیرۆکی شیعریدا دەڵێت: "مرۆڤ هەست بەوە ناکات کە چیرۆکێک مۆری شیعری لێ دراوە، ئەگەر ئەو کەسە سەروکاری لەگەڵ زمان نەبێ، کەسایەتییەکان و کات و شوێن و بونیادی چیرۆک، تەنیا مەرج نین بۆ زانینی ئەوەی چیرۆکێک شیعرئامێزە، ئەگەر چڕکردنەوە و ڕیتمی مۆسیقی و وێنە، هەمیشە ئامادە



# انەوە



نووسین و مانا شاراوەکانی وشە و ڕستەی ئەو نووسەرە، هەندێ جار لە پەرەگرافێکدا هەست دەکەیت مونتاژی کردووە و دێڕەکانی بەیەکەوە لکاندووە کە لە ڕاستیدا ئەمە تایبەتمەندی و جیاوازیی شێوازی نووسین و مانای جیاوازی (وشە)یە لای کامۆ و لەم یاداشتانەدا زۆر کاری لەسەر ئەو مانا جیاوازانەی وشە کردووە.

لە بەرگی یەکەمی ئەم یاداشتانەدا و لە پەرەگرافێکدا لە مانگی ئابی 1938دا لەبارەی نووسین و مانای وشە دەنووسێت: "بۆ دەبێت نووسین لەمدیوی وشەکانەوە بمێنێتەوە و نەچێتە ئەودیوی وشەکانەوە؟ نابێت لەبارەی هیچ شتێکەوە وڕێنە بکەیت، ئەزموونی ڕاستەقینەی تەنیایی، بچوکترین پەیوەندی بە ئەدەبیاتەوە نییە، سەدان کیلۆمەتر دوورتر لەو تەنیاییە دەتوانیت لەو تەنیاییەدا بیدۆزیتەوە. چونکە لەسەرجەم مەینەتی و ئازارەکاندا جۆرە سووکایەتییەک هەیە".

ساڵی پێشتریش لە (یاداشتەکان)دا لەسەر هەمان بیرۆکە و ئایدیای نووسین دەڕوات و وێنەی ئەو سات و دیمەنانە دەنووسێتەوە کە ڕۆژانە دەیانبینێت، باس لە ساتی بێدەنگی و خامۆشیی مرۆڤەکان دەکات لەو چرکەسات و ڕۆژگارانەدا کە ئەو دێڕانەی تێدا نووسیوە: "نووسینەکانی من لە بەختەوەرییەکانمەوە هەڵدەقوڵێن. تەنانەت ئەو شتە جەرگبڕانەشی دەیاننووسم بەشێکن لە بەختەوەرییەکانم. ناچارم بنووسم، وەک ئەوەی ناچارم مەلە بکەم، چونکە جەستە پێویستی بەوەیە".

## تەمەنم وەک ئاو ڕژاوە

هێندە هەستێکی نامۆم بەرامبەر تەمەن کورتیم لا دروست بووە کە چیتر ناتوانم بایەخ بە هیچ بدەم و بڕیاری لێبڕاوانە لەسەر شتەکان بدەم

مردن، بەشێکی زۆری دەق و یاداشتەکانی (کامۆ)ی داگیر کردووە، بە تایبەتیش کاتێک باس لە خوێندنەوەی (فاوست)ی گۆتە و دەقە کۆمیدییەکانی شانۆنامەنووسی فەڕەنسی (بێنجامین کۆنستان) دەکات و ساتی بێ هودەیی و تارمایی مردن و چرکەساتی ڕەشبینی و دەستەوسانبوونی مرۆڤ لەبەرامبەریاندا دەخاتەڕوو. لەم بەشەدا نووسین تێکەڵەیەکە لە شیعر و فەلسەفە و میتافیزیک. کە مردن و بێ مانایی ژیان و تەمەن، مەبەستی سەرەکیی ئەوە، لەو وشە و دێڕانەی کە بەردەوامە لە نووسینی.

**ژنەکە باوەڕی بە عیشق نەبوو،**
**پیاوەکەش بە خۆشەویستیی ئەو**
**بە دەربڕینی عیشق خۆی بە**
**گاڵتەجاڕی دەبینییەوە.**
**سەردەمێکم لە پێشە**
**وا دەبینم دەبێت بمرم**
**پاڵتۆکەم بەسەر عەردەکەدا ڕادەخەم و**
**چیتر خەو ناچێتە چاوانمەوە.**

# ـــوون



بوون، ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەبێ کە لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا وابزانێ قەسیدەیەکی پەخشانی دەخوێنێتەوە.

هەڵبەتە ڕۆمان پێویستی بە حیکایەتخوانێکە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، دەبێ هەندێ جار ئەم حیکایەتخوانە ون بێ و ڕێگا بدات دەنگێکی دیکەی ناو دەقەکە گێڕانەوەکە ڕابگرێ و هەست و هەڵوێست و کاردانەوەکانی بخاتەڕوو، ئەم دەنگە جۆرە شیعر و ئاوازێکی لێ هەڵدەقوڵێ، دەکرێ چەمکێکی وەکو "منی لیریکی" بۆ ئەم دەنگە بەکار بهێنرێ، کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئامادەبوونی لیریکییەتی شیعر لە چنینی دەقێکی ڕۆمانیی گێڕانەوەئامێزدا.

ئەوەی کە تا چەند ڕۆمان و شیعر لەناو خودی دەقەکاندا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، ئەوە پەیوەندی بە خودی دەقەکانەوە هەیە و دەشێ دەقی ڕۆمانێک شیعرییەتی زیاتر بێت و یەکێکی دیکە کەمتر شیعرییەتی تێدا بێت، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر توانای ڕۆماننووس و بابەتی ڕۆمانەکەش، واتا ئەوەی تا چەند بابەتی ڕۆمانەکە ڕێگا بەوە دەدات شیعری بەسەردا زاڵ بێت، ڕەنگە نووسەرەکە بە توانا بێت، بەڵام بۆ نموونە بابەتی ڕۆمانێکی پۆلیسی، ڕێگا نادات زمانی شیعری بەسەردا زاڵ بێت، یان نووسینی ڕۆمانێکی سۆزداری، بە زمانێکی وشک و ڕەق نانووسرێ و ئەگەر وابێ لە گرنگیی و بایەخی ڕۆمانەکە کەم دەکاتەوە.

هەڵبەت ئەم تێکئاڵان و پێکەوەبوونەی شیعر و ڕۆمان، لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە گرنگە کەم ناکاتەوە و جیاوازیی نێوان ئەم دوو ژانرە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، شیعر گوزارشتێکی مرۆییە کە پەیوەستە بە هۆشیاری و هەست و کاردانەوەی خودی تاکەکان، بەڵام چوارچێوەی ڕۆمان فراوانترە و ژیان بە هەموو لایەنە جیاوازییەکانییەوە دەگرێتەوە، لە ڕێگای تێڕوانینی خودی و تاکەکەسییەوە گوزارشت لە هۆشیاری دەستەجەمعی و ڕوانگەی گشتی دەکات.

لە ڕووی چێژی خوێندنەوەشەوە، جیاوازیی زۆر لە نێوان ڕۆمان و شیعردا هەیە، چونکە ڕۆمان لە ڕووداوەوە سەرچاوە دەگرێ و گوزارشت لە دۆخی مرۆیی کۆمەڵگاکان دەکات، بەڵام شیعر گوزارشت لە هەستی تاکەکەسی و ناخی شاعیرەکە و کاردانەوەی دۆخێکی دەرەکی لەناو خودی شاعیر دەکات.

هەر بۆیەش پێویستە ڕۆماننووس کەسێکی هۆشیار و خاوەن مەعریفە بێ، بەڵام مەرج نییە ئەم سیفەتانە لە شاعیردا هەبن، چونکە ڕۆماننووس پێویستی بە زانیاری و خوێندنەوە و بەدواداچوونە، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا، شاعیر ناخی خۆی دەنووسێتەوە و مەرج نییە پێویستی بە مەعریفەیەکی قووڵ و بەرفراوان و زانیاریی زۆر هەبێت، لەبەرئەوەی شیعر هەڵقوڵاوی ناخە، بەڵام ڕۆمان دەرئەنجامی تێڕوانینە لە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر شاعیر خاوەنی مەعریفەیەکی قووڵ بوو، ئاستی گوزارشت و واتا شیعرییەکانی قووڵتر دەبن و دەبنە ڕەنگدانەوەی ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریی شاعیرەکە.

مەرج نییە شاعیر بتوانێ ڕۆمان بنووسێ، بەڵام دەبێ ڕۆماننووس شارەزایی لە زمانی شیعریی هەبێ بۆ ئەوەی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا تەوزیفی بکات و ڕۆمانەکەی لە زمانی وشکی بابەتە زانستییەکان و زمانی سادەی قسەکردنی خەڵک جیابێتەوە.

ڕۆمان بە شیعر نانووسرێ، بەڵام بە ئامراز و گوزارشتی شیعریی دەنووسرێ، چونکە ئەمە هاوئاهەنگیی لە نێوان وشە و ڕستەکان دروست دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕابکێشێ.

ڕۆماننووسی ئیسپانی، ئەرنستۆ ساباتۆ (1911–2011) دەیگوت: "پەخشان، ڕۆژە، بەڵام شیعر شەوە، خواردنی شیعر دەعبا و سیمبولەکانە، قسەی تاریکی و کون و کەلەبەرەکانە، کەواتە هیچ ڕۆمانێکی گەورە نییە، بە شیعر نەچنرابێ".

بۆیەش ئاساییە شاعیر، ڕۆمان نەنووسێ و لێشی نەزانێ، بەڵام ناکرێ ڕۆماننووس دەستی باڵای لە زمانی شیعردا نەبێ. فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتن هایدگەر (1889–1976) دەڵێت: "شیعر جەوهەری هونەرەکانە". کەواتە هەر کەسێک، لە هەر بوارێکی هونەری و ئەدەبی و مەعریفی کار بکات، گرنگە سەروکاری لەگەڵ شیعردا هەبێ.

**سەرچاوەکان:**

**- العلاقة بين الرواية والشعر- عبدالعزيز الصعب، جريدة (الرياض)، العدد (16754)، الخميس (8 مايو 2014).**
**- الشعر و الرواية- د. نايف الجهني، جريدة (الرياض)، العدد (15511)، الخميس (12 ديسمبر 2010).**
**- هل الشعر تحت أقدام الرواية؟- سعيد الشيخ، مجلة (عود الند)، مجلة ثقافية فصلية، العدد (82)، سنة (2013).**
**- الرواية هي الطريقة، و الشعر هو الحقيقة- بثينة العيسي، موقع (تكوين) الألكتروني.**



# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(12)

ئەگەر بەختەوەر نەبیت، ناتوانیت کۆمەکی کەسانی دیکە بکەیت، تا بەختەوەر ببن، بۆیە ئەوە خۆپەرستی نییە ئەگەر ئینسان عەودالّی بەختەوەری بێت. ئینسانی بەختەوەر کەسێکە سەر بە خۆی بێت، نەک سەر بەم خێڵ، یان ئەو حیزب، نەک سەر بەم ڕێباز، یان ئەو ئایین. ئەوی بە گرووپێکەوە پێوەست دەبێت، کەسێکە خەمبار، هیچ ڕەگوڕیشەیەک شک نابات، بە خودی خۆیەوە بیبەستێتەوە. بۆچی دەچینە حیزبێکەوە؟ چونکە هیچ داوێک نامانبەستێتەوە بە خۆمانەوە، بۆیە خۆمان بەوانی دیکەوە گرێ دەدەین.

تەنیا بەهۆی خۆشەویستییەوە، لە وابەستەیی قوتار دەبین، ئەگەر هەموو شتێکمان خۆش بوێت، پابەندی هیچ شتێک نابین، لە هەموو داوێک ڕزگار دەبین. ئەگەر ژنێک دیلی دەستی خۆشەویستیی پیاوێک بێت، یان پیاوێک گیرۆدەی ئەوینی ژنێک بێت، هیچیان شیاوی تاجی ئازادی نیین، بەڵام ئەگەر بەهۆی خۆشەویستییەوە ببن بە یەک، یەکبوونێک یارای جیابوونەوە نەبێت، ئەوا شیاوی ئەوەن تاجی ئازادییان لەسەر بنرێت. ئەوە تەنیا خۆشەویستییە لە گیرۆدەیی ڕزگارمان دەکات، ئەوە هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت، خۆشەویستی بریتییە لە گیرۆدەیی. خۆشەویستی قوتاربوونە لە وابەستەیی، ئەگەر هەموو شتێکمان خۆش بوێت، وابەستەی هیچ شتێک نابین، لە داوی هەموو شتێک دەرباز دەبین.

بۆچی توند توند دەست بە شتێکەوە دەگرین، چونکە دەترسین لە دەستمان بچێت. کەس پێشبینیی ئەوە ناکات لە داهاتوودا چی دەقەومێت، دەشێت ئەوی خۆشمان دەوێت، سبەی لێمان دوور بکەوێتەوە، یان ڕەنگە زیاتر لێمان نزیک ببێتەوە. دەشێت لە یەک نامۆ ببین، ڕەنگە وەک یەک کەسمان لێ بێت، دوو جەستە بین، بەڵام بە هەمان دڵ، هەمان تەمی خۆشی دامانبپۆشێت، ئیدی نە من، من بم، نە ئەو، ئەو بێت، خۆشەویستی وەها یەکمان بخات لە یەکدیدا بزر ببین، سنوور لە نێوانماندا نەمێنێت و نەزانین کاممان وابەستەی ئەوی ترمانە.

ئەگەر گوڵی خۆشەویستی بگەشێتەوە، هەموو شتێک بە ئاسانی بەرەو پێش دەڕوات، ئەوسا نە ترسمان لە داهاتوو دەبێت، نە کێشەی هاوسەرگیری کە جۆرێکە لە کۆیلایەتی. کە لەبەردەم قازیدا، گرێبەستی هاوسەرگیری ئیمزا دەکەین و پەیمان دەدەین لە یەکدی جودا نەبینەوە و یەکدی فریو نەدەین، هەر دەڵێیت خەریکی واژووکردنی گرێبەستی ئیشێکین. ئەوە سووکایەتیکردنە بە خۆشەویستی کە دەیبەین بۆ لای قازی و دادوەر، کە دەیخەینە ژێر پێی شەرع و یاساوە، ئاخر خۆشەویستی لە هەموو شەرعێک ئینسانیتر و لە هەموو یاسایەک دادپەروەرانەترە.

یاسا و شەرع بۆ ئەوانەن، نازانن چۆن یەکیان خۆش بوێت، ئەوانەی زمانی دڵیان لەبیر چووەتەوە و هەر زمانی بەرژەوەندی دەزانن. خۆشەویستی تاقە ڕێگەی ئازادبوونە لە وابەستەیی، ئاخر ئەگەر یەکمان خۆش بوێت، بیر لە شتی دیکە ناکەینەوە، گیرۆدەی هیچ نابین، لە هەموو کۆت و بەندێک ڕزگارمان دەبێت و هەموو ساتێکی ژیانمان، شکۆیەکی تازە، گۆرانییەکی تازە و سەمایەکی تازە دەبێت. ئەگەر یەکمان خۆش بوێت، گۆڕان بەسەر خۆماندا دێت، بەڵام خۆشەویستیمان وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بۆچی گرێبەست پێویستە؟ لە ترسی کۆمەڵ، ئاخر ئەگەر بێ گرێبەست یەکمان خۆش بوێت، ئاوڕوومان دەچێت و کەس ڕێزمان لێ ناگرێت، هەرچەندە خۆشەویستی لووتکەی شکۆیە و ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لە یەکدی. خۆشەویستی لای عاشقانی یەکدی، ڕووبارێکە هاژەی دێت، بەڵام لای ژن و مێرد، زنەیەکە فرمێسکە ئاوێکی پێدا دێت، یان نا. ژن و مێردایەتی قەفەزێکە توانای فڕین زەوت دەکات، تەنیایی باشترە، هیچ نەبێت، لە ماڵێکی هێمندا دەژێیت. خراپترین دوژمنی مرۆڤایەتی، ئەو کەسە بوو جێخەوی دووکەسیی داهێنا کە لێ ناگەڕێت ئینسان سەروەختی نووستنیش، ئازاد بێت. خۆشەویستی گەردوونییە، عاشقان کە بەڵێنی خۆشەویستی بە یەکدی دەدەن، جریوەی ئەستێرە، تریفەی مانگ، تیشکی خۆر، خوڕەی ئاو، سترانی مەل و بۆنی گوڵ دەکەن بە شایەت.

ئەگەر جوان هەستەکانت وەگەڕ بخەیت، دەرک بەوە دەکەیت، ئەوی بۆ یەکەم جار دەکەوێتە نێو گۆمی خۆشەویستییەوە، دەموچاوی وا دەگەشێتەوە، کڵپەی لێ هەڵدەستێت، ڕۆیشتنی وا دەگۆڕێت، وەک نەرمەسەمای لێ دێت، لەناکاو کەسێکی جوانپۆش و ڕێکپۆشی لێ دەردەچێت، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە درێژەیان نابێت و هێندە نابات، گەردی خەم لە ڕووخساری دەنیشێت و بێزاری بەرۆکی دەگرێتەوە، هەرچەندە ئەستێرە هەر دەدرەوشێتەوە، بەڵام سەرنجی ئەو ڕاناکیشێت، ئاخر سەیری ئاسمان ناکات.

لە ژمارە نایەن، ئەوانەی حەزیان لەوەیە بە تەنیا بمێننەوە و خۆیان لە هاوسەرگیری بەدوور دەگرن، بەڵام ئەگەر جارێک تاقیت کردەوە، ئیدی لەگەڵیدا ڕادێیت، وەک چۆن زیندانی لەگەڵ بەندیخانەدا ڕادێت، بۆیە دیسان بە هەمان ئەزمووندا ڕەت دەبیتەوە. ئیدی جێخەوی هاوسەرگیری، با هەواری کوێرەوەرییش بێت، بە لاتەوە دەبێتە هێلانەی ئاسوودەیی، ئاخر هیچ نەبێت دڵت بەوە خۆشە، تەنیا نیت، هاوسەرینەکەت هاوبەشی ئەو زیندانی کوێرەوەرییەتە.

جیاوازیی نێوان هاوسەرگیری و خۆشەویستی بە پلەی یەکەم ئەوەیە، یەکەمیان قۆڵبەستت دەکات، بەڵام دووەمیان دوو باڵت بۆ فڕین پێ دەبەخشێت. ئەگەر لەوە تێبگەین خۆشەویستی بەیەکگەییشتنی دوو ڕۆحە، نەک پێوەندیی بایەلۆجیی نێوان نێرێک و مێیەک، ئەوسا خۆشەویستی باڵمان پێ دەبەخشێت، فێرمان دەکات قووڵ لە ژیان بڕوانین و دەمانکاتە دوو هاوڕێی ڕاستەقینەی یەکدی، نەک دوو دوژمن بە دەمامکی دوو هاوڕێوە، وەک لە ژنومێردایەتیدا هەیە.

ئەو قەدیس و ڕاهیب و زاهید و کاهین و واعیزانەی پشت دەکەنە خۆشییەکانی دونیا، کەسانی ترسنۆکن و بوێریی ئەوە شک نابەن، بەرەو ڕووی ژیان ببنەوە، ئەوانە خۆشەویستییان ژاراوی کردووە، ئاخر هاوزەمان نەفرەتیان لە سێکس و لە ئەوینیش کردووە و وایان نیشان داوە، سێکس و ئەوین هاوواتای یەکدین، کە ئەوە ڕاست نییە، ئاخر سێکس بەشێکی کەمە لە وزەی بایەلۆجیمان، بەڵام خۆشەویستی هەم ڕۆحمانە و هەم هەموو بوونیشمان. سێکس درێژەپێدەری ژیانە، ئازادین لەوەی توخنی دەکەوین یان نا، وەچە دەخەینەوە یان نا، بەڵام ناتوانین دەستبەرداری خۆشەویستی ببین، ئاخر ئەگەر خۆشەویستی فەرامۆش بکەین، هەستەکانمان لەکار دەکەون، تونای هیچ داهێنانێکمان نابێت و وەک زیندوویەکی مردوومان لێ دێت.

2016/10/18
ستۆکهۆڵم

**(*) أوشو، الحب و الحرية و الفردانية، ترجمة: ميتم الضايع، دار الحوار 2013اللاذقية.**



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# سەر خومار

جا توخواکەی عێراقی بنی نەبێ، سەری بۆچییە؟! هەرچی دەکەم نازانم ڕێزدار فوئاد مەعسووم سەرۆکی چییە؟! ئاخر هەر جێگرەکانی خۆی حیسابی بۆ ناکەن، لە سەرۆک وەزیرانەکەی گەڕێ، وەزیرە نیوەزمانەکەی دەرەوەشی حیسابی نەبووی بۆ دەکا. ئەم عێراقە پڕە لە سەرۆکی بێشومار، بۆیە وا لاتەریک کەوتووە سەرۆکی کۆمار.

وڵاتێ سەرلەبەری مەست و بێهۆش بێ، سێ لەسەر چواری میللەتەکەی پێیوابێ ئازادیی ئەوەیە لەخۆت بدەی. وڵاتێ بە قسەی پیرەمێردێکی ئێرانی هەمووی چەک هەڵگرێ، چ پێویست دەکا مەی لێ قەدەغە بکەی؟ قوربان خۆ ئەم وڵاتە لەبری سەرکۆمار، سەرخوماری (1) هەیە، دونیا سەرەوژێر بێ، لای ئەم شامی شەریف هەر یەک عینوانی هەیە.

خەڵکی بە خۆڕایی راوێژ بە باوکی دەکا، جەنابی سەرکۆمار بە پارە بە کچەکانی، ئاخر دوو سێیەکیانی کردووەتە راوێژکار، قوربان بەڕێزت سەرۆکی کۆماری یان سەرۆکی ماریێ (2)؟ دەی ئێوە سەرۆکی (کۆ) مارن یان هەر هی (یەک) مار؟ ئەوە یەکەمین جارە ببینم سەرۆکایەتیی، کەرتی تایبەت بێ. باشە قوربان ئێوە کە نزیکەی هەمیشە خەوتوون، راوێژی چیتان پێویستە؟ مەگەر تەفسیری ئەحلام، هەی خەپەگیان بۆ تۆ نەمام.

لەوە گەڕێ تەنیا پۆرتۆریکۆ دەستی لە عێراقدا نییە، هەر لەناو عێراقدا کەس باکی بەوەی دی نییە، سوننە بۆ خۆی تیجارەت دەکا، شیعە هەر عەمامەیە و بۆریی نەوتی خۆی هەس. کورد دەمێکە گیرفانی جیاکردووەتەوە، جا توخوا ئەمە لگاوخانەیە یان وڵات؟ قوربان جەنابی فەخامەتی دکتۆر فوئاد مەعسووم، توخوا لە دۆخی ئاوهادا ڕەوایە پێت بڵێن سەرۆک کۆمار، یان سەرۆک قومار؟!

مەگەر خۆت ناو بەناو سەرێ لە دەباشان یان تاران یان سەری ڕەشی هەواری جاران بدەی، دەنا خۆ کەس لەگەڵ خۆی بۆ هیچ شوێنێکت نابات، جافەری، لە برۆکسلەوە بۆ پاریس دەرپەڕی، ڕۆژێ لە نیویۆرک و شەوێ لە پەکینەوە بۆت دەردێنێ سەری، بێئەوەی حیسابێ بۆ سەری زلی وڵات بکا، ئا ئەمەیە نموونەی وەزیری سەرسەری.

عەبادی ڕۆژێ لەگەڵ ئۆبامایە و ئێوارەیەک لە تەک ئۆلاند، ئەو دۆخین شلە دەستی لە ملی زلپیاوانی دونیاوە ئاڵاند. هەتیمە نەیکرد هەر لەبەر عەیبە ڕۆژێک وەپێش خۆیت بخا، ئەرێ بەڕاست قوربان، جەنابت هەر بەڕاستی سەرۆکی کۆماریت، یان هەر لۆفشەی سەرۆکێکی خۆماڵییت؟ مێژوو بە پیتی زێڕین دەینووسێتەوە، لە پڕئاشووبترین ناوچەی دونیادا، هەبوو سەرۆکی کۆمارێ، بەبێ هیچ تۆمارێ.

(1) خومار: سەرخۆش
(2) مار، مارێ: لە کۆیەی زێدی سەرکۆمار یانی ماڵ، ماڵەوە



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# مەترسیەکانی هێشتنەوەی حەویجە بۆ دوای مووسڵ

کێ بڕیار لە هەڵبژاردنی کات و شوێنی شەڕ دەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر نهێنی لەبارەی داعش ئاشکرا دەکات. چونکە سەرباری ئەوەی هەموو لایەک داعش وەک مەترسی و دوژمن دەبینن، بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا، نموونەی زۆر هەن کە گومانی ئەوە دروست دەکەن، هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ داعش دەکرێت.

داعش ناسنامەکەی بۆ هەموو لایەک روونە، بەڵام زۆر روون نییە کێ ئاراستەیان دەکات. هیچ گومان لەوەدا نەماوەتەوە کە دەستی زۆر لایەن گەیشتوونەتە ناوەندەکانی بڕیاری داعش، هەر لایەنە و بۆ مەبەستی خۆی، بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی، دەیەوێ داعش بەکاربەرێت.

پێشتر لە سووریا و لەم دوو ساڵ و چەند مانگەشدا کە روویان لە عێراق کردووە، بە ئاشکرا هەست بە چۆنێتی بەکاربردنیان و جۆرێک لە کۆمەککردنیان دەکرێت، تەسلیمکردنی نەینەوا و چەند شار و شارۆچکەیەک بەبێ بەرگری، جێهێشتنی دەیان کۆگای چەک و جبەخانەی سەربازی، نزیکبوونەوەیان لە بەغدا و پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەی هێرشەکانیان بۆ شنگال، گەیشتن بە سنوورەکانی ئامرلی و سامەڕا و روو وەرگێڕانیان بۆ کەرکووک، هەڵدانە خوارەوەی چەک لە ئاسمانەوە بۆ جەلەولا و گواستنەوەی چەکدارە پەرتەوازەکانیان لە حەوزەی حەمرینەوە بە هەلیکۆپتەر بۆ حەویجە، بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵیان، پێدانی ئۆتۆمبێل و پارە و ئاو و کارەبا، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنن. پێویستە شارەزایان و توێژەران، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و سەنتەرەکانی زانیاری بەدواداچوونی ورد بکەن بۆ گەیشتن بە راستی و دروستیی ئامانجەکانی داعش.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێستا جێگەی پرسیار و تێڕامانە، بڕیاردان بوو لە دواخستنی رزگارکردنی حەویجە بۆ دوای مووسڵ، لەو ساتەوە کە راگەیێندرا شەڕی مووسڵ پێش حەویجە دەخرێت، بەردەوام پرسیار لە خۆم و لە خەڵک دەکەم، ئامانج چییە لە هێشتنەوەی حەویجە بۆ دوای مووسڵ؟ لەو وەڵامانەی بەرگوێم کەوتن، گوایا (ئەوە تاکتیکی سەربازییە و لە ئەگەری رزگارکردنی مووسڵ لە دەستی داعش، حەویجە کۆتایی پێدێت). لای من ئەوە وەڵامێکی باوەڕپێهێنەر نەبوو، چونکە ئەگەر لەڕووی تاکتیکی سەربازیشەوە ئەوە راست بێت کە بە کەوتنی مووسڵ، حەویجە کۆتایی دێت، بەڵام لە رووی واقیعییەوە شەڕی داعش لێکەوتە و ئامانجگەلی زۆرتری هەن، ململانێی نێوان سوننە و شیعە، هەوڵی تەسفیەی حساباتی نێوان هێزەکان، کێشەی کورد و بەغدا، ناکۆکی لەسەر ناسنامە و حاکمیەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەوڵی بەغدا لە دروستکردنی ئەمری واقیع بۆ مانەوە و چەسپاندنی حەشدی شەعبی و زۆر کێشەی دیکە، سەرچاوەی گومانی زۆرن کە نەک تەنها وەک کارتێک بۆ کەرکووک و گەرمەسێر، بەڵکوو بۆ ئامانجی سیاسی گەورەتر حەویجە دەهێڵدرێتەوە.

ئەوەی لە سێ رۆژی رابردوودا لە کەرکووک روویدا، سەلمێنەری ئەو راستیەن، ئەگەرچی وەکوو قۆناغی تاکتیکی، داعش ویستی بە پەلاماردانی کەرکوک چەند ئامانجێکی تر بپێکێ لە کەمکردنەوەی قورسایی هێز لەسەر مووسڵ، بەتایبەت دوای ئەوەی لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکانی مووسڵدا دەرکەوت کە شکاندنی داعش تەنها بە پێشمەرگە دەکرێت، سوپای عێراق ناتوانێ پێشڕەوی بکات. داعش بە پەلاماردانی کەرکوک ویستی هاوسەنگیی بەرەی شەڕی لەگەڵ پێشمەرگە بگۆڕێت و کورد ناچار بکات بەشێک لە هێزەکانی بکشێنێتەوە بۆ کەرکوک. هەروەک ویستی ئەوەش پیشانی جیهان بدات کە مووسڵ پارووەیەکی ئاسان نییە، ئەگەر بە پەنجا چەکدار بتوانێت بێتە ناو کەرکوکەوە و بەرگەی دوو رۆژ شەڕکردن بگرێت، بە دەیان هەزار چەکدار لە موسڵ دەتوانێ زۆر بمێنێتەوە.

داعش لە مووسڵ زۆر بەرگە بگرێت یان کەم، شەڕ بکات یان چەکدارەکانی بگوازێتەوە بۆ ناو سووریا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە هێشتنەوەی حەویجە کارتێکە بۆ لێدان لە پێگەی کورد بەکاردەبرێت. گەرچی وەڵامی دروستی ئەوەم لانییە کێ بڕیاری لەسەر دواخستنی شەڕی حەویجە داوە، بەڵام گومانم لەوە نییە کە هێشتنەوەی حەویجە لەلایەک بۆ زاڵبوونەوەی هەیمەنەی بەغدایە لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و لەلایەکی تریشەوە بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی پێشمەرگەیە تا لە کۆتاییەکانی شەڕی داعش وەک تاکە پاڵەوانی شکستپێهێنانی داعش نەمێنێتەوە.

واقیعی ئەم دوو ساڵەی شەڕ، ئەو وێنایەی بە پێشمەرگە بەخشی کە لەپێش چاوی جیهان وەک پاڵەوانی شکاندنی داعش دەربکەوێت. لەسەر ئەرزی واقیعیش بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردستانیەکان کە پێش هاتنی داعش لە دەستی سوپای عێراقدا بوون، پێشمەرگە رزگاری کردن و ئێستا لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێن. بەغدا نە دەیەوێ پێشمەرگە بە پاڵەوانێتی بمێنێتەوە و نە دەشیەوێ ئەو ناوچانە لەژێر دەستی پێشمەرگە بمێننەوە. چەند جارێک بیستوومانە کە لەسەر ئاستی باڵای هەردوولا لێدوان دەدرێن لەبارەی ئەوەی هەرێم تەئکید دەکاتەوە کە هەموو ئەو ناوچانەی بەخوێنی پێشمەرگە رزگار کراون، جارێکی دیکە لێی ناکشێنەوە، بەغداش تەئکید دەکاتەوە کە دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانەی پێش هاتنی داعش لێی بوون.

هێشتنەوەی حەویجە بەدەر لە خواستی تەسفیەی سوننە لەلایەن شیعەکانەوە، بۆ خزمەتی ئەو دوو ئامانجەی بەغدایە دژ بە هەرێمی کوردستان. وەک چۆن پێشتر هەوڵی زۆریان دا کە رێگە نەدەن پێشمەرگە بەشداری لە رزگارکردنی مووسڵدا بکات، ویستیان کۆتایی داعش بۆ سوپا و حەشدی شەعبی تۆمار بکەن، واقیعی ناوچەی مووسڵ بوو بەئەمری واقیع کە بەبێ پێشمەرگە نەتوانن شەڕی مووسڵ بکەن، بۆیە لەوێ شەراکەتیان قبوڵ کرد و بە دواخستنی حەویجەش دۆخێک دروست دەکەن کە جارێکی تر کۆتایی داعش لەم ناوچانە بە هاوبەشیی پێشمەرگە و سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان بێت، تا لە قۆناغی دوای داعش مافی هاوبەشی لە حاکمیەتی ئەم ناوچانە بەدەستبێنن.

دوور نییە تا شەڕی مووسڵ تەواو دەبێت، چەکدارە پەرتەوازەکانیان بە حەویجەدا بهێننەوە کەرکوک تا سەعدیە و جەلەولا، بۆ ئەوەی دوای کۆتایی مووسڵ سوپا و میلیشیا شیعیەکان بێنن و بەشداری چنینەوەی داعشە پەرتەوازەکان بکەن. بەمەش ئەو وێنایەی پێشمەرگە ناهێڵن وەک پاڵەوانی شکێنەری داعش، لەسەر ئەرزی واقیعیش دەبنەوە شەریکە بەشی حاکمیەتی ناوچەکە و بە رێوشوێنە دەستوورییەکانی بەغدا داوای کشانەوەی پێشمەرگە دەکەن لەو ناوچانە.

بۆ ئەوەی ئەم تەڵەیە بەپێی کورددا نەتەقێ و بۆئەوەی زەمینەی شەڕی سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان لە دوای داعش نەبێتە ئەمری واقیع، پێویستە کورد رزگارکردنی حەویجە بکاتە ئەمری واقیع و پێش مووسڵی بخات، یاخود شانبەشانی شەڕی مووسڵ، حەویجەش رزگار بکرێت.



هیوا حاجی

# کێ سوودمەندی گرتنەوەی مووسڵ دەبێت؟

گرتنەوەی مووسڵ کاریگەری لەسەر باڵانسی هێز دەبێت لەنێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی دەوڵەتی عێراق: عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە و کورد. لە خوارەوە چەند سەرنجێک لەسەر ئەم مەسەلەیە نیشان دەدەین.

## سوننەکان پێویستیان بە پادشایەکە لە ئیستەنبوڵەوە

گەورەترین کێشە بۆ سوننەکانی مووسڵ ئەو راستییەیە کە خۆیان ناتوانن ببنە رزگارکەری شارەکەیان. ئەوەی شەڕی گرتنەوەی مووسڵ دەکات هێزە عێراقیەکانن کە لە راستیدا رەنگە بەشی هەرە گرنگیان هێزەکانی حەشدی شەعبی بن. بەشێکی دیکەی هێزە شەڕکەرەکە پێشمەرگەیە کە پێدەچێت ئەرکی لە هەندێ ناوچەی پارێزگای نەینەوا پێ سپێردرابێت. لەساڵی 2014ەوە، لە چوارچێوەی ئەوەی ناوی لێنرا "حەشدی نیشتیمانی"، بە سەرۆکایەتی نوجەیفییەکان، هەوڵ درا بۆ دامەزراندنی هێزێکی سوننی شەڕکەر کە بتوانێ سەرکردایەتی جەنگی سەندنەوەی مووسڵ بکا. لە هەموو ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، ئەم هێزە نەیتوانی نە لەڕووی سەربازی و نە لەڕووی میللییەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت. لە کاتی ئێستادا کە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستی پێکردووە، تاکە هێزێک کە هیچ بایەخێکی سەربازی نیشان نەداوە، هێزەکانی حەشدی نیشتمانیی سوننەن. ئەمە کاردانەوەی نەرێنی زۆری دەبێت لەسەر پێگەی سیاسی سوننەکان لە ئایندەی شارەکەیاندا بەوپێیەی خەڵکی دیکە شارەکەیان رزگار دەکات و هەمیشەش براوەکان قسەی زیاتریان دەبێت لەسەر ئایندەی رووداوەکان. روونتر بڵێین، لە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵدا، شیعەی عێراق دەبنە لایەنی براوە و ئەو ئەگەرە بەهێزە کە ئەجێندای خۆیان بسەپێنن لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا. شیعە رەنگە هەوڵێکی زۆر بدات بە رێگای ناڕاستەوخۆ مووسڵ بەڕێوەببات. مەبەست لە رێگای ناڕاستەوخۆ، بەکارهێنان و پشتگیریکردنی ئەو سوننانەیە کە بە دۆستی شیعە هەژمار دەکرێن و هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو سوننانەی کە دانویان لەگەڵ شیعەی عێراق ناکوڵێت.

لێرەدا، پاڵپشتیی سیاسی و سەربازیی تورکیا تاکە ئومێدی سوننەکانە لە گرتنەوەی مووسڵ و ئایندەی بەڕێوەبردنی شارەکەدا. واتە ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە کە سوننەکان توانای زاتیی خۆیان نییە و بەبێ پاڵپشتی هێزێکی هەرێمیی وەک تورکیا زەحمەتە باڵانسی هێز لە خزمەتیاندا بێت. پێداگریی تورکیا بۆ دەستتێوەردانی سەربازی لە مووسڵ لەو مەترسییەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە تورکیا دەزانێت کە گرتنەوەی مووسڵ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە سوننەکان بەشدارییەکی ئەوتۆیان تێدا نابێت، لە ئایندەدا تەنها بە قازانجی زیاتری شیعە دەشکێتەوە و دواتریش دەستی ئێران لە عێراقدا هێندەی دیکە بەهێزتر دەبێت. لەو نێوەندەدا، چاوەڕوان دەکرێت کە تورکیا پاڵپشتی لە دامەزراندنی هەرێمێکی سوننیش بکات لە پارێزگا سوننیەکان و لە بەرامبەر هەرێەک لە شیعەکانی عێراق و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش قوتیان بکاتەوە.

## کێشەی شیعەکان تورکیایە

شیعە لە دوو شتدا سەرکەوتوو بوون: لەلایەک لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتی لە دوای کەوتنی مووسڵ، توانییان ئەو نوخبە سوننیەی کە بە نەیاری ئەجێندای شیعە هەژمار دەکرا، بێدەسەڵات و لاواز بکەن. لەو نێوەندەدا سەندنەوەی متمانە لە ئەسیل نوجەیفی و لەکارلادانی لە پۆستی پارێزگاری نەینەوا بەشێک بوو لەهەڵمەتی دژی سوننە نەیارەکان. لەلایەکی دیکەوە، شیعە دیسان سەرکەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی سەربازیی هەرێمی کوردستان بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ. بۆیە لەسەر ئاستی عێراق، گۆڕەپانەکە بۆ شیعە زۆر تەختە. تەحەددای گەورە دەستتێوەردانی سەربازی و سیاسیی تورکیا دەبێت لە نەینەوا و عێراق بەگشتی. شیعەکان باش لە ئەجێندای تورکیا تێگەیشتوون بۆیە لێبڕاوانە دژی بەشداریی تورکیان لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، چونکە دەزانن ئاکامە سیاسییەکانی بەدڵی ئەوان نابێت. سەرەڕای ئەم راستیەش، پەراوێزخستنی تورکیا لە باکووری عێراق، بە هەرێمی کوردستان و مووسڵەوە، کارێکی ئاسان نییە. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ بەغدا هەرچۆنێک بێت، کەس ناتوانێ رۆڵی تورکیا لەم ناوچانەی سەرەوە نادیدە بگرێت. بۆیە بە تێگەیشتنی ئێمە، لێرەوە تا شەڕ دەگاتە دیوارەکانی شاری مووسڵ، دەبێ جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لە نێوان شیعە و تورکیا بێتە کایەوە. بەدوور نازانرێ لە ئەگەری رێکنەکەوتنی حکومەتی عێراق و تورکیا، گرتنەوەی مووسڵ لەڕووی سەربازییەوە ئاستەنگی جدیی بێتە پێش. چۆن دەتوانن رێکبکەون و لەسەر چی رێکدەکەون ئەوە چیرۆکێکی دیکەیە.

## مووسڵ، سەرئێشەیەکی درێژخایەن بۆ کورد

لە 2003وە، لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە، مووسڵ بۆ هەرێمی کوردستان سەرئێشە بووە. نەیاریی نوخبەی سوننی لە مووسڵ لە ئاست هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2010 جێی گومان نییە. لەڕووی ئەمنیشەوە بەهۆی ئەکتیڤبوونی گرووپە جیهادییەکان لە شارەکەدا، مووسڵ مەترسییەکی راستەوخۆ بووە. لە دوای کەوتنی مووسڵ لە 2014 مەترسیەکانی مووسڵ بۆ هەرێم چوونە قۆناغێکی هەستیارترەوە. لە ئێستادا، کورد لە روانگەی بەرژەوەندیی خۆی لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و لەژێر فشاری هاوپەیمانان، هاوکاریی حکومەتی عێراق دەکات لە کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە. لێرەوە هەڵقەندنی داعش لە مووسڵ رەنگە لەڕووی ئەمنی و سەربازییەوە بە قازانجی هەرێم بشکێتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئایندەی سیاسی مووسڵ و ناوچە سوننییەکانە. کورد کێشەی خاکی هەیە لە پارێزگای نەینەوا و لە ئەگەری بەهێزبوونەوەی سوننە و دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی لە عێراقدا، مەترسیەکانی ئەو کێشەیە هێشتا گەورەتر دەبن. هەرێمێکی سوننی بەهێز کە رەنگە تا رادەیەکی زۆر خواستی تورکیا بێت، پێدەچێت ببێتە تەحەدایەکی راستەقینە بۆ هەرێم. تەنانەت ئەگەر ئەو سیناریۆیەش نەیەتە پێش، واتە ئەگەر شەڕی مووسڵ بە سوودی هەژموونی زیاتری شیعەش تەواوبێت، دیسان مووسڵ هەر بە کێشەیەکی درێژخایەن بۆ کورد دەمێنێتەوە.

شەڕی مووسڵ پرۆسەیەکی ئەمنی، سەربازی و سیاسیی ئێجگار ئاڵۆزە. هیچکام لە ئەکتەرەکان، بە کورد و عەرەبی سوننە و شیعەوە، ناتوانن دڵنیابن لەوەی گرتنەوەی مووسڵ بە قازانجیان دەشکێتەوە. کێشەکە ئاڵۆزترە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی شەڕی مووسڵ رەهەندێکی هەرێمایەتی خەستی وەرگرتووە کە مەبەستمان دیسان ململانێی تورکیا و سعودیە لەلایەک و ئێرانە، لە لایەکی دیکەوە. شەڕەکە کێ دەیکات (شیعە و کورد بە تەنیا؟ تورکیا بەشدار دەبێت یان نا؟) کاریگەریی خۆیان لەسەر باڵانسی هێز دەبێت لە نێوان سێ پێکهاتەکەدا. بە کورتی، حیساباتێکی ئاڵۆز چاوەڕوانی هەموو لایەکە.



د.هادی عەلی

# شەڕی مووسڵ و ئایندەی باشووری کوردستان

پێدەچێت قەدەری شاری مووسڵ وابێت کە لە وێستگە مێژووییە جیاوازەکاندا چارەنووسی باشووری کوردستان دیاری بکات. لە دوا رۆژەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هێزەکانی بەریتانیا مەبەستیان بوو هەرچی زووترە پێش راگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، خۆیان بگەیەننە شاری مووسڵ، بۆئەوەی باشووری کوردستان کە لەچوارچێوەی ویلایەتی مووسڵدا بوو، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. بەوهۆیەوە ویلایەتی مووسڵ بۆ چەند ساڵێک کێشەیەکی ئاڵۆزی نێوان بەریتانییەکان و دەسەڵاتدارانی تورکیای نوێی دوای دەوڵەتی عوسمانی بوو. تا لە کۆتاییدا بەهۆی فشاری بەریتانییەکانەوە کە ئەو رۆژگارە گەورەترین زلهێزی نێودەوڵەتی بوون، توانییان یەکلایی بکەنەوە لە بەرژەوەندیی خۆیان و ویلایەتەکەیان لکاند بەو دەوڵەتە نوێیەوە کە ناویان لێنا عێراق، بەمەرجێک تایبەتمەندییەک هەبێ بۆ ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەو مەرجەشیان پشتگوێ خست. ئیتر لەوکاتەوە دانیشتووانی ئەم بەشەی کوردستان تا ئەم چرکەساتەش لە شۆڕش و راپەڕین و قوربانیدان بەردەوامن.

ئەوەتا جارێکی تر ئەم شارە بەشێوەیەک لەشێوەکان مێژوو دووبارە دەکاتەوە و بووەتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستان. دوو ساڵ پێش ئێستا کاتێک داعش کۆنترۆڵی ئەم شارەیان کرد، وێڕای چەندین کارەساتی مرۆیی گەورە کە رووی کردە ناوچەکە، بەتایبەتی دژ بە هاووڵاتیانی ئێزدی لە شنگال و دەوروبەری، دەرفەت رەخسا بۆئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەن، هاوکات بایەخپێدانێکی چاوەڕواننەکراو رووی کردە هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی داعش و پێویستیی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سوود وەرگرتن لە هێزەکانی پێشمەرگە دژ بە دەوڵەتی داعش.

ئێستا کە شەڕی ئازادکردنەوەی مووسڵ لە داعش دەستیپێکردووە، ئاشکرایە کە تەنها شەڕێکی عێراقی و کوردستانی نییە، بەڵکو شەڕێکی گەورەی نێودەوڵەتیە کە هێزە نێودەوڵەتیەکان و ئیقلیمیەکانیش بەشێوازی جیاواز تیایدا بەشدارن و چەندین مەترسی و کارەساتی مرۆیی لێ چاوەڕوان دەکرێ، وەک شەپۆلێکی تری سەدان هەزار ئاوارە و شەڕی ناوخۆ و تائیفی و شەڕی ئیقلیمی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان بە وەکالەت، لەلایەن هێز و لایەنە کوردی و عێراقییە جیاوازەکانەوە.

لەو میانەدا دیارە چەندین پرۆژە و سیناریۆی جیاجیا بۆ رەسمکردنی ئایندەی پارێزگای مووسڵ و نەخشەی سیاسی تێکڕای ناوچەکە لەئارادایە. سیناریۆکانی وەک گەڕانەوەی سیستمی مەرکەزی کە هەندێ لایەنی شیعەی دەسەڵاتدار ئارەزووی بۆ دەخوازن، یان بەفیدراڵیکردن و حوکمی لامەرکەزی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بڕیاری لەسەر دراوە، یاخود سیناریۆی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی کۆنفیدراڵی شیعە و سوننە و کوردی. تەنانەت باس لە سیناریۆی گۆڕینی نەخشەی سایکس بیکۆش لەئارادایە لەنێوان عێراق و سووریا. هەرکام لەو پرۆژە و سیناریۆیانە دەوڵەتانی ئیقلیمی وەک تورکیا و ئێران و سعودیەیان لەپشتەوەیە. بێگومان ئەمریکا و رووسیا و وڵاتانی رۆژئاواش پرۆژە و بەرژەوەندیی خۆیان هەیە لە ناوچەکەدا کە زیاتر خۆی لە شەڕی دژە تیرۆر و ئیحتیواکردنی گرووپە توندڕەوەکان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و غاز و پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەبینێت.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کە ئایا ئێمە وەک کورد یان وەک هەرێمی کوردستان، پرۆژە و سیناریۆی تایبەت بەخۆمان هەیە؟ ئەگەر هەبێ ئایا لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوەی پێویستی لەبارەوە کراوە؟ ئایا لەلایەن دەزگا شەرعییەکانەوە بەتایبەتی پەرلەمان بڕیاری لەبارەوە دراوە؟ بەداخەوە دەتوانین راشکاوانە دان بەو راستییە تاڵەدا بنێین کە پرۆژە و سیناریۆی گەڵاڵەکراو و بڕیار لەسەردراومان نییە و گوتارێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتوومان لەوبارەیەوە نییە.

راستە لەڕووی سۆز و ئارەزووی نەتەوەییەوە هەمووان خوازیاری سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانین، لەو بوارەدا هەمووان بە جەماوەر و نوخبەی سیاسی و رۆشنبیرییەوە دید و بۆچوونەکانمان لەیەکەوە نزیکە. هەرئەوەشە بووەتە داینەمۆی ئەو بەرگری و بەرخۆدانە قارەمانانەیەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا گوزارشتی لێدەکەن و هەموو جیهانیان سەرسام کردووە. بەڵام مەخابن بەهۆی قەیرانە سیاسیەکەوە نەمانتوانیوە خاوەنی پرۆژە و ستراتیژی بڕیارلەسەردراو و یەکگرتوو بین. ئەو قەیرانە سیاسیەی کە هێزە سیاسییەکان و بەرپرسە باڵاکانی گەلەکەمان دەستەوسان و بێ ئیرادەن بۆ دەستبەرداربوون لە دید و بەرژەوەندییە تایبەت و حیزبیەکانیان و ناتوانن کاری جیددی بکەن بۆ رەخساندنی کەشوهەوای لەبار بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی دەرهاویشتە ترسناکەکانی و رووبەڕووبوونەوەی تەحەددیات و لەدەستنەدانی ئەو دەرفەتانەی کە شەڕی داعش و چارەنووسی مووسڵ لەم قۆناغە مێژووییە هەستیارەدا بۆ کوردیان هێناوەتە کایەوە.

ئەم هەلومەرجە هەستیار و ناسکە ئەوە دەخوازێت کە هەرچی زووترە لایەنە سیاسییەکان، هەرکام بەپێی بەرپرسیارێتی خۆی، لەئاست داخوازییەکانی ئەم چرکەساتە مێژووییەدا بن و ئەولەویەت بدەن بە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکە و زەمینەسازکردن بۆئەوەی بەیەک پرۆژە و بە یەک گوتاری سیاسییەوە رووبەڕووی تەحەدیاتەکە ببنەوە و سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن. شەڕی مووسڵ و چارەنووسی پارێزگاکەش کاریگەری گەورەی دەبێ لەسەر سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە بەگشتی و ئایندەی باشووری کوردستان بەتایبەتی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کێ داعشی هێنایە ناو کەرکووک؟

## 1

لەو بارودۆخەی کە ئێستا کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، بۆ هەر ڕووداوێک، ئەگەر بە چاوی نووقاوەوە باسی 10 سیناریۆ بکەی، ڕەنگبێ بەلای کەمەوە پێنجیان ڕاست دەربچێت. سەرباری هەموو ئەو سیناریۆیانەی کە ئێستا سەبارەت بە دزەکردن (یان دزەپێکردن)ی چەکدارانی داعش لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو بۆ ناو کەرکووک باسیان لێدەکرێ، یەک ڕاستی هەیە، چۆن داعش توانی بەو شێوەیە، لەمپەرە ئەمنییەکان ببەزێنێ و بێتە ناوجەرگەی کەرکووکەوە؟ پرسیاری سەرەکی ئەوەیە و پرسیاری دیکەش بەدوای خۆیدا دێنێت.

چۆن دەکرێ گەورەترین ئۆپەراسیۆنی جیهانی لەدژی تیرۆر بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەستی پێکردبێت، لە ئانکارا، پاریس و برۆکسەل کە بە هەزاران کیلۆمەتر لە داعشەوە دوورن، بەهەزاران پۆلیس و هێزی ئەمنی لە ئامادەباشیدا بن، بەڵام لە کەرکووک سەرباری بوونی ئەو هەموو هێزە ئەمنییە و زانینی ئەو ڕاستییەی کە داعش لە بن لووتیاندایە، ئەوەندە کەمتەرخەم و ئیهمال بووبن! ئەگەر هەمان شت لە هەولێر ڕوویدابا چی دەبوو؟

تۆمەتبارکردنی دانیشتووانی عەرەبی سوننەی کەرکووک ئاسانترین شتێکە پەنای بۆ ببردرێ، بەڵام کە تەماشای ڕووداوەکان دەکەی، وا نییە. چونکە یەکەمجار نییە داعش دزە دەکاتە ناو کەرکووکەوە، ئامانجەکانیش دیارن، لانیکەم لەو سێ جارەی کە هاتوون، جارێکیان کۆگاکانی نەوت (ئەوانەی بە بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە بەستراونەتەوە) و دواجاریش ئاسایشی پارتییان کردووەتە ئامانج. بۆیە ئەگەر داعش مەبەستی کەمکردنەوەی گوشار بووایە لەسەر شەڕی مووسڵ، بەو ژمارە کەمەوە نەدەهات. ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، هەندێک لایەنی ئیهمالکراو (باڵی ماڵباتی یەکێتی) کە لە ماوەی ڕابردوودا و دوای بڕینی سەرچاوەی داهاتیان لە نەوتی کەرکووک، هەم لەلایەک تۆڵە بکەنەوە و هەمیش بیانەوێ بەو شێوەیە پێشانی بدەن کە ئەوانیش هەن، ڕێگە خۆشکەریش بن بۆ ئەوەی لایەنی وەکوو پەکەکە، حەشدی شیعی و تەنانەت پاسداری ئێرانیش بێننە ناو کەرکووک و دەوروبەرییەوە. بەم شێوەیەش لە گرنگیی شەڕی مووسڵ کەم بکەنەوە. کێ دەتوانێ ئەوەی پێ ڕاست بێت کە سەرباری ئەو هەموو هێزە ئەمنی و پێشمەرگەیەی لە کەرکووکە، پارێزگاری کەرکووک بۆ پاراستنی شارەکە پەنای بردبێتە بەر پەکەکە؟! ئینجا هەنگاوەکانی دوای ئەوەش دەریدەخات کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش باش لە نیەتەکە تێگەیشتووە.

## کۆسرەت ڕەسوڵ جێگرەوەی تاڵەبانییە

## 2

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەڵگری چەند خاڵێکی زۆر گرنگە، یەکەمیان: بینینی ئەو ڕاستییەی کە کەموکوڕیی ئەمنی هەبووە، دووەم: کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی وەکو جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناوی هاتووە و سێیەمیان بەرەی جەنگی کەرکووک و پێداچوونەوە بە پلانی ئەمنیی ناوچەکە بەو سپێردراوە وەک جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. وەک ئاشکراشە بەشی هەرە زۆری فەرماندە و هێزەکانی یەکەی 70ی یەکێتی، لەگەڵ ناوەندی بڕیاردان و باڵی ماڵبات تەنها ڕاگەیاندن و هێزی ئەمنییان بەدەستەوەیە. هەر بۆیەشە لە یەکەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە ریزەکانی پێشمەرگە هیچ حیزب حیزبێنەیەکی پێوە دیار نەبوو، یەکەم شەهید و بریندارەکانیش لە هێزەکانی یەکەی حەفتا بوون، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، باڵی ماڵبات هەوڵیان دا شەڕی ڕزگارکردنی نیشتمان بە جاشایەتی بۆ پارتی پێناسە بکەن!

باڵی ماڵباتی یەکێتی، دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ تووشی هیستریا بوونە. چونکە ئەم شەڕە لەسەر ئاستی جیهانی دوو فەرماندەی هەیە (لە کوردستان مەسعود بارزانی و لە بەغداش عەبادی). هاوکات سێ ناوەندی هەماهەنگیی هەیە (کوێت، بەغدا و هەولێر)، فەرماندەی بەرەی جەنگی کوردستانیش، بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵن و هەموو دنیاش لەسەر ئاستی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا دەکات. ئەم شەڕە بۆ هەموو لایەک دەستکەوتی تێدا دەبێت، بۆ ئەمریکا پڕوپاگەندەیەکی باشی هەڵبژاردنەکانە، بۆ عەبادی قایمکردنی پێگەیەتی بەرامبەر نەیارەکانی، بۆ بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵیش سەرکەوتن و گێڕانەوەی خاکی داگیرکراوە بۆ کوردستان. بۆیە دوای کۆتایی شەڕ، پێگەی ناوەندی بڕیار، کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح وەک بڕیاردەری ڕاستەقینە و کۆتایی، لەناو یەکێتیدا جێگیر دەبێت. ئینجا ئەوانەی پێی ڕازی نەبن، ڕێگەی دیکەیان لەبەردەم دەبێت.

## پەکەکە لە کوێ بێت، تورکیاش لەوێیە

## 3

وەنەبێ بوونی هێزی تورکیا لەسەر خاکی کوردستان، لەسەر (ئەرز) هێندە کاریگەریی هەبێ کە بتوانێ هاوکێشەکان بگۆڕێ، بە پێچەوانەوە شەڕی تورکەکان بۆ ئەوەیە کە دوایی لەسەر (مێز) بن. هاتوهاوار و بڕیارەکانی پەرلەمانی بەغداش نەیتوانی جێ بە تورکەکان لە باشیک چۆڵ بکات و، تورکیا بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا و ململانێی نێوان ڕووسیا هاتووەتە ئاراوە (لە هەردوو لای جۆگەکە دەخوات)، ڕەنگبێ بیر لە کردنەوەی بنکەی سەربازیی دیکەش بکاتەوە، بەتایبەتیش لەو سنوورانەی کە سنووری ماددەی 140ی جاران. پلانی (C)ی تورکیا ئەوەیە کە تورکمانەکانی ناوچەکە داوای هاوکارییان لێ بکەن، هەر وەکو ئەوەی کە تورکەکانی قوبرس لە 1974 کردیان و تورکیا هێزی سەربازیی نارد. ئێستا پێکهاتەکانی ناوچەکە هەر یەکەو پشتی بەلایەک بەستووە و تورکیاش بەردەوام پەکەکە (لە هەر کوێیەک بێت) بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت، بۆیە دوور نییە، تورکیا ئەمجارەیان بێ ڕێککەوتن لەگەڵ کەس و بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری (نەوتی کەرکووک)، تورکمانەکان و شەڕی پەکەکە، بێتە سنووری کەرکووکیشەوە. ڕاستە تورکیا دەڵێ چاومان لە خاک نییە، بەڵام چاوی لە جۆری بەڕێوەبردنیەتی.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کەرکووک پاش هەینیی ڕەش

کەرکووکییەکان هەینییەکی سەختیان تێپەڕاند. چاوەکان لەسەر حەویجە بوون و گلەیی ئەوە دەکرا کە بۆچی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ پێش حەویجە خراوە، چونکە، وەک کەرکووکییەکان دەیانگوت: تا حەویجە بەدەست داعشەوە بمێنێ، مەترسی لەسەر کەرکووک لاناچێ. کەچی داعش ئاگرەکەی خستە نێو ئاگردانی گەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکووکەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، پرسیارەکە ئەوە بوو: مووسڵی پاش داعش دەبێتە حەڵەب یان نا؟ کەچی ئێستا پرسیارەکە گۆڕاوە و ئەوەیە: ئەگەر داعش بەو هەموو دوژمنەیەوە کە هەیەتی بتوانێ وا بەهێزەوە بێتە نێو کەرکووک، ئەی لە قۆناغی پاش داعش حەشدی شەعبی و هێزەکانی دیکە ناتوانن کەرکووک بکەنە حەڵەبێکی نوێ؟

دیمەنەکانی هەینیی ڕەش لە کەرکووک دوو دیویان هەبوو: دیوێکی خۆش و دیوێکی ناخۆش. دیوە خۆشەکەی ئەوەبوو کە بەرلەوەی هێزە ئەمنییەکان بێنە دەست، خەڵکی کەرکووک بۆخۆی هاتەدەنگ و نەیهێشت داعش دەست بەسەر شارەکەیدا بگرێت. ئەو دیمەنانە پێشتریش لە کەرکووک بینراون. کاتێک گەڕەکێکی کوردی هەڕەشەی لەسەر دروست دەبێت، گەورە و بچووکی کوردی کەرکووک چەک هەڵدەگرێت و دێتە سەرشەقام. سەرلەبەیانیی هەینیی ڕەش ناخۆشترین سیناریۆ کە چاوەڕوانی بووین بێتە ڕاستی، ئەوەبوو کە خەڵکی کەرکووک لەگەڵ بیستنی هاتنی بەلێشاوی داعش شارەکەیان بەجێبهێڵن و خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویدا. ڕاستییەکەی تا مێژووی کەرکووکت نەخوێندبێتەوە و کەرکووکییەکان نەناسیت، ناتوانی بەباشی لەوە تێبگەیت کە بۆچی چەکدارە خۆبەخشە کەرکووکییەکان لە هەینیی ڕەشدا لە پەخشی ڕاستەوخۆی ڕووداودا دەیانگوت: "شارەکەمان شەرەفمانە و دەیپارێزین".

مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردووی کوردی کەرکووک مێژووی دەرکردن و زوڵم و مافخواردن بووە. لە شەستەکان و حەفتاکان و نەوەتەکاندا لەسایەی بەعس و حوکمڕانیی پێش بەعسیش، کە عەرەبی سوننە بوون، کوردی کەرکووک خۆشییان لەخۆیان نەبینی. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و بەتایبەتیش پاش هاتنی داعش، کە بەهۆیەوە سوپای عێراق ناوچەکەی چۆڵ کرد و پێشمەرگە کەرکووکی کۆنترۆڵ کرد، کوردی کەرکووک ئەو ژیانەیان بینی کە ساڵەهابوو چاوەڕوانیان دەکرد: واتە ژیانی سەربەرزانە و کوردانە لە شاری خۆیان. بۆیە لەو ماوەیەدا هەر شتێک ڕوویدابێت، لە کەرکووک کە هەڕەشە بووبێت بۆ سەر گۆڕینی ئەو واقیعە، کەرکووکییەکان دژی وەستاونەتەوە.

ئەمە دیوە خۆشەکەیە و دیوە ناخۆشەکەش لە چیرۆکی دزەکردنی ئەو هەموو چەکدارەی داعشەوە بۆ نێو کەرکووک دەستپێدەکات تا دەگاتە ئەوەی تاوەکو ئێوارەی ئەو ڕۆژەش بێسەروبەرییەکی گەورە بەو هێزە ئەمنییانەوە دیاربوو کە دەبووایە شارەکە بپارێزن. شۆکەکە بۆ ئەوان هێندە گەورە بوو کە کاتێک لەسەر تەلەفزیۆن قسەیان دەکرد، خۆشیان نەیاندەزانی بەدروستی چی لەو شارەدا دەگوزەرێ. لە دەمی یەکێکیشیانەوە دەرچوو کە ئەو زانیارییەی ئەوان هەیانبووە ئەوە بووە کە داعش بەتەمایە هێرش بکاتە سەر کێڵگە نەوتییەکان. باشووری کوردستان لە نەوەتەکاندا سیستەمی فیفتی بە فیفتیی تاقیکردەوە و بۆی دەرکەوت سەرکەوتوو نییە، کەچی هێشتاش لە کەرکووک ئاسایشی فیفتی بە فیفتی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە. خۆیان ئیدیعا دەکەن کە هەماهەنگییان زۆر باشە، بەڵام هەر ئەوەی کە دوو ئاسایشی جیاوازن، نیشانەی ئەوەیە ئاسایشێکی یەکدەست و یەک بڕیار لە کەرکووک نییە.

ئێمە کە باسی کۆتایی قۆناغی سایکس-پیکۆ دەکەین و جارێکی دیکە بەتەما نین کەرکووک تەسلیمی هیچ داگیرکەرێک بکەین، دەبێ پاش هەینیی ڕەش لە کەرکووک دان بەوەدا بنێین کە تەنیا بەقسە سایکس-پیکۆمان تێپەڕاندووە و بەکردەوە هیچمان بۆ نەکردووە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# دابەزین بۆ قووڵایی دۆزەخ

لە 10ی حوزەیرانی 2014 دا، داعش گەورەترین شاری نیشتیمانی سوننەکانی عێراقی داگیرکرد. لە 29ی هەمان مانگدا، خیلافەتی ئیسلامیی ڕاگەیاند و ئەبوبەکری بەغدادی وەک خەلیفە بە جیهان ناساند. داگیرکردنی مووسڵ، لە مێژووی نوێی عێراقدا، یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە ڕەهەندێکی جیهانیی وەردەگرن. سادەترین ئاماژەش بریتییە لەوەی کە ئەم ڕووداوە وادەکات هەشتا دەوڵەتی جیاواز، لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی جیهانیدا، بۆ پەلاماردان و لەناوبردنی کۆببنەوە.

لە دەرەوەی ناوی خیلافەت و خەلیفە کە شەحنە بە مێژوویەکی هەزار ساڵە، با بپرسین بەڕاستی داعش چییە؟ ئێمە لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلامیزمدا، داعش وەک یەکێک لە گرووپەکانی نیۆ-فۆندامۆنتالیزمی ڕادیکاڵ پێناسە دەکەین. گرووپ لەبەرئەوەی، لەسەر ئاستی واقیع، تەنیا و تەنیا نوێنەرایەتی گرووپێکی تایبەتی پێکهاتوو لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندام دەکات و نەک هەر نوێنەرایەتی موسوڵمانان ناکات، بەڵکو داعش لە هەر کوێ بووبێت، یەکەم جەنگی لەگەڵ خودی موسوڵماناندا بووە. بۆیە لە باشترین دۆخدا داعش تەنیا گرووپێکە لە گرووپەکانی دیکە و هیچی تر. پاشان نیۆ-فۆندامۆنتالیست، لەبەر ئەوەی لە دابڕانێکی ڕەگوڕیشەییدایە لەگەڵ فۆندامۆنتالیزمی ئیسلامی کە ئیش لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەسڵەکانی ئیسلامی مێژوویی دەکات، بەبێ ئەوەی تیرۆریزم وەک میکانیزمی ململانێ بەکاربێنێت. نیۆ-فۆندامۆنتالیزمی داعش لەوەدایە کە پراکتیکەکانی ژیانی ڕۆژانەی، هێندەی بەرهەمی گلۆباڵیزاسیۆنن، نیو ئەوەندە بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای فۆندامۆنتالیزم نین و بۆئەمەش چەندین داتا ئامادەن، بەڵام ئێرە شوێنی خستنەڕوویان نییە. هەروەها ڕادیکاڵ، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە هیچ جۆرە پرۆژەیەکی ڕیفۆرمگەرا نییە و بە لۆژیکی هەڵکەندن لە ڕەگوڕیشەوە کاردەکات.

بەپێچەوانەی گرووپە نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکانەوە، ئەلقاعیدە وەک نموونە، داعش ستراتیژێکی تری گرتە بەر کە لە زمانی فەرەنسیدا ناوی دەنێین "ڕۆ-تێریتۆریالیزاسیۆن". ئەمە بریتییە لە گەڕان بەدوای ڕووبەرێکی جوگرافیدا بۆئەوەی چوارچێوەیەکی دەوڵەتی تێدا دروست بکرێت. دروستکردنی ئەم چوارچێوەیە لەنێوان مووسڵ و ڕەققەدا، وایکرد کە بەشێوەیەکی فیزیکی دوو بەرە دروست ببێت: بەرەی داعش و بەرەی دوژمنەکانی. من دوو ساڵ پێش ئێستا لەسەر کەناڵێکی فەرەنسی گوتم: سروشتی گرووپە نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکان، لەگەڵ چوارچێوەی دەوڵەتیدا ناگونجێت و تەنیا لە ئاستی "گلۆباڵ"دا دەتوانن درێژە بە تەمەن و مانەوەیان بدەن. کاتێک داعش لەم لۆژیکە لادەدات، بەدەستی خۆی تابووت بۆخۆی دروست دەکات.

ئەمڕۆ، دوو ساڵ پاش داگیرکردنی مووسڵ، سەرەداوەکانی کۆتایی داعش دەردەکەون. ڕێککەوتنی بارزانی و عەبادی، بە سەرپەرشتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەستنیشانکردنی کات و میتۆدی گرتنەوەی مووسڵ، دروست بەم ئاراستەیەدا دەمانبەن. بەڵام ئایا تراژیدیای عێراق بە لەناوچوونی داعش کۆتایی دێت؟ بێگومان نەخێر. بەپێچەوانەوە، لەناوچوونی داعش، دەکرێت سەرەتای دابەزین بۆ ئەو دۆزەخە بێت کە نزیکەی سەدەیەکە، نوخبە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا لێی دەترسن، دۆزەخی کۆتایی ئەو حیکایەتەی کە لەساڵی 1921 دا، ئینگلیزەکان ناویان نا: عێراق!

کێن ئەوانەی پاش داعش دەڕۆنە نێو شاری مووسڵەوە؟ سوپای عێراق، پێشمەرگە، حەشدی نیشتیمانی، سوپای هاوپەیمانان. بەڵام لەهەمانکاتدا هەموومان دەزانین کە لەگەڵ حەشدی نیشتمانیدا، سوپای تورکیاش، بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆی دەکات بەنێو مووسڵدا. هەروەها حەشدی شەعبیش کە چاپێکی دیکەی داعشی شیعییە، لەگەڵ سوپای عێراقدا دەچێتە شارەکەوە. دواتر پێموانییە هێزێک هەبێت بتوانێت ڕێگا لە گەریلاکانی پەکەکە بگرێت بۆ چوونە نێو مووسڵەوە. کۆبوونەوەی هەموو ئەم لێکدژانە لە پایتەختی سوننەکانی عێراقدا، بە قورسترین چەک و تەقەمەنییەوە، بە حیقدی چەندین ساڵەوە، بە ڕۆحی هەڵکێشراو لە خوێنەوە، بەسە بۆئەوەی کە سەرەڕای هەموو گوتارە جوانەکانی هاوپەیمانان و بەغدا و هەولێر، قەسابخانەیەکی گەورە لە مووسڵدا دروست ببێت کە زۆر تراژیدیتر بێت لە قەسابخانەکانی داعش! ئومێد دەکەم ئەم گریمانەیە هەرگیز نەیەتە دی.

بەدیوێکی دیکەدا، تەواوی ئەو ئاماژانەی کە لە 2013 وە بەغدای شیعەکان بۆ دەرەوەی دەنێرن، بەیەک ئاڕاستەدا کاردەکات، ئەویش بریتییە لە: دوورخستنەوەی سوننە لە دەسەڵات، دابەشنەکردنی دەسەڵات لەگەڵ سوننە و وێناکردنیان وەک تابووری پێنجەم. لەباشترین دۆخدا، شیعەکان ڕێگا بە ئامادەییەکی سوننی لە بەغدای سیاسیدا دەدەن کە بتوانن دەستەمۆ و ماڵی بکەن و لە بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکاری بێنن. لە 2003 وە، سوننەکان ئەم دۆخەیان قبوڵ نییە وستراتیژیەتی ماڵیکردنیان، بەکارتۆنیکردنیان ڕەتدەکەنەوە و لەنێو ئەم ڕەتکردنەوەیەشدا، چەندین گرووپی ڕادیکاڵیان بەرهەمهێناوە، یەکێک لەوانە داعشە.

ئایا پاش لەناوبردنی داعش لە عێراق، بەغدای شیعەکان ئامادەیە کۆمینۆتێی سوننە وەک تابووری پێنجەم تەماشا نەکات و بیکاتە هاوبەشی ڕاستەقینەی دەسەڵات؟ پێموایە زۆر بەدەگمەن توێژەرێک دەدۆزینەوە کە بە ئەرێنی وەڵام بداتەوە. نە سوننەکان متمانەیان بە ئایەتوڵڵاکانی بەغدا هەیە و نە ئایەتوڵڵاکانی بەغدایش خواستێکی لەم شێوەیە بە خولیای خۆیان دەزانن.

بەپێچەوانەی بەشێک لە توێژەرانەوە کە پێیانوایە دۆخەکە وەک جاران بەردەوام دەبێت، من پێموایە عێراقی پاش داعش، چیدی توانای هەرسکردنی دۆخی جارانی نییە، نە سوننەکان دەتوانن هەمان ژیانی مووسڵی پێش داعش بژین، نە شیعەکانیش ئامادەن دەستکاریی ستراتیژیەتی خۆیان لە بەرانبەر سوننەدا بکەن. بە گوزارشتێکی سادەتر، پاش ڕزگارکردنی مووسڵ، چەند لە ڕابردوودا کوردێک هەستی بەوە کردووە کە عێراقییە، هەر هێندەش سوننەیەک هەست دەکات ئینتیمای بۆ ئەو عێراقە هەیە کە لە 2003 وە ئایەتوڵڵا بەڕێوەی دەبەن. ئەو عێراقەی کە لە 1921 وە ناسیویانە، چیتر ئەو عێراقە نییە کە لە 2003 وە بیناکراوەتەوە. بۆیە من، وەک لە چەندین جێگای دیکەدا گوتوومە، پێموایە ئەوەی دوا بزمار لە تابووتی عێراقی ئێستا دەدات سوننەکانن! یەکەم مەترسی ئەم دوا بزمارەش لەسەر کورد بریتییە لەوەی کە چیتر سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەیەک نییە ئەکتەرە سیاسییەکان لەسەری ڕێککەوتبن، بەڵکو واقیعێکی کۆنکرێتیە و بەسەریاندا فەرز دەکرێت. بێگومان دەرئەنجامەکانی کارێکی لەم جۆرەش زۆر سەخت دەبن بۆ ئەو نوخبەیەی کە ئێستا لە هەرێمدا دەسەڵاتیان لەدەستە، چونکە خۆیان بۆ گریمانەیەکی لەم شێوەیە، لە دەرەوەی گوتارە ورووژێنەرەکان، ئامادە نەکردووە.



ڕابەر تەڵعەت

# ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەزموونی پاش کۆمۆنیزم

بەکارهێنانی چەمکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا، لە بنەمادا بونیادێکی سیاسی هەیە و سەر بە ئەدەبیاتی سەردەمی شەڕی سارد و دابەشبوونی جیهانە بەسەر دوو بەرەی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا. ئەگەرچی خودی جیاکردنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا بە تەنها پەیوەندی بە قۆناغی دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە نییە، بەڵکو لەمێژووی هاوچەرخی ئەورووپادا هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەمەوە، ئەم جیاکارییە وەک جۆرێک لە نیشاندانی ڕووی گەشەسەندووی ڕۆژئاوای ئەورووپا بەراورد بە ڕۆژهەڵاتەکەی بەکارهاتووە، بەڵام زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان هیچ بنەمایەکی کولتووری، جوگرافی و مێژوویی نابینن بۆ ئەم دابەشبوونە، تەنها ئەوە نەبێت کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە 1945، چەمکەکە واتا و ئاماژەیەکی تەواو سیاسی وەردەگرێت و دەبێتە بەشێک لەو دابڕانەی کە لەنێوان بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستی و ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا دروست دەبێت.

لێرەدا ئەگەر گریمانەی مانەوە و بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ ئێستاش بکەین، دەبێت قسە لە قۆناغی پاش کۆمۆنیزم و ئەزموونی وڵاتانی پۆست کۆمۆنیزم بکەین لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەورووپادا، نەک لە قاڵبی یەکێتی سۆڤیەت و لیبراڵیزمی خۆرئاواییدا. خودی تێپەڕاندنی ئەم دابەشبوونەش لەڕووی دەرفەت و بەربەستیشەوە، خۆی لە پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسیی وڵاتانی پۆست کۆمۆنیزم و هەڵکردن لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەورووپادا دەبینێتەوە. ئایا ئەو بۆشاییە چەندە کە لەڕووی بەدیموکراتیبوون و ئابووریی بازاڕدا، هێشتا لەنێوان ئەورووپای نوێ (وڵاتانی پۆست کۆمۆنیزم) و ئەورووپای خۆرئاوادا هەیە؟ لەماوەی دەیەی ڕابردوودا وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم پێشکەوتنی بەرچاویان لەڕووی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەوە بەخۆوە بینیوە، بەڵام هێشتا گومان لەسەر ئەوە هەیە کە بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپادا سەرکەوتوو بووبێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا هەیە. جیاوازی لە داهاتی ساڵانەی تاکەکان، توانایی لە بونیادنانی ئابوورییەکی بەرهەمهێن، چوونە ناو سیستەمی بازاڕی جیهانی و بونیادنانی توانایی سەرمایەداری، پەرەپێدانی پرۆژەی ئابووری و تێکەڵبوون لەگەڵ بەهاکانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا، لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناو یەکێتییەکەدا هێشتا گەورەیە و بۆ سەرکردەکانی جێگای نیگەرانییە.

لەڕووی سیاسییەوە، بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتانە لە یەکێتی ئەورووپادا، کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر بەرەوپێشبردنی ژیانی پەرلەمانی و دەرکەوتنی دامەزراوە دیموکراتی و مۆدێرنەکانی دەوڵەت، بەڵام هێشتا وڵاتانی ڕۆژهەڵات زۆریان لەپێشە بۆ ئەوەی بتوانن باڵانسێک دابنێن لەنێوان ڕۆڵی یاسا و ڕێزگرتن لە بنەما دیموکراسییەکان و دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا، ڕێزگرتن لە یاساکانی چاپەمەنی و ئازادیی میدیا و ڕادەربڕین و یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری و فەراهەمکردنی زانیاری لەبەردەم دامەزراوەکانی میدیا و چاودێریکردنی دەوڵەتدا، هێشتا لە ئاستی چاوەڕوانیی کۆمەڵگای ئەورووپیدا نییە و لەم بوارەدا وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم ڕەخنەی زۆریان لەسەرە. بەشێوەیەکی ڕۆژانەش خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵک سەبارەت بەم پرسانە لەسەر شەقامەکان دەبینرێت و کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپاش بەردەوامە لە ئاگادارکردنەوەیان.

دیارە لەڕووی کولتوورییەوە، ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان، لەڕووی مۆسیقا و ئەدەب و هونەرەوە، لەڕووی شانۆ و سەرجەم بوارە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانەوە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا نەک هیچیان لە ڕۆژئاوای ئەورووپا کەمتر نییە، بەڵکو لە گەلێک ڕووەوە بایەخی زیاتریان بۆ ئەم بوارانەی ژیان هەیە و پێشکەوتووتریشن.

ئەنجام، بەسەرنجدان لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە، بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی، بەتایبەت بۆ وڵاتانی لە نموونەی پاش کۆمۆنیزم یان تۆتالیتاریزم ئاسان نییە، تەنانەت ئەگەر دەزگایەکی زەبەلاحی وەک یەکێتی ئەورووپاش بە ماددی و مەعنەوییەوە لەپشتی بوەستێت. گواستنەوەی دیموکراسی، بەتەنها بە دامەزراندنی چەند دامەزراوەیەکی وەک پەرلەمان نایەتەدی، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی ئینستیتیوشناڵ لەڕووی یاساوە پشتگیریی بکرێت و پرۆسەیەکی گشتگیرە و دەست بۆ هەموو کەرتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبات. لە بابەتەکانی داهاتوودا بەردەوام دەبین لەسەر شیکردنەوەی ئەم پرۆسەیە و کاراکردنی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بەڵام لەڕێگای خوێندنەوەی ئەزموونی وڵاتانی پاش کۆمۆنیزمەوە لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more


# چۆپی هەڵناپەڕێ



« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




LEGACY
CONSTRUCTION